

چەسپاندنی شەرع
و پەیوەندی بە بنجەکانی دینەوە
وەرگێرانی
مامۆستا کرێکار
نوسینی
د. الصلاح الصاوی
چەسپاندنی شەرع
مامۆستا کرێکار

بسم الله الرحمن الرحيم

# چەسپاندنی شەرع و

## پەیوەندی بە بنجەکانی دینەوە

زانكۆی ئازادی سیاسی ئیسلامی

# چەسپاندنی شەرع و
## پەیوەندی بە بنجەکانی دینەوە


نوسینی

د. الصلاح الصاوي

وەرگێڕانی

مامۆستا کرێکار

# چەسپاندی شەرع


نوسینـــــــــی: د. صلاح الصاوی

وەرگێـــڕانـــــی: مامۆستا کرێکار

نەخشەســــــازی: ئیـــسـلامـڕەو

چـــــــــاپی: یەکەم

ســـــــــاڵی: ١٤٣٧ك-٢٠١٦ز

تیـــــــــراژ: ١٠٠٠ دانه

لە بڵاوکراوەکانی

زانکۆی ئازاي دیراساتی ئیسلامی(زادی)

پێشکەشە بە:

پیاوە جوامێرە
وورەبەرزەکانی ئیسلام
کە نە ماندوو دەبن و نەڕەشبین

مامۆستا کرێکار

بسم الله الرحمن الرحيم

انَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ ونَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، ونَعوذُ باللهِ مِنْ شُرورِ أنْفُسِنا ومِنْ سَيِّئاتِ أعْمالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. وأشْهَدُ أنْ لا الهَ إلا اللهُ وأشهَدُ أنَّ محمداً عَبدُهُ ورسُولُهُ.

يا أيُّها الذينَ آمَنوا اتَّقُوا اللهَ حَقَّ تُقاتِهِ ولا تَمُوتُنَّ إلاّ وأنْتُمْ مُسلِمونَ

يا أيُّها النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ الذي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ واحِدةٍ وخَلَقَ مِنها زَوجَها وبَثَّ مِنهُما رِجالاً كَثيراً ونِساءً واتَّقُوا اللهَ الذي تَساءَلُونَ بِهِ والارْحامَ إنَّ اللهَ كانَ عليكُمْ رَقيباً

يا أيُّها الذينَ آمنوا اتقوا اللهَ وقُولوا قَولاً سَديداً، يُصْلِحْ لَكُمْ أعمالَكُمْ ويَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللهَ ورسولَهُ فَقَدْ فازَ فَوزاً عَظيماً

أمَّا بعدُ: فإنَّ أصْدَقَ الحَديثِ كِتابُ اللهِ، وخَيرَ الهَدِي هَدْيُ محمدٍ وشَرَّ الامُورِ مُحْدَثاتِها، وكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وكُلَّ ضَلالَةٍ في النَّارِ.

# پێشەکی وەرگێڕ

## بۆ چاپی دووەم

هەرچەندە زیاتر لە پەنجا ساڵ بوو لە باشووری کوردستاندا بە ئەدەبیاتی ئیخوانولموسلیمین فیکری سیاسی ئیسلامی ناسراو بوو، کەچی بە داخەوە لەو ماوە زۆرەدا جەختێکی بە نوسینێکی ئوسوڵی لێ نەکرایەوە، شتێکی وا لەسەر سیستمی سیاسی و ئیدارەی دەوڵەت و مافی مرۆڤ لە دیدگای ئیسلامەوە نەنوسرا یان تەرجوومە نەکرا.. نە سەرچاوە کۆنەکانی ماوەردی و فەرِاء و قەلقەشەندی و دوەینی و غەزالی، نە دکتۆرانامەکانی سەردەم کە لەسەر موفرەداتەکانی سیستمی ئیسلامی و ئیدارییاتەکانی نوسرابوون.. ئەمەش کاریگەریی سلبی زۆری هەبوو! نەخوێندەوارییەکی سەیری لە ناو رابوونی ئیسلامیدا دروست کرد، نەخوێندەواری سیاسی ..

لەبەر نەبوونی فیکرێکی ئوسوڵی سیاسی رۆشن و ئامانجێکی سیاسی روون، جەماوەرێکی زۆری موسوڵمان و ئەهلی مزگەوت، تەنانەت زۆرینەی مەلاکانیش!! روویان لە ئیسلامیەکان نەکردو نەبوونە ووزەی پشتیوانی لێکردنیان! ئەمەش جێی تێڕامانە!

گومانی تێدا نیە یەکەم هۆکاری ئەمە پەی نەبردنی ئەوانەیە (مەلاکانیش) بە خیتابی سیاسی ئیسلامەکە، پاشان هەست نەکردنیانە بە جیاوازیی ئوسوڵی دیدو رێ و هەڵوێستی موسوڵمان و کافر.. خاڵێکی تریش ئاشکرا نەبوونی ئامانجی ئیسلامیەکانە، کە جورئەت ناکەن بڵێن: نا بۆ عەلمانیەت و دیدو رێ و هەڵوێست و سیستمی کوفرینی و بەڵێ بۆ سەروەریی شەرع و دەسەڵاتی میللەت..

سەیرە لەگەڵ بوونی بزوتنەوەیەکی ئیسلامی چەكدار لەو باشووری كوردستانە كە سێیەمین هێزی بێ موونافیسی ساحەكە بوو، خاوەنی خوێنی دوو هەزار شەهیدی ئیسلام بوو.. ئیسلامیەكان لە حكومەتەكانی ئەمبەرو ئەو بەری كوردایەتیدا بوون، كەچی ئەو مەقوولە چەواشەكارییەی عەلەمانیەكان كە دەیانووت: دین و سیاسەت پێكەوە ناسازێن و دەبێت لێك جودا بكرێنەوە! گوێی خەڵكێكی زۆری نوێژخوێنی ساویلكەی پێ ئاخنرابوو! زۆر جێی داخە كە ئەو داماوانە قەناعەتیان بەوە كردبوو كە ئەو عەلمانیانە راست دەكەن و ئەو خەڵكە هەموویان هەر موسوڵمانن، هەیانبوو سوێندی بۆ دەخواردین كە ئەگەر ئەو پارتیە دەسەڵات بگرێتە دەست حوكم بە قورئان دەكات!! ئای لەم گێلێتیە.. وای لەم هێڕێتیە ..

لەبەر ئەم دید لێڵییە گەورەیەی كەوتە ئاڕاستەی فیكریی و سیاسیمانەوە، بانگەوازە شارستانێتیەكەی ئیسلام بووە مەدرەسەیەكی ئەخلاقی و رابوونە ئیسلامیەكەمان لە پەروەردەی ئەخلاقی تاك و داب و نەریتی خێزاندا گیری خوارد.. هەزاران پیاوی چاكی موسوڵمان پەروەردە بوو، هەموو نموونەیی بوون، كە لە سەردەمی دزی و گزیی و گومڕایی كوردایەتیدا دانسقە بوون، بەڵام بەداخەوە لە نەبوونی ئیدارەو سیستمی خۆماندا - با ئیمارەتێكیش با - ئەو هەموو پیاوە پارسەنگەمان بێ قەدرانە بوونە سورەییای دیوانی وەزارەتە درۆیینەكان و كەرەستەی ئیدارەی حكومەتی جاهیلییەتی كوردایەتی!!

ئەمە لەسەرەتای رابوونەكەدا تا ڕادەیەك دەكرا بیانووی چاونەكراوەیی بۆ بهێنرێتەوە، بەڵام لە ناوەڕاستی نەوەدەكاندا نەدەكرا، بۆیە پێم وایە لە دوای ئەو

کاتەوە، لەگەڵ رەسەنکردنەوەی دیدو رێ و هەڵوێستی نەوە نوێیەکەی رەوتی سەلەفی جیهادی رابوونەکەدا کەمێك ئەو تەم و مژە رەوێنرایەوەو باسەکانی کوفرو ئیمان و هیجرەت و جیهادو حاکمێتی و چەسپاندنی شەرع و دارالاسلام و دارالکوفرو باقی موفرادەتە ئوسوڵییە سیاسیەکانیش هاتنە پێشەوەو دیدو رێ و هەڵوێستیان لەسەر بینا کرایەوە ..

پار کە ئەم کتێبەمان بۆ یەکەمین جار لە میسر چاپ کردو لە ئەوروپا بڵاومان کردەوە، سێ مانگی نەبرد نوسخەی نەما، موسوڵمانانی هەندەران دەتووت ئەمە ئەو باسەیە کە بەدوویدا دەگەڕان، لە کاتێکدا کتێبەکە موناقەشەیەکی سەرەتایی سەروەریی شەریعەتی ئیسلامە بە تێڕوانینێکی ئوسوڵیی.. ئەمە نامیلکەیەکی کورتە کە گەنجی موسوڵمانی کورد لەو بێ کات و مەجالیەیە ئەوروپایدا ئاوا عەوداڵێتی، ئەدی ئەگەر توێژینەوە بەرفراوانەکانی بخرێتە بەردەست چەند خولیای دەبێت و بەهەستی بەرپرسێتیەوە دەیکاتە بەرنامەی کار.. حەتمەن زۆر.. بەڵام دیارە کە ئێمەی ئاڕاستەوانی رابوونەکە کەمتەرخەم بووین لە نیشاندانی ئامانجی دنیایی بانگەوازی خوایی لە سیاسەت و حوکمڕانیدا..

هەر پار ئەمە بووە پاڵنەری چاپ کردنەوەی، بەڵام نۆرەی کتێبی تری خوێندن و رەوتەکە بوو، کە دەبوو ئەوانیش چاپ و بڵاوبکرێنەوە..

ئەمە چاپی دووەمی ئەم کتێبە نایابەیە (چەسپاندنی شەرع و پەیوەندی بە بنجەکانی دینەوە) کە شێخ صلاح الصاوي نوسیوێتی.. چاپی یەکەم وام زانی لە کوردستان دەیکەین، بۆیە ناوێکی خوازراو (ئەحمەد ناری)م لە جیاتی ناوی خۆم

دانا، بەڵام دواتر رامان هاتە سەر ئەوەی لە میسر چاپی بکەین، چونکە ئێمە مەبەستەکەمان گەیاندنی بوو بە قوتابیانی پەیمانگای ئیبنوتەیمییە[1] کە لە ئەوروپا لەسەر تۆڕی پاڵتۆکەوە دامان مەزراندووە، دواتریش دەشێت بیگەێنین بە ئیسلامخوازانی تر هەر لە دەرەوە..بەڵام وا ئەمجارەش هەر لە میسر چاپی دەکەینەوە والحمد لله پێویست بەوە ناکات ناوی ئەحمەد ناریەکەی لەسەر بمێنێت، خوای گەورەش لێمانی وەرگرێت.

بە داخەوە کاتی پێداچوونەوەی ووردیم نەبوو، بەڵام لەو روانگەوە کە مەتحی زیاتری کتێبەکەم پێدەگەیشتەوە وەك لە رەخنە گرتن لێی، دیارە الحمد لله پەسەند بووە.

هیوادارم خوای گەورە بیکاتە هۆکارێکی تێگەیشتنی نەوەی نوێمان لە کاریگەریی چەسپاندنی شەرع لەسەر دین و دینداریی و دژواریی کەناردان و پشت گوێ خستنی، یان ئیهمال کردن و هەوڵ بۆ نەدانی!

خوای گەورە بەرچاوی ئێمەش و ئێوەش بە نووری خۆی رۆشن کاتەوەو رێی راستی خۆییمان نیشانداو لە ژێر سایەی خۆیدا چاومان بە دیداری خۆی گەش کات.. ئامین..

**وَصَلَّى اللَّه عَلَى سَيِّدنَا مُحَمَّد وَعَلَى آله وَصَحْبه وَسَلَّمَ تَسْلِيمًا كَثِيرًا**

کرێکار/ ئۆسلۆ

١٤٣١/١٠/١٣ - ٢٠١٠/٩/٢٢

---

[1] لەگەڵ دامەزراندانی ئامادەیی ئامەد، ئەم کتێبە بۆتە دەرسی پۆلی یەکەمی ئامادەییەکە کە سێ قۆناغە.

## پێشەکی وەرگێڕ

### بۆ چاپی یەکەم

ئەوەی کە نەدەبوو موسوڵمانان ئەوەندە لێی خەمسارد بن، مەسەلەی حاکمێتی دینی خواو چەسپاندنی شەریعەتەکەیەتی، چونکە موسوڵمان و کافر ئەوە دەزانن کە ئەم ئیسلامە زیاتر لە هەزارو سێ سەد ساڵ حوکمی نیوەی سەر زەمینی ئەو زەمانەی خۆی بەم شەریعەتە دەکرد، تەنها ئەم شەریعەتە سەرچاوەی یاساو رێساو دەستووری بوو، ئەدی چۆن ئێستا ئاوای لێ هاتووە کە خەڵکێکی کەم نەبێت کەس لە موسوڵمانان بە بە مەیدانی یەکخواپەرستی و شیرکی دانانێن؟!تەنانەت هەندێ موسوڵمانی هۆشیاریش کە بەرگری لە حاکمێتی ئیسلام دەکەن بە بەشێك لە عەقیدەی نازانن! هەر وای حسێب دەکەن کە سیاسەتی شەرعییە نەك کرۆکی عەقیدەکە! ئەمەش بە راستی حاڵی نەبوونە لە خودی عەقیدەکە، ئینجا لە شەریعەتەکە.. بۆیە بەراستی ئەرکێکی سەرەکی رابوونی ئیسلامییە ئەم مەسەلە عەقائیدییە بوروژێنێت و قەبارەی خۆی بداتێ و بیخاتەوە قاڵبی خۆی، ئەم رەنجەی نوسەری بەڕێزیش دکتۆر صلاح الصاوي لەو بوارەدایە، چونکە بەم کتێبەو بە کتێبەکانی تریشی تیشکی باشی خستۆتە سەر عەقائیدێتی ئەم باسە.

نوسەر یەکێکە لە زانا عەمامە پاکەکانی ئەزهەری میسر کە دەسەڵاتدارانی میسر نە بە موخابەراتیان و نە بە رەسمێتی ئەزهەرو ئەوقافیان نەیانتوانی دەستەمۆی کەن، دکتۆر سەلاح لەو کاتەوە لەسەر ئاستی میسرو دەرەوە ناسرا کە بە رەسمی لەگەڵ شێخ محمد الغزالی رەحمەتی بوونە لایەنی بەرگری لە

چەسپاندنی شەریعەتی ئیسلام لەو موناقەشانەدا کە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابوردوودا لە میسر کرا کە فەرەج فۆدەو حامد ئەبو زەید لە بەرەی عەلەمانیەکاندا بەشداریان تێدا دەکرد.

دکتۆر سەلاح نوسەری زۆر کتێبە، لە ساڵی ١٩٩٢ دا هەشت کتێبی نووسی (ئەم کتێبەی بەردەستتان یەکێکە لەوانە )..

دکتۆر موفتیەکی متمانە پێکراوی سەردەمەو ماڵپەڕی تایبەتی خۆی هەیە، جگە لەوەی کە لە گەڵ دکتۆر جەعفەر شێخ ئیدریس سەرپەرشتی خوێندنی شەرعییە، لە ئەمریکاوە بە موراسەلە..

ئومێدەوارین کتێبەکە بە کوردیش ئەو رۆڵەی خۆی هەر ببینێت کە بە عەرەبیەکەی بینویتی.. خوای گەورەش پاداشتی خێری نوسەرو وەرگێڕو بڵاوکارو خوێنەرانی بداتەوە.. ئامین

**١٤٢٦ك /٢٠٠٥ز**

## پێشەکی نوسەر

ئەم مەسەلەیە زۆر دژوارە، جیددیەو جێی گاڵتەو گەپی تێدا نابێتەوە حەقەو جێی گومانی تێدا نییە، روون و ئاشکرایەو بواری دید لێڵی و تەم و مژی تێدا نییە، ئەمە دوو رێیانی نێوان کوفرو باوەڕە، سنووری نێوان یەکخواپەرستی و زۆرخواپەرستییە، ئەمە ئەو مەیدانی دەبەرێك راچوونەیە کە دوژمنانی ئیسلام رایانکێشاوینەتە ناویەوە، کە سوورن لەسەر ئەوەی دینەکەمانی تێدا ببەزێنن، سوورن لەسەر ئەوەی شەریعەتەکەمانی تێدا بدەنە بەر گورزی قینی هەندێك لەو بەزیوانەی لە تیرەی خۆمانن و بە زمانی خۆمان قسە دەکەن و بە هیوای کەنار خستنی! بۆ ئەوەی ئەوانەی پشتی پەردە دڵۆپە خوێنێك برێژن!!

ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە هەڵوێستی جەماوەری موسوڵمانانەوە هەیە بەرامبەر بە مەسەلەی چەسپاندنی شەریعەتی ئیسلام..

دژواری ئەم مەسەلەیەش لەوەوە دێت کە پەیوەندی بە حوکمێکی بچوکی شەرعەوە نییە، وەکو هاندانی خەڵکی لەسەر ئەنجامدانی فەرزێك یان جێبەجێ کردنی سوننەتێك، یان بەرهەڵستی کەسێك لە حەرام خواردنێك یان ئەنجام نەدانی گوناحێك، بەڵکو پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە بنەماکانی دینەوە، بە بناغەکانیەوە، بگرە بە دژوارترین و گرنگترین بنجیەوە، راستەوخۆ پەیوەستە بە شایەتمانەکەوە، بە سەرەتای هاتنە ناو ئیسلامەوە..

بابەتی ئەم نووسینە پەیوەندی بە باوەڕی پێویست (الایمان الواجب)ە وە نییە کە خەڵکی لە هەبوونیدا سێ پلەن: ئەوی ستەمی لە نەفسی خۆی کردووە، ئەوی مام ناوەندییە، و ئەوی بە پشتیوانی خوا پێشبڕکێیەتی بۆ کاری چاکە. بەڵکو

پەیوەندی بە یەکخواپەرستییەوە هەیە، ئەو جۆرە یەکخواپەرستییەی کە هەر لەسەرەتاوە ئیسلامەتی لەسەر ئەو نەبێت، دانامەزرێت. ئەوەی کە خەڵکی بە گوێرەی هەڵوێستیان لێی دەبنە دوو پۆل: کافرو موسوڵمان. ئەوی لە هەر کەسدا هاتە دی ئەوە موسوڵمانەو ئەوی تێیدا نەهاتە دی ئەوە ئیسلامی کەنار خستووەو کافر بووە.

بابەتی ئەم کتێبە یەکێکە لە کێشە سەرەکیەکانی عەقیدەی ئیسلامی کە هەڵوێستی دۆستایەتی یان دوژمنایەتی لەسەر دیاری دەکرێت، ئەم بابەتە لەو مەسەلانە نییە کە لای جەماوەری موسوڵمانان بە لقە ئەحکامی شەرعی بناسرێت، لەوانە نییە کە لە لای موسوڵمانان ناگەنە ئاستی نەگۆڕە ئیمانییەکان و دابینە عەقائیدییەکان، کە بە شێوەیەکی گشتی رای خەڵکی دەربارەی گرنگی و کاریگەری و وەرگرتنی، یەك یان فرە دەبێت. نا، ئەم باسە لای ئەو کەسانەی دەیانەوێت بە موسوڵمان بناسرێن کرۆکی عەقیدەو تەوەری ئیسلامەتییە.

ئەم باسە کێشەی بوونی ئیسلامەتییە، هەر ئیسلامەکە خۆی ئەمەیە، وەرگرتنی حاکمێتی و مافی شەرعنووسی خوای پەروەردگار واتە قبوڵ کردنی ئیسلام، دوو دڵی و دڵە راوکەو راڕاییش لە قبوڵ کردنیدا واتە دوو دڵی و راڕایی لە وەرگرتنی خودی ئیسلام..

مەگەر ئیسلام بریتی نییە لە خۆتەسلیم کردن بە خوای خاوەن؟!مەگەر بریتی نییە لە بەراست زانینی پەیامەکەی و وەرگرتن و جێبەجێ کردنی؟!

مەگەر ئەو باوەڕ هێنانەی ئیسلامەکەی لەسەر دادەمەزرێت بریتی نییە لە بەراست زانینی هەواڵ و ملکەچ کردن بۆی ( تصديق الخبر والإنقياد لأمر).

مەگەر ئەو کوفرەی سزاکەی ئاگری هەتا هەتایی دۆزەخە بریتی نییە لە بە درۆخستنەوەو گوێ پێ نەدان ( التكذيب والإباء ) ؟!

چما ئەو کەسەی پەیامی خوا بە درۆ دەخاتەوەو گوێی پێ نادات، یان شەریعەتەکەی وەرناگرێت و دەیخاتە لاوە یان بەربەرەکانێی دەکات، مسقاڵە زەڕەیەك باوەڕی دەمێنێت؟!!

ئەمەی وا بە خێرایی ووتمان ئەو چوارچێوە راست و دروستەیە کە پێویستە ئەم مەسەلەی بخرێتە ناو، تا هەنجەتی هەموو لایەك ببڕێت و کەس بەهانەی نەمێنێت، باس کردن و پێناسە کردن و تەرح کردنی ئەم مەسەلەیە لە غەیری ئەم چوارچێوەی ووتمان، فێڵ و درۆو دەلەسەو دەستی دەستی پێ کردنە، خۆ دزینەوەو هەڵ خەڵەتاندنە، یەق پێ کردنەوەی مەسەلەکەو بێ بایەخ کردنێتی، تا زەمینەی مساوەمە کردن لەسەری بۆ دین پەنچەران بڕەخسێت و سەرەتایەکیش بێت بۆ واز لە دین هێنان و هەڵگەڕانەوە لێی..

بەربەستی گەورەو لەمپەری ناقۆڵای بەردەم ئەم مەسەلە شەرعیە - لەم چەند ساڵانەی دواییدا- هەر ئەمە بوو کە نەدەوویسترا لەم چوارچێوە دروستەیدا بخرێتەوە بەر باس و لێکۆڵینەوە! لە گەورەو گرنگی ئەم بابەتە خۆیەتی کە خوای گەورە ئاوا خستوێتیە ناو ئەو چوارچێوە عەقائیدییەوە! بەڵام دین پواوان دەیانەوێت هەر چۆنێك بێت لەو چوارچێوە گرنگەی دەریهێنن. تا بیخەنە ریزی مەسەلەیەکی فیقهی سەردەمەوە کە هێشتا خۆی نەگرتووە! ئینجا بکەونە تانەو تەشەر لێدان و گومان دروست کردن لەوەی کە ئایا بۆ ئەم سەردەمەی ئێستای ئێمەش هەر شیاوەو دەگونجێت؟!ئایا دەتوانرێت بخرێتە کار؟!

ئەم شل گیرییەش بوو كە بووە مایەی چاو رۆشنی هەندێك لە ناحەزانی ئیسلام و خۆشحاڵییان، بۆ خەم دەحەوانەوەو بۆ خەفەت سەریان دەكردە سەر سەرینی خەوی قورسییان! چونكە دەیانبینی وا لە ناو (ئەهلی ئیسلام) خۆیەوە، خەڵكانێك پەیدا بوون، گومان لە شیاوێتی جێبەجێ كردنی شەریعەتەكەی خوا دەكەن! و دوودڵن لە توانای راپەڕاندنی!! هەندێكی تریش لە رەنجی ئەوەدان خەڵكی لێ پەشیمان كەنەوەو ئەو كەسانەی داوای چەسپاندنی دەكەن بە جۆرەها تاوان تۆمەتبار بكەن و داعیان و شەرعخوازان بە نەناسراوی و نەزانین ناوزەد بكەن!![1]

كەوا بوو ئەهلی عیلم و شەرعناس و زانایان چارێكی تریان لەبەر دەمدا نییە غەیری روون كردنەوەی حەقیقەتی ئەم كێشە سەرەكییە عەقائیدییە، حەتمەن دەبێت داعیەكان خەریكی رۆشن كردنەوەو بەیان كردنی ئەم باسە بن، ئەم قسە حەقە بە رووی هەمواندا - بێ ترس و بێباكانە- بكەن. تا ئیقامەی حوجحە لەسەر ئەو خەڵكە بكرێت و كەس هەنجەتی نەمێنێت، كەس نەڵێت لام رۆشن نەبوو، نەمدەزانی مەسەلەیەكی ئەوەندە گەورەو گرنگە.. شەرعناسان دەبێت زیرەكانەو بێ ترس و خەم ئەم راستیانە بە هەموو ئوممەتەكە - حاكم و هاووڵاتیان - بگەیێنن، تا ئەوی وەری دەگرێت و پێوەی پابەند دەبێت پێوەی بمرێت و ئەوی وەری ناگرێت و رەفزی دەكاتەوە با هەر لەسەر ئەو حاڵەی بناسرێت و ئاواش بمرێت.. خوای گەورە دەفەرمویێ: (قُلْ إِنِّي لَن يُجِيرَنِي مِنَ اللَّهِ أَحَدٌ وَلَنْ أَجِدَ مِن دُونِهِ مُلْتَحَدًا * إِلَّا بَلَاغًا مِّنَ اللَّهِ وَرِسَالَاتِهِ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ

[1] لە هەمووی سەیر تر ئەوەیە كە لە توركیا ووشەی ( شەریعەتی، و شەریعەتچی) جنێوە!! و

وَرَسُولَهُ فَإِنَّ لَهُ نَارَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا) الجن/٢٢-٢٣ واته: بڵێ: بەراستی گەر خوای گەورە بیەوێت تووشی زیانێکم بکات، کەس ناتوانێت من لە خوای گەورە پەنادا و وا لە خۆیم گرێت تا خوای گەورە هیچم لێ نەکات! من گەیاندنی پەیامەکەی خوام لەسەرەو دەبێت بیگەیێنم، ئەوی لە خواو پێغەمبەرەکەی خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ  یاخی دەبێت، ئەوە با دڵنیا بێت کە ئاگری دۆزەخی بۆ تەرخان دەکرێت و بە نەمری وهەتا هەتایە تێیدا دەمێنێتەوە.. هەروەها دەفەرموێ: (إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلَ اللّهُ مِنَ الْكِتَابِ وَيَشْتَرُونَ بِهِ ثَمَنًا قَلِيلاً أُولَئِكَ مَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ إِلاَّ النَّارَ وَلاَ يُكَلِّمُهُمُ اللّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلاَ يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ) البقرة/١٧٤ واته: ئەوانەی ئەو تەعلیماتانەی خوا دەشارنەوە کە ناردوێتیە خوارەوەو  لە پەیامی خۆیدا باسی کردووە (هەر لەبەر خاتری ئەوەی نرخێکی کەمی دنیاییان دەست کەوێت ئەم هەڵوێستە دەفرۆشن) ئەوانە گەدەیان بە غەیری ئاگر پڕ ناکەن!  خوای گەورەش لە رۆژی دواییدا نە لەگەڵیاندا دەدوێت، نە لە چڵك و چەپەڵی گوناحەکانیشیان پاکیان دەکاتەوە، لەسەر ئەوەشەوە سزای بە ژانیان دەبێت..

دیسان دەفەرموێ: (إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى مِن بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ أُولَئِكَ يَلعَنُهُمُ اللّهُ وَيَلْعَنُهُمُ اللَّاعِنُونَ * إِلاَّ الَّذِينَ تَابُواْ وَأَصْلَحُواْ وَبَيَّنُواْ فَأُوْلَئِكَ أَتُوبُ عَلَيْهِمْ وَأَنَا التَّوَّابُ الرَّحِيمُ) البقرة/ ١٥٩-١٦٠ واته ئەو کەسانەی کە بەرنامەو رێنمایی و ئەحکامەکانی ئێمە دەشارنەوە  دوای ئەوەی کە خۆمان لە پەیامەکاندا بۆ خەڵکیمان روون کردۆتەوە، ئا ئەوانە خوا نەفرینیان لێ دەکات و نەفرین کارانیش هەر تف و لەعنەتیان دەکەن. مەگەر

ئەوانەی کە تەوبەیان کردووەو چاکسازییان ئەنجامداوەو ئەو بڕیارو ئەحکام وحەقیقەتانەیان - کە پێشتر شاردبوویانەوە - سەر لە نوێ بۆ خەڵکەکە روون دەکەنەوە، ئەوانە تۆبەکەیان لێ وەردەگرم، من خۆم هەموو جارێك تۆبەو پەشیمان بوونەوە قبوڵ دەکەم وخۆشم دلۆڤان و میهرەبانم..

ئیمامی ئیبنو کەثیر رەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: (ئەمە هەڕەشەیەکی زۆر توندو سەختە بۆ ئەو کەسانەی ئەو پەیام و ئەحکامانە دەشارنەوە کە پێغەمبەران لە خوای گەورەوە هێناویانە، کە هەمووی بڕیاری مەحکەمەو بۆ هێنانەدی مەبەستی دروست و رێنمایی راست و ئاسودەیی دڵان نێرراوە، دوای ئەوەی کە خوای گەورە خۆی هەمووی لە پەیامەکانی خۆیدا بۆ بەندەکانی روون کردۆتەوە..

ئیمامی نەووەویش رەحمەتی خوای لێ بێت، دەفەرموێ: (دیوانە متمانە پێکراوەکانی سوننەتی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەو حەدیسە جوانەیان بۆ تۆمار کردووین کە تێیدا دەفەرموێ: (الدِّينُ النَّصيحةُ) واتە دین بریتییە لە ئامۆژگاری، ووتمان: ئەی پێغەمبەری خوا، هی کێ و بۆ کێ؟ فەرموی: (للهِ ولِكتابِهِ ولِرَسولِهِ ولأئِمَةِ المُسلِمينَ وعَامَّتِهم)[1] واتە: وەرگرتنی ئامۆژگاری خواو پێغەمبەرو پەیامەکەی، هەروەها ئامۆژگاری کردنی هەموو موسوڵمانان و پێشەوایانیان.

ئیمامی نەووەوی و خەتتابی و ئەوانی تریش دەفەرموون کە مەبەست لە پێشەوایان لەم فەرموودەدا خەلیفەو سەرۆك و ئەو فەرمانبەرو کاربەدەستانەن

[1] صحيح مسلم بشرح النووي ٢/٣٨-٣٩

کە کاروباری موسوڵمانانیان بەدەستە..[1] کەوا بو هەر کەس دەسەڵاتێك لە ناو موسوڵماناندا بگرێتە دەست دەچێتە ناو بازنە مانای ئەم ووشەیەوە..

لە نێو ئەو ئامۆژگاریانەی کە دەبێت دەسەڵاتدارانی پێ بکرێت، بیرهێنانەوەی ئەو حەقەیە کە لە یادیان چووە، یان وازیان لێ هێناوە! هەروەها هاوکاری و یارمەتیدانیان بۆ پابەند بوون پێوەی و مل بۆ کەچ کردن و راپەڕاندنی..

ئەمما ئامۆژگاری گشتی موسوڵمانان بە رێنمایی کردنیان دەبێت بۆ بەرژەوەندی دنیاو قیامەتیان، بە دوور خستنەوەی ئازارو نارەحەتی دەبێت لێیان، بە فێرکردنی ئەو ئەحکامە دینیانەیە کە نایزانن، بە هاوکاری کردن ویارمەتی دان وهاندانیانە بۆ زیاتر پابەند بوونیان بە شەریعەتەکەی خواوە، بە فەرمان پێ کردنیانە بە چاکە و بەرهەڵستی کردنیان لە خراپە، بە پاراستنی ئابڕوو ناموس و سامان و ماڵیان دەبێت، بە داپۆشین و چاوپۆشینە لە عەورەت و عەیب و عاریان، بە هێنانی سوودە بۆیان و دوورخستنەوەی زیانە لێیان، بەوە دەبێت کە چیت بۆ خۆت پێ خۆش بوو بۆ ئەوانیشت پێ خۆش بێت، چیت بۆ خۆت دەبوغزاند بۆ ئەوانیشی ببوغزێنیت..

لەبەر ئەم هۆیانەیە وا ئەمڕۆ ئەم نووسینە دەخەینە بەر دەستی جەماوەری موسوڵمانان، تا ئەم مەسەلە شەرعیە لە چوارچێوە دروست و ڕەواکەی خۆیدا دانێنەوەو دەرك بەوە بکەنەوە کە ئەمە کێشەیەکەو پەیوەندی راستەو خۆی بە خوا بەیەکناسین ( تەوحید)ە وە هەیە، کە بە بێ ئەم ئیسلامەتی دانامەزرێت. تا ئەم باسە لای هەموان روون و ئاشکرا بێت، با ئەوی وەری دەگرێت وپێوەی پابەند

---

[1] هەمان سەرچاوە.

دەبێت و دەیەوێت، ئاوا بژی وبمرێت، ئەوی ناشیەوێت ودەیەوێت بێ گوێدانە ئەم مەسەلەیە بژی و بمرێت، با بە کەیفی خۆی بکات.. هیوام وایە هەموو مسوڵمانێك بە ووردی بیخوێنێتەوەو وورد سەرنجی بدات، پاشان با جار لە دوای جار سەیری واقیعی ئێستای خۆی و موسوڵمانان بکات بزانێت ئەوان و ئەحکامە شەرعیەکان چەند لێك دوورن!

با هەر یەك لە موسوڵمانان تەحەموولی بەرپرسی خۆی لای خوای پەروەردگاری بکات، با عەقیدەکەی بە ساغی و تەواوی راگرێت و نەهێڵێت قەرزاری لای خوای گەورە ببێت، با بە باوەڕی تەواوو رووی سوورەوە بگاتەوە لای خوای خاوەنی.. نەبادا بکەوێتە ریزی ئەو کەسانەوە کە خوای کارزان دەربارەیان فەرموویەتی: (وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ مَاذَا أَجَبْتُمُ الْمُرْسَلِينَ * فَعَمِيَتْ عَلَيْهِمُ الْأَنبَاء يَوْمَئِذٍ فَهُمْ لَا يَتَسَاءلُونَ)القصص/٦٥-٦٦ واتە: رۆژێك دێت کە بانگیان دەکات و پێیان دەفەرموێ: کوا بزانم چۆنتان وەڵامی پێغەمبەران دایەوە؟!ئەوانیش لەبەر سەختی ئەو رۆژە هەموو هەواڵ و باسێك لە بیر دەکەن (هەموو شتێکیان بیر دەچێتەوە ) تەنانەت ناپەرژێنە سەر پرسیار کردن لە یەکتریش!!

چەند جوان و بەسوودە موسوڵمان پێش مردنی شتی بیر خرێتەوە، چەند جوان و بەسوودیشە، پش مردنی سەرکەوتوو بێت لە گەڕانەوە بەرەو خواو پابەند بوون و دینداری، تا لەمسەری ژیانی دنیایەوە توێشووی قیامەتی لە کۆڵ دا، تا پێش مردنی مشووری پاش مردنی بخوات پێش ئەوەی بانگەوازی رۆژی دوایی بدرێت بە گوێیداو لەگەرمەی سەرقاڵییەوە بە دنیاو مامەڵەی بازاڕییەوە رایفرێنێت.. ئیدی نە فریای وەسێت دەکەوێت و نە فریای سەردانی ماڵ و

مندالّەکەشی دەکەوێتەوە: (فَلَا يَسْتَطِيعُونَ تَوْصِيَةً وَلَا إِلَى أَهْلِهِمْ يَرْجِعُونَ)

يس/٥٠.




سورەتی ئەعراف : ٥٤

# بەشی یەکەم

## راپەڕاندنی شەرع و پەیوەندی بەپەروەردگارێتی و پێغەمبەرێتی و ئیسلامەوە

ئەوەی دەمەوەری و راڕایی هەڵناگرێت و بەڵگەنەوویستە ئەوەیە کە ئیسلامەتی واتە راپەڕاندنی شەرع، چونکە ئەمە ئەو دووڕیانەیە کە وا لە نێوان کوفرو باوەڕدایە. بە راست زانین و وەرگرتن و جێبەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلام واتە باوەڕ هێنان بە خوایەتی خواو بە پێغەمبەرێتی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆیە دەمەوەری کردن و جەنگ و جیدال و خۆ تەسلیم نەکردن پێی، یان بە درۆخستنەوەو رەتکردنەوەی، کافر بوونێکی رەهایەو زەرەیەك باوەڕ بە خاوەنەکەیەوە ناهێڵێتەوە.

ئێمەش لەم روانگەیەوە ئەم پرسیارە لە جەماوەری موسوڵمانانی ئەمرۆمان دەکەین: مەگەر خاڵی زەقی نێوان کوفرو باوەڕ بریتی نییە لەوەی کە دەبێت وا باوەڕ بە خوا بهێنێت کە پەروەردگارەو محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێغەمبەری نێرراوی ئەوەو ئیسلامەکەش بەرنامەو پرۆگرامی ئەوە بۆ مرۆڤایەتی ناردووە؟!مەگەر ئەمە مەبەستی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نییە کە فەرموویەتی: (ذَاقَ طَعْمَ الإِيمَانِ مَنْ رَضِيَ بِاللَّهِ رَبًّا، وَبِالإِسْلاَمِ دِينًا، وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولاً)[١] واتە: هەر کەس رازی بێت بەوەی خوا پەروەردگارێتی و ئیسلام بەرنامەیەتی و محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێغەمبەرێتی، ئەوە لەزەتی لە باوەڕ کردووەو چێشتوێتی، یان: (مَنْ قالَ

[١] أحمد ٢٠٨/١(١٧٧٨)، مسلم ٤٦/١(٦٠).

رَضيتُ بِاللهِ رَبَّاً، وَبِالإِسلامِ ديناً وَبِمُحَمَدٍ نَبياً وَجَبَتْ لَهُ الجَنَةُ)[١] واتە: هەر کەس بڵێ: رازیم خوا پەروەردگارم بێت و ئیسلام بەرنامەم بێت و محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێغەمبەرم بێت، فەرزە بەهەشتی بە نسیب بێ.

مەگەر ئەمانە هەر هەمان پرسیار نین کە دوو فریشتەکان دوای مردنی مرۆڤ دێنە سەری و دایدەنیشێنن و لێی دەپرسن کە کێ خواتە؟ دینت کامەیە؟ رات دەربارەی ئەو پیاوە چییە کە لە ناوتاندا بە پێغەمبەر هەڵبژێررابوو؟ ئەگەر کەسێك ئیعتیرافی بە پەروەردگارێتی خواو پێغەمبەرێتی محمد و ئیسلام نەکرد چما فڕی بە ئیسلامەتییەوە دەمێنێت؟

## یەکەم: چەسپاندنی شەرع و پەیوەندی بە پەروەردگارێتی خواوە:

ئایا هەر بەوەندەی کەسێك دان بەوەدا بنێت کە خوا هەیە، مانای وایە بە پەروەردگارێتی خوای گەورە رازی بووە؟!یان هەر بەوەندەی سیفاتەکانی بناسێت و باوەڕی وابێت کە خوا کردگارەو رۆزی دەرەو کارگێڕی هەموو گەردوونە، مانای وایە بەوە رازی بووە کە خوا پەروەردگارە؟!نەخێر.. خۆ خوای گەورە شایەتی ئەوە دەدات کە کافرو موشریکەکانی سەردەمی هاتنە خوارەوەی وەحی بۆ پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە مەککە و شوێنەکانی تر دانیان بەوەدا دەنا کە خوای گەورە هەموو ئەو سیفەتانەی سەرەوەی هەیە! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر بە

---

[١] أخرجه ابن حبان والحاكم عن أبي سعيد بإسناد صحيح (صحيح الجامع الصغير/الالباني ٢/١٠٩٧).

کافری حسێب کردن و لە زەلکاوی کوفردا هێشتنیەوە. هەر بەوەندەی کە باوەڕیان وا بوو کە خوا هەیەو سیفەتی خەڵق کردن و رۆزی دان و هەڵسوڕاندنی ژیان و گەردوونی (وەك ژیاندن ومراندن وباران بارین و گێڕانی چەرخی گەردوون و.. هتد) هەیە، هەر بەمەندە نەیخستنە ناو بازنەی ئیسلامەتییەوە..

خوای پەروەردگار دەفەرموێ: (قُل لِّمَنِ الْأَرْضُ وَمَن فِيهَا إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ * سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ * قُلْ مَن رَّبُّ السَّمَاوَاتِ السَّبْعِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ * سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ * قُلْ مَن بِيَدِهِ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ * سَيَقُولُونَ لِلَّهِ قُلْ فَأَنَّى تُسْحَرُونَ * بَلْ أَتَيْنَاهُم بِالْحَقِّ وَإِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ)المؤمنون/٨٤-٩٠ واتە: پێیان بڵێ: گەر راست دەکەن و شارەزان، ئەم زەمینەو هەرچی تێیدایە هی کێیە؟ ئەوسا دەڵێن: هی خوایە بڵێ: ئەدی بۆچی یاد ناکەن؟ پێیان بڵێ: کێ کردگاری حەوت ئاسمانەکانەو کێ خاوەنی ئەو عەرشە گەورەیەیە؟ هەر دەڵێن: خوایە، بڵێ: ئەدی بۆچی لێی ناترسن و پاریزکاری ناکەن؟ پێیان بڵێ: خاوەنێتی هەموو شتەکان هی کێیە؟ گەر راست دەکەن و شارەزان، باشە، کێیە کە پەنای بۆ دەبەن لە کاتێکدا کە ئەو پێویستی بە پەناو داڵدەی کەس نییە؟ هەر دەڵێن: خوایە، بڵێ: ئەدی بۆچی خۆ گەلۆر دەکەن؟ ئەو ناپەرستن و ڕوو دەکەنە بت! ئێمە بە پەیامی حەقەوە هاتووینەتە لایان بەڵام ئەوان خۆیان درۆزنن..

سەرنج بدە بڕیار و ئیعتیراف کردنەکەیان کە: خاوەنی زەمین و هەرچی تێدا هەیە خوای گەورەیە، ئەویش خاوەنی ئاسمانەکان و زەمین وعەرشی مەزنە، هەموو

کاروبارێك بەدەست ئەوەو ئەو پەنای بێ پەنایانەو هانا بۆ ئەو دەبرێت، کەچی لەگەڵ باوەڕ بوونیاندا بەم هەموو سیفەتانەی خوای گەورە هەر لەسەر شیرك و کوفری خۆیان مانەوەو سوور بوون لەسەری!!

خوای پەروەردگار دەفەرموێ: (قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِن السَّمَاء وَالأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ السَّمْعَ والأَبْصَارَ وَمَن يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيَّتَ مِنَ الْحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ الأَمْرَ فَسَيَقُولُونَ اللّهُ فَقُلْ أَفَلاَ تَتَّقُونَ * ذَلِكُمُ اللّهُ رَبُّكُمُ الْحَقُّ فَمَاذَا بَعْدَ الْحَقِ إِلاَّ الضَّلاَلُ فَأَنَّى تُصْرَفُونَ) يونس/٣١-٣٢ واتە: بڵێ: کێ لە ئاسمان و زەمینەوە ڕۆزیتان دەدات؟ یان کێ کۆنترۆڵی بیستن و بینینتان دەکات؟ کێ زیندوو لە مردوو، مردوو لە زیندوو دەردەهێنێت؟ کێ ئیدارەی کاروبارو بکەری ڕوداوەکانە؟ هەر دەڵێن: خوایە! دە پێیان بڵێ: ئەدی بۆچی پارێزکاری خوا ناکەن و لێی ناترسن؟ ئەوە خوایە کە کردگاری بەحەقی ئێوەیە، مەگەر هەر شتێك لە حەق بترازێت، ناکەوێتە گومڕاییەوە؟ ئیدی بۆچی خۆ هەڵە دەکەن و لە ڕێی ڕاست لادەدەن؟!

هەروەها دەفەرموێ: (وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْض وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ فَأَنَّى يُؤْفَكُون * اللَّهُ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاء مِنْ عِبَادِهِ وَيَقْدِرُ لَهُ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ * وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّن نَّزَّلَ مِنَ السَّمَاء مَاء فَأَحْيَا بِهِ الْأَرْضَ مِن بَعْدِ مَوْتِهَا لَيَقُولُنَّ اللَّهُ قُلِ الْحَمْدُ لِلَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ) العنكبوت/٦١-٦٣ واتە: ئەگەر لێیان بپرسیت: کێ ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە؟ کێ خۆرو مانگی ئاوا مەیسەر کردووە؟ دەڵێن: خوا! بڵێ: ئەدی بۆچی فریوو دەخۆن؟ هەر خوایە کە ڕۆزی و بژێوی بە هەر کەسێك خۆی حەز کات، دەبەخشێت، یان لێی دەگرێتەوە (بۆ تاقی کردنەوەی باوەڕو پابەندیەکەی لێی کەم دەکاتەوە) خوا خۆی

بە هەموو شتێك بەئاگاو زانایە. ئەگەر لێیان بپرسیت کە کێ ئاو لە ئاسمانەوە دەبارێنێت تا زەوی دوای مردنی پێ ببوژێتەوە و زیندوو ببێتەوە؟ ئەوە حەتمەن بە دڵنیاییەوە دەڵێن: خوا!! بڵێ: سوپاس بۆ خوا کە ئاوا دان بە دەسەڵاتی خوادا دەنێن، گەرچی زۆربەی زۆریان هێشتا بێ هۆش و گۆشن و بیری و ژیرییان ناخەنە کار..

دەی توخوا رەحمەتی خواتان لێ بێت، وورد سەرنج بدەنەوە ئایەتەکە باوەڕو بڕیارو ئیقراریان بەو هەموو سیفەت و دەسەڵاتەی خوا کردووە، کەچی هەر بە کافرو موشریك حسێب بوون.

**حەقیقەتی رازی بوون بە پەروەردگارێتی خوای گەورە:**

حەقیقەتی رازی بوونی کەسێك بە پەروەردگارێتی خوای گەورە لەوەدا دەردەکەوێت کە باوەڕی بە فەرمانەکانی خوای گەورە، بە هەردوو بەشی گەردوونی و شەرعیەوە هێنا بێت، تەسلیم بەوە بوو بێت کە ئەو دوو مافە بە تەنها هی خوای گەورەن و بەس، وەك چۆن بە فەرمانە گەردوونیەکەی - کە قەزاو قەدەرە - رازی دەبێت، ئاواش بە فەرمانە شەرعیەکانیشی رازی بێت، وەك چۆن تەسلیم بە قەزاو قەدەری خوای گەورە دەبێت و بە رەزامەندی ودڵی پڕ باوەڕەوە وەری دەگرێت، دەبێت ئاواش تەسلیم بە تەگبیرە شەرعیەکانی خوای گەورە رازی بێت و تەسلیم بە دینەکەی بێت و شەریعەتەکەی قبوڵ کات. وەك چۆن لەویاندا گوێ بە گلەیی و تیروتوانجی خەڵکی نادات کە لێی دەدەن، دەبێت لەمیشیاندا هەر وا بێت و لە جێبەجێکردنی شەریعەتی خوادا گوێ بە بۆڵە بۆڵ و

تیرو توانج و بەرهەڵستی خەڵکی نەدات.. چونکە خۆ هەر دوو سیفەتی خەلق کردن و فەرمان دەرکردن (الخلق و الأمر) گشتکۆترین سیفەتی خوای پەروەردگارن، بۆیە خوای گەورە خۆی دەفەرموێ: (أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ تَبَارَكَ اللّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ) الأعراف/٥٤ واتە: دەی خۆ هەموو دەسەڵات و توانایەکی خەلق کردن و هەڵسوڕاندن هەر هی ئەوە، فەرِو پیرۆزی بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان.. کە فیرعەونیش لە سەییدنا موسای پرسی کە کێ خواتانە؟ ئەو لە وەڵامیدا فەرموی: خوای پەروەردگارە، کە بە سیفەتی گونجاوەوە هەموو شتێکی خەلق کردووەو پاشان ڕێنمایی کردووە: (قَالَ فَمَن رَّبُّكُمَا يَا مُوسَى * قَالَ رَبُّنَا الَّذِي أَعْطَى كُلَّ شَيْءٍ خَلْقَهُ ثُمَّ هَدَى) طه/٤٩-٥٠ پێش ئەویش سەییدنا ئیبراهیم فەرمووی: (الَّذِي خَلَقَنِي فَهُوَ يَهْدِينِ)الشعراء/٧٨ واتە خوای من ئەوەیە کە خەلقی کردووم، هەر ئەویشە کە ڕێنماییم دەکات.. دوای هەموانیش بە محمدی فەرموو: (سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى * الَّذِي خَلَقَ فَسَوَّى)الاعلى/٢ واتە: بڵێ: پاك و بێ خەوشی بۆ خوای بەرزو بڵند، ئەوی دروستی کردووەو تەقدیری هەموو شتێکی کردووەو ئینجا ڕێنمایی هەموانی کردووە..

ووشەی (الأمر) یش لە زمانی شەرعدا بە مانای فەرمانی گەردوونی و بە مانای شەرعی دێت:

١- **فەرمانی گەردوونی:** ئەوەیە کە بۆ کارگێڕی و بەڕێوەبردنی کاروباری مەخلوقات دەری کردووە: کە بە شتێك دەفەرموێ: ببە، دەبێت: (إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ) يس/٨٢ یان: (وَمَا أَمْرُنَا إِلَّا وَاحِدَةٌ كَلَمْحٍ بِالْبَصَرِ) القمر/٥٠ واتە: فەرمانی ئێمە تەنها یەك ووشەیە: کە ووتمان ببە بە چاوتروکانێك دەبێت..

**٢- فەرمانی شەرعی:** ئەوەیە کە مەسەلەکانی حەرام و حەلاڵ و فەرمان و بەرهەڵستی و شیاوو قەدەغەکراوەکان روون دەکاتەوە، خوای گەورە دەفەرموێ: (وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ)السجدة/٢٤ واتە: لەبەر ئەوەی یەقینیان بە بەڵگەو ئایەتەکانی ئێمە هەبوو، دانیشیان بە خۆدا گرت و بە ئارام بوون، ئیدی ئێمەش هەندێکیانمان کردنە پێشەوای رێ نیشاندان.

ئەگەر مرۆڤایەتی لە هەموو مێژووی خۆیدا کەسانی وای بە خۆوە دیتبێت کە نکوڵییان لەو دوو سیفەتەی خوای گەورە کردبێت: سیفەتی خەلق کردن و فەرمانی گەردوونی، دەسەڵاتداری زۆر سەرکەشی وای دیووە کە لەسەر مافی یاسا دانان و فەرمانڕەوایی لەگەڵ خوای پەروەردگار کەوتۆتە ململانێوە، زۆر هەبوون لاف و گەزافی ئەوەیان لێ دەدا کە گوایە ئەمانیش وەکو خوای گەورە ئەو مافەیان هەیە، یان دەیانووت ئێمەو خوا ئەو مافەمان هەیەو بەس!! ئاماژە بەم خوایەتییە هەڕاڵەیە کە خوا دەفەرموێ: (وَمَن قَالَ سَأُنزِلُ مِثْلَ مَا أَنَزلَ اللّهُ) الأنعام/٩٣ واتە ئەوی دەیووت: منیش پەیام و بەرنامەو ئەحکام دەنێرمە خوارەوە وەکو کە خوا دەیاننێرێتە خوارەوە! یان یەکێکی وەکو فیرعەون دەیووت: (قَالَ فِرْعَوْنُ مَا أُرِيكُمْ إِلَّا مَا أَرَى وَمَا أَهْدِيكُمْ إِلَّا سَبِيلَ الرَّشَادِ) غافر/٢٩ واتە: ناهێڵم غەیری ئەو راو دیدەی خۆم ببینن، خۆ منیش هەر رێی سەرفرازی و سەرکەوتنتان نیشان دەدەم!! فیرعەونەکانی سەردەمیش دەڵێن: (نە سیاسەت لە دیندا هەیە و نەدینیش لە سیاسەتدا)! تەنانەت هەندێك قسەی تورەهاتی سەیرمان لە هەندێك گەمبۆڵەوە دەبیست کە دەیانووت یاساکانی مرۆڤ چاکترن

لە ئەحکامەکانی شەریعەتی ئیسلامی، چونکە یاسا شارستانێتی و پێشکەوتنی مەدەنێتیدا تێدا دەردەکەوێت، بەڵام شەریعەت تیشکدانەوەی کۆنەپەرستی وسەحرانشینییە !!

یەکخواپەرستی پەروەردگارێتی (توحید الربوبیة) کاتێك بە راستی بۆ خوا تەرخان دەکرێت کە وەك چۆن دان دەنرێت بە کردگارێتی خوادا کە ئەو دەتوانێت و بۆی هەیە خەلق بکات، هەر دەبێت ئەویش بۆی هەبێت هەردوو جۆری فەرمان دەرکات: فەرمانی گەردوونی و فەرمانی یاسادارِشتن.. ئیقرار کردن بەوەی کە تەنها خوای پەروەردگار ماف و توانا و زانستی ئەوەی هەیە یاساو بەرنامە بۆ مرۆڤایەتی دارِێژێت، واتە ئیعتیراف کردن بەوەی سەروەری دەستوور و دارِشتنی بریار هەر هی ئەوەو بەس. هیچ شتێك حەڵاڵ نییە ئیللا ئەوە نەبێت کە ئەو بەحەڵاڵی داناوە، هیچ شتێکیش حەرام نییە مەگەر ئەو بە حەرامی ناساند بێت. هیچ دینێکیش رەوا نییە ئیللا ئەوە نەبێت کە ئەو بە رەوای ناساندووە، هیچ بەرنامەیەکیش نابێت پیادە بکرێت بێجگە لەوەی ئەو، هەر کەسێك بیەوێت یان هەوڵ بدات یاساو شەرعێکی تری غەیری ئەوەی خوا یان بەرنامەو رێبازێکی غەیری دینی ئیسلام بۆ رێکخستنی ژیانی مرۆڤایەتی داتاشێت، حەتمەن فرِێ بەسەر ئیسلامەتییەوە نامێنێت وموشریکەو کافرە، کافری موتڵەق.. خوای کارجوان دەفەرموێ: (اتَّخَذُواْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُواْ إِلاَّ لِيَعْبُدُواْ إِلَهًا وَاحِدًا) التوبة/٣١ واتە: حیبرو راهیبەکان (پیاوانی دینی خۆیان) و مەسیحی کورِی مەریەمیان کردبووە خوای خۆیان، لە کاتێکدا

فەرمانی ئەوەیان پێ درابوو، جەختی ئەوەیان لەسەر کرابۆوە کە تەنها خوای تاك و تەنها بپەرستن و بەس ..

ئیمامی ئەحمەدو ترمزی و هەندێکی تر لەوان گێڕاویانەتەوە کە عەدی کوڕی حاتەم (کە لە جاهیلییەتیدا چوو بووە شام و لەوێ ببوە قەشەی دیانان و خاچی لە ملدا بوو) کە هاتە خزمەت پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بیستی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەو ئایەتەی رابوردووی (اتَّخَذُواْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ) دەخوێنێتەوە ووتی: خۆ ئەوان ئەو حیبرو راهیبانەی خۆیان نەدەپەرست! فەرمووی: (بَلَى إِنَّهُمْ حَرَّمُوا عَلَيْهِمُ الْحَلَالَ وَأَحَلُّوا لَهُمُ الْحَرَامَ فَاتَّبَعُوهُمْ فَذَلِكَ عِبَادَتُهُمْ إِيَّاهُم)[١] واتە: بەدی بەدی، وایان دەکرد، بەوەی کە ئەوان شتی حەڵاڵیان بۆ حەرام دەکردن یان شتی حەرامیان بۆ حەڵاڵ دەکردن و ئەمانیش پەیڕەوییان دەکردن، پەرستنەکەیان ئا ئەوەیە..

ئەو مافی مومارەسەی پەروەردگارێتییەی لە ناو بەنو ئیسرائیلییەکاندا بوو خۆ ئاشکرایە لە لایەنی کردگارێتی خەلق کردن و فەرمانی تری گەردوونیەوە نەبوو، بەڵکو لە لایەنی ڕێنمایی و یاسا بۆ دانانەوە بوو، چونکە حیبروراهیبەکانیان (پیاوە دینییەکان) حەرامیان بۆ حەڵاڵ دەکردن و حەڵاڵیان لێ حەرام دەکردن،

---

[١] ریوایاتی تری ئەم فەرموودەو روداوە زۆرە، لە ریواتی تری ئەو دوو ئیمامە بەڕێزەدا هاتووە: ( أَنَ عَدِيِّ بْنِ حَاتِمٍ الطائي كانَ نَصرانياً ثُم أَسلَمَ، دَخَل عَلَى النَبِيَ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَسَمِعَهُ يقرأَ قَولُهُ تَعَالَى: (اِتَّخَذُوْا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُوْنِ اللهِ)التوبة/٣١...الآية. قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، مَا كُنَّا نَعْبُدُهُمْ! قَالَ: أَلَمْ يحَلُّوْا لَهُمُ الْحَرَامَ وَيُحرِّمُوْن عَلَيْهِمُ الْحَلاَلَ فَيَتَّبَعُوْنَهُمْ؟ قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: فَتِلْكَ عِبَادَتُهُم إِيَّاهُمْ) عن حذيفة موقوفا باسناد صحيح. ئەمە ریوایەتی ئیبنو جەریریشە.

ئەمانیش بە پێی ئەو تەعلیماتانە ڕەفتاریان دەکرد، بە مانایەکی تر، ئەمان حەرام و حەڵاڵ کردنەکەی تەوراتیان دەخستە کەنارو فەرمانی حیبرو راهیبەکانی خۆیان جێبەجێ دەکرد، بەمەش حیبرو راهیبەکانیان لە جێی خوا دادەنا ..

کەوا بوو حەقیقەتی رازی بوون بە پەروەردگارێتی خوا هەر لەوەدا نییە خەلق کردن و فەرمانی تری گەردوونی بۆ کەسێك (وەك شەریکایەتی لەگەڵ خوای گەورە) بڕیار بدرێت، بەڵکو لە فەرمانڕەوایی و حوکم کردن و داوەریشدایە، لە وەرگرتن و رەفز کردنەوەی ڕێنمایی و بەرنامەو یاساو تەعلیماتەکانی پێغەمبەریشدایە، بەرهەڵستی ئەم فەرمانە شەرعییانەش یان بە پێچەوانەوە وەستانی و لادان وپەك خستن و گۆڕینی بە بەرنامەو ڕێبازو یاساو ڕێسای تر، هەر وەکو شەریك بۆ خوا بڕیار دانە لە خەلق کردن و فەرمانە گەردوونیەکانی خوای گەورە. چونکە ئەوی فەرمانی داوە کە خەڵکی تەسلیم بە قەزاو قەدەرو فەرمانە گەردوونیەکانی بن، هەر ئەوە کە فەرمانیشی داوە بە هەمان خەڵك کە دەبێت تەسلیمی فەرمانە شەرعییەکانیشی بن. هەر ئەو کردگارو پەروەردگارو بە توانایەیە کە بۆ ئەمیشیان دەفەرموێ: (أَمْ لَهُمْ شُرَكَاء شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ) الشوری/٢١ واتە: یان دیارە شەریکی وایان بۆ خوا بڕیار داوە کە یاسای وایان بۆ دەرکردوون کە خوا ڕێی پێ نەداوە .

ئەو ئیقرارەی لێرەدا مەبەستە، ئیقراری ملکەچی دەربڕین و خۆتەسلیم کردنە، کە پابەندی پێوە پەیوەست دەبێت، نەك هەر ئیقرار بەڕاست زانینی هەواڵ کە لە

بازنەی بەڕاست زانینی هەواڵەکە تێناپەڕێت.[١] ئەگەر کەسێك ئەوەی بەڕاست زانی کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ له خوای گەورەوە بۆی هاتووە، بەڵام نەك هەر پێوەی پابەند نەبوو بەڵکو دژی وەستایەوەو شۆڕشی بەرپا کرد دژی، دەبێت خواپەرستی و تەوحیدی ئەم کابرایە لە کوێدا بێت؟!داخۆ ئەمە فڕی بەسەر ئیسلامەوە دەمێنێت؟!

کەمترین ئاستی رازی بوون بە پەروەردگارێتی خوای گەورە، ئەوەی کە خاوەنەکەی لە شیرکی گەورە رزگار دەکات و دەیخاتە بازنەی ئیسلامەتیەوە، ئەوەیە کە بڕیار بدات و ئیقرار بکات کە مافی یاساو رێسا دیاری کردن و بەرنامە داڕشتن هی خوایەو بەس، دەبێت ئەم بڕیارەی لە ناخی دڵ و دەروونیدا چەسپی بێت و قەناعەتی وا بێت کە تەنها خوای پەروەردگار مافی بە حەڵاڵ کردن و حەرام کردنی هەیە، تەنها و تەنها ئەویش مافی ئەو یاساو شەرع دیاری کردنەکەی هەیە، وەك چۆن خوا کردگارە (خالیقە) و کەس ناتوانێت یەکێکی تر بە کردگار بناسێنێت، ئەم مافەی تریشی هەر وایە، ئەم مافی یاسا داڕشتن و شەرع دیاری کردنەش هەر هی ئەوەو کەس بۆی نییە نە بۆ خۆی زەوت کات، نە بۆ یەکێکی تری تەرخان بکات، هەر کەسیش وای کرد ئەوە یان خۆی بە خوا زانیووە، یان ئەو

---

[١] بۆ نموونە کە یەکێکی راستگۆ هەواڵێکت بۆ دێنێت، تۆ ئیقرار بە راستی هەواڵەکەی دەکەیت، بەڵام ئەو هەڵوێستە پێویستە، کە دوای بیستن و باوەڕ بوون بە راستی هەواڵەکە دەبێت بگریتە بەر، ئەوی کە هەواڵەکە دەیخوازێت. هەواڵێکت دەگاتێ کە فڵان کەس مردووە، ئیدی ئەرکی مەراسیمی شتن و ناشتنیت دەکەوێتە سەر شان یان بەشدار بوونی پرسەکەی. لێرەشدا ئەوەی داوا کراوە هەر بەڕاست زانینی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نییە لەوەی هێناویەتی، بەڵکو پابەند بوونەکەیە بە داواکاریەکانی ئەم ئیقرارەوە. (و)

کەسەی بە خوا زانیووە کە ئەم مافەی پێ بەخشیووە! ئایەتەکەی سورەتی الأعرافیش ئاماژەیە بۆ ئەمە کە دەفەرموێ: (أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ تَبَارَكَ اللهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ) الاعراف/٥٤ واتە: بەدی خەلق کردن و فەرمان دەرکردن هەر هی ئەوەو بەس، پاك و پیرۆزی بۆ ئەو کە پەروەردگاری هەموو جیهانیانە. ئەویشە کە دەفەرموێ: (اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ) الزمر/٦٢ واتە: خوایە کە کردگاری هەموو شتێکە، ئەو بەدیهێنەری هەموو مەخلووقاتە. ئێ دە هەموو فەرمانێکیش هەر هی ئەوە، وەك دەفەرموێ: (قُلْ إِنَّ الأَمْرَ كُلَّهُ لِلَّهِ) آل عمران/١٥٤ واتە: بڵێ هەر هەموو فەرمانەکان مافی خوان و ئەو دەریان دەکات. لەبەر ئەمەیەکە هەر کەسێك لەم زەمانەدا یان لە هەر زەمان و سەردەمێکی تردا فەرمانێکی خوای پەروەردگار رەت کاتەوە، یان دژی بوەستێتەوە، یان نەهێڵێت جێبەجێ بکرێت، یان یاساو رێسایەکی تر بهێنێتە جێی، حەتمەن کافر دەبێت و لە عەبدایەتی خوای گەورە دەرچووەو بۆتە عەبدی خوایەکی تر .

ئایا ئەوانەی بەرهەڵستی جێبەجێ کردنی شەریعەتی خوا دەکەن و ناهێڵن لە وولاتدا پیادە بکرێت، ئەوە دەزانن کە کافر بوون و ئیسلامیان لەبەر خۆ داماڵیووە !

ئایا ئەوانەی بە چەسپاندن و راپەڕاندنی شەریعەتی ئیسلام رازی نین، دەزانن کە بە پەروەردگارێتی خوای گەورە رازی نین و بەو کارەیان ئیسلامەتیان هەڵوەشاندۆتەوە؟!

ئایا دەزانن کە بەو کارە کافر بوون و فڕیان بەسەر ئیسلامەوە نەماوە؟!

**ئایا ئەو خەڵکە ئەوە دەزانن کە:** رازی بوون بە پەروەردگارێتی خوا، واتە رازی بوون بە حاکمێتی خوای گەورەو وەرگرتنی رێبازەکەی و تەسلیم بوون بە شەریعەتەکەی. دەزانن یان نا؟!ئایا ئەگەر نازانن، ئامادەن هەڵوێستیان بەرامبەر ئەم دینە راست کەنەوە؟!

**ئایا ئەو خەڵکە دەزانن کە:** لاسەنگ کردنی هەر بەشێکی ئەمە، یان جێبەجێ نەکردنی هەر لایەنێکی، چ لەدڵ و دەروونندا بێت، چ لە قسەو گوفتار دا بێت چ لە کردارو رەفتاردا بێت رەت کردنەوەی پەروەردگارێتی خوایەو کافر بوونە؟! دەزانن یا نا؟! گەر نازانن، ئایا ئامادەن هەڵوێستی لاریان لەم دینە راست کەنەوە؟!

**ئایا ئەو خەڵکە دەزانن کە:** باوەڕ بوون بەوەی کە کەسێك بۆی هەیە . بێ مۆڵەتی خوا . شت حەرام کات یان حەڵاڵ کات، شەریك بۆ خوا دانانە و لە دین لادانە؟!دەزانن یان نا؟!ئەگەر نازانن، ئایا ئامادەن دیدو راو بۆچوون و هەڵوێستیان راست کەنەوە؟!یان هەر ملی لێ دەنێن؟!

## دووەم: چەسپاندنی شەرع و پەیوەندی بە رازی بوونەوە بە ئیسلام :

شتێکی شاراوە نییە کە ئەوەی نیشانەی جیاوازی خاڵی لێك دابڕانی ئیسلام و رێچکانە، رازی بوونە بە ئیسلام کە دینە، کە بەرنامەی ژیانە، ئەمەو تەبەڕا بوونە لە هەرچی دین و رێباز و بیروباوەڕێکی تر هەیە کە پێچەوانەی ئیسلام دەبێتەوە، ئەمە دووڕێیانی ئیسلامەتییە، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللّهِ الإِسْلاَمُ) آل عمران/١٩ واتە: دین (بەرنامەی ژیان) لای خوای گەورە هەر

ئیسلامەو بەس.. هەروەها: (وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ) آل عمران/ ٨٥ واتە: هەر کەسێك غەیری ئیسلام، ڕێبازێکی تر، بکاتە دین (بەرنامەی ژیان) ئەستەمە لێی وەربگیرێت و حەتمەن لە پاشەڕۆژدا هەر زەرەرمەند دەبێت .

ئیمامی ئیبنو تەیمییە ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: (ئیسلام بریتییە لە خۆبەدەستەوەدان، خۆ تەسلیم کردن بە خوای پەروەردگاری تاك و تەنها، هەر کەس خۆی تەسلیم بە کەسێکی تری غەیری خوای گەورە کرد موشریکە، هەر کەسێکیش خۆی تەسلیم بە خوای پەروەردگار نەکرد لووت بەرزو هەڕاڵە،ئەوی بەرامبەر خوای پەروەردگاریش لووت بەرزی دەکات و خۆی بە گەورە دەزانێت موشریکە، کافرە، خۆ تەسلیم کردن بە خوای گەورە واتە پەرستن و مل بۆ ئەو کەچ کردن، واتە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئەو، ئەمەشە ئیسلام، ئەمە ئەو ئیسلامەیە کە خوای گەورە غەیری ئەو لە کەس وەرناگرێت، کە بریتییە لە گوێڕایەڵی کردنی خوای تاك وپاك لەو کاتانەدا کە گوێڕایەڵییەکەی دیاری کردووە.)[1]

دوای ئەم روون کردنەوە، ئایا ئەو جەماوەرە موسوڵمانە زۆرە، ئەمە دەزانێت؟! پەی بەمە دەبات؟! ئەمەی لا روونە؟! دەزانێت کە ئەمە هەنگاوی یەکەمی ئیسلامەتییەو ئیسلامەکە بەم هەنگاوە نەبێت، لە کەسدا نایەتە دی؟!

وەڵامی ئەم پرسیارانە دەکەوێتە سەر رادەی شارەزابوون لە دینەکە، چونکە زۆرینەی زۆری خەڵکی ئەم سەردەمە بە هەڵە لەو دینە تێ گەیشتووە کە خوای

[1] مجموع فتاوى ابن تيمية ٩١/٣.

گەورە محمدی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ هەڵبژاردووە! زۆر کەس هەر وا دەزانێت ئیسلامەتی بریتییە لە ئەنجامدانی پەرستنەکان و ئەو ووتارانەی شەووڕۆژ مەلاکان لەسەر رەفتارو رەوشت دەیدەن بە گوێی خەڵکیدا!! ئەمما غەیری ئەم دوو لایەنە، ئەو هەموو لایەنانەی تری ژیان ئەوە - بە رای ئەو زۆرینە نەزانە - پەیوەندی بە دینەوە نییە! چونکە ئەوانە ئەو قسەیان لا بۆتە دین و یاساو دەستوور کە دەڵێت: (ئەوی هی قەیسەرە لێی گەڕێ بۆ قەیسەرو ئەوی بۆ خوایە لێی گەڕێ بۆ خوا) یان ئەو دەستەواژە ناقۆڵایەی کە دەڵێت: (دین لە سیاسەتدا نییە و سیاسەتیش لە دیندا نییە).. ئەمەش شاراوە نییە کە هەر کەس ئەوە باوەڕی بێت لەسەر دینێکی تری غەیری ئیسلامە، جا با هەر بۆخۆشی ناوی ئیسلامی لە خۆی بنێت..

دین هەموو ئەو پەیامەیە کە محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە خوای پەروەردگارەوە هێناویتی، کە بریتییە لە عەقیدەو پەرستن و شەریعەت (یاساو رێسا)، ئەمانە هەمووی وان لە چوارچێوەی دینەکەدا، ئەمانە هەمووی وان لە چوارچێوەی (إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللّهِ الإِسْلاَمُ) آل عمران/ ١٩ وان لە چوارچێوەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێ: (الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا) المائدة/ ٣ واتە: ئەوا ئەمڕۆ دینەکەتانم بۆ تەواو کردن و نیعمەتی خۆمم بە تەواوی بەسەرتاندارشت و رازی بووم کە ئیسلام دین و بەرنامەی ژیانتان بێت ..

خۆ ئەوە لە کەس شاراوە نییە کە قورئان و حەدیسی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پڕن لە ئەحکامی کڕین و فرۆشتن و باسی سوو (ریبا) و رەهن و قەرزو

شایەتی دان و ئەحکامی مارەیی و هاوسەری و تەڵاق و لەعان و زیهارو، هەتیوو گرتنە خۆو، وەسێت و میرات و ئەحکامەکانی خوێن و تۆڵە و ئەحکامی دەست بڕینی دزو جەلدە لێدانی زیناکار و جەلدەی ئەو کەسانەی خەڵکی لە خۆڕا بە زینا تاوانبار دەکەن، یان ئەحکامی جەردەو ڕێگر.. یان ئەحکامی جەنگ و تەقەبەس وئاشتی و.. هتد کەوا بوو هەر کەس کە داوا دەکات ئیسلام لە سیاسەت جوێ بکرێتەوە، ئەوە لەسەر دینێکی تری غەیری ئیسلامە ..

رازی بوون بە ئیسلام، رازی بوونە بە هەموو ئەوەی کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەگەڵ پێغەمبەرێتیەکەی خۆیدا هێناونی، چ ئەوانەی دەربارەی باوەڕ هێنانن بە نادیار، چ ئەوانەی پەرستنن و دەبێت ئەنجام بدرێن، چ ئەوانەش کە یاساو رێسان، هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئەم سێ لایەنەدا نییە، هیچ جیاوازیەك لە نێوانی روکنەکانی باوەڕو دروشمەکانی پەرستن و بڕگەکانی شەرعدا نییە، هەروەها هیچ جیاوازییەکیش لە نێوان ئەمانەو بڕگە یاساییەکانی داوەری و حوکم و سیاسەتی شەرعیدا نییە ئەوەی لە هەموویاندا گرنگە ئەوەیە کە راست بێت و لە پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتبێت. جیاوازی نییە لە نێوانی فەرمایشتەکەی خوادا کە دەفەرموێ: (وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ) البقرة/٤٣ واتە: نوێژەکان بکەن و زەکاتەکە بدەن، لەگەڵ ئەو فەرمایشتەیدا کە دەفەرموێ: (وَأَحَلَّ اللّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا) البقرة/٢٧٥ واتە: خوا کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ کردووەو سوو (ریبا)شی حەرام کردووە.. یان ئەو فەرمایشتەی تری کە دەفەرموێ: (الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِئَةَ جَلْدَةٍ) النور/٢ واتە: ئەو ئافرەتەی یەك جار زینای کرد، هەروەها ئەو پیاوەی یەکجار زینای کرد، هەر

یەکەیان سەد جەلدەی لێدەن.. ئەمانە هەر یەکەیان ئایەتی قورئانن و پێویستە وەرگیرێن و جێبەجێ بکرێن.

ئیمامی ئیبنول قەییم رەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: (ئەمما رازی بوون بە دینەکەی خوا بەوە دەبێت کە کابرا هەر فەرموودەیەك، یان حوکمێك، یان فەرمانێك یان بەرهەڵستی کردنێکی خوای گەورەی پێ گەیشت، پێی رازی بێت و تەسلیمی بێت، بە شێوەیەکی واش دەبێت قەناعەتی پێی هەبێت کە هیچ گرێ و گۆڵێك لە دڵ و دەروونیدا نەما بێت و بە تەواوی ئەو فەرمان و حوکمەی بە راست زانیبێت و پێوەی پابەند بوو بێت، با پێچەوانەی دیدو حەزی خۆی یان هی ئەمیرو شێخ و مەزهەب وحیزبەکەشی بێت)[1]

هەر وەکو پێشتر روون کرایەوە، رازی بوون بە پەروەردگارێتی خوای گەورە بریتییە لە قەناعەت کردن بەوەی کە تەنها ئەو فەرمانڕەواو داوەرە تەنها رێنماییەکەی ئەو سەرچاوە و رێباز و بەرنامەیە، فەرمایشتەکانی ئەو حوکمی بنبڕو کۆتایی هەموو ناوکۆییەکن، هەموو پێناسەو برگە داوەرییەك لەوێوە هەڵ دەهێنجرێت، چونکە رازی بوون بە (دین)ێتی ئیسلام، رازی بوونە بە هەموو ئەوەی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەگەڵ خۆی هێناوێتی واتە پابەند بوونی بێ منجە منج و دەمەوەری بە هەر هەموو دیدو پێناسەو پەرستن و ئەحکامەکانی شەریعەتەکەیەوە، جا کە ئەمە رازی بوون بێت بە دین، ئادەی با بزانین ئەوانەی بانگەشەی جوێ کردنەوەی دین لە سیاسەت و دەوڵەت دەکەن و هەڵوێستی مەسخەرەت و گاڵتە جاڕی لە دینەکە دەگرن، با بزانین ئەوانە ئاوا باوەڕیان بە

[1] مدارج السالكين/ابن القيم الجوزية ٢/١١٨

ئیسلام هێناوە؟!یان خۆیان بۆ خۆیان شتێکیان داتاشیووەو ناویان لێ ناوە: ئیسلام، دەشیانەوێت ناچارمان کەن ئەو دیدە کورت و لێڵەی ئەوان بخەینە جێی ئیسلامە رەسەنەکەمان!!

له راستیدا هەڵوێستی ئەوانەی دین لە سیاسەت و دەوڵەت جوێ دەکەنەوە لە سێ حاڵەت بە دەر نییە:

**یەکەم:** یان هەر لە سەرەتاوە نکوڵییان لەوە هەیە کە لە ئیسلامدا بنەماو ئوسوڵی ئەحکامی داوەری و سیاسەت و حوکم هەبێت، بەڵکو هەر وا دەزانن ئیسلام هەر باوەڕو پەرستنەکانێتی.. خاوەنی ئەم جۆرە بۆچوونە یان نەزانن و شارەزاییان لە ئیسلامدا نییە، یان هەر کافرن و بە درۆ ئەو لاف و گەزافە لێدەدەن. چارەسەری پۆلی یەکەم شارەزایی کردنیانە لە ئیسلام، پۆلی دووەمیش دەبێت بەهانەی ببڕرێت، و داوای تۆبەی لێ بکرێت، ئەوانە دەبێت لە کاتی دەسەڵاتدا حوکمی ئیسلامییان لەسەر جێبەجێ بکرێت ..

**دووەم:** یان باوەڕیان بەوە هەیە کە ئیسلام ئەحکام و رێسای داوەری و سیاسی هەیە، بەڵام نکوڵییان لەوە هەیە کە ئەوەندە شیاوو گشتگیر بێت کە بتوانێت بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە بهێنێتە دی، ئەمانەش هەیانە باوەڕی بەوە نییە کە ئەو رێساو یاسا شەرعییانەی ئیسلام بۆ ئەم زەمانەی ئێستا دەشێت، هەشیانە هەر بە ئەنقەست رێی لێ دەگرێت و کوفری خۆی بە ئاشکرا بەیان دەکات. ئەمانە زەندیقن، لە رێ لادەرن، کوفرەکەشیان روونەو لە بەڵگەنەویستەکانی ئیسلامە.

**سێیەم:** یان باوەڕی هەیە کە ئیسلام پڕە لە یاساو رێسای شەرعی شیاوو چاك و بۆ ئەم زەمانەی ئێستاش دەشێت چونکە هەموو بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە

دەهێنێتە دی، بەڵام بۆ ڕەزامەندی حاكمێك یان دەسەڵاتدارێك، یان بۆ پاروە نانێك یان پلەو پایەیەك ڕەفزی شەریعەتەكەی خوا دەكاتەوەو نایەوێت بچەسپێت. كوفری ئەم جۆرە كەسانەش بەڵگەی ناوێت، چونكە خۆی لە خۆیدا ئەوەندە روونە كە ئەمیش دیسان لە بەڵگەنەویستەكانی ئیسلامە ..

ئایا ئەو كەسانەی ئاوا دینەكەی خوایان لێك دابڕ دابڕ كردووە و باوەڕیان بە هەندێك لایەنی هەیەو باوەڕیان بە لایەنی تری نییە، ئەوە دەزانن كە لە حەقیقەتیاندا نە بە خوایەتی خوا رازین و نە بە دینەكەشی رازین! بەمەش زەرەرمەندی دنیاو ئاخیرەت بوون ..

## سێیەم:چەسپاندنی شەرع و پەیوەندی بە پێغەمبەرێتی محمدەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ :

ئەوەش ئاشكرایە كە رازی بوون بە پێغەمبەرێتی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رێڕەوی چوونە ناو بازنەكەی ئیسلامەوەیە، چونكە بڕیاری یەكبوونی خوای پەروەردگارو پێغەمبەرێتی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ یەكەمین ئەركی سەرشانی موسوڵمانی باڵغە، و یەكەمین رستەیەكیشە كە بەو خەڵكانە دەووترێت كە بۆ ئیسلامەتی بانگ دەكرێن، وەكو كە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە مەعازی كوڕی جەبەلی فەرموو (ئەو كاتەی بۆ یەمەنی نارد): (إِنَّكَ تأتي قَوماً مِنْ أَهْلِ الْكِتاب فإذا جِئتَهُم فَادْعُهُمْ إلى أَنْ يَشْهَدُوا أنْ لا إلهَ إلا اللهُ وَأَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ

اللّهِ)[1] واتە: تۆ دەچیتە ناو قەومێکەوە کە ئەهلی کیتابن (یەمەنی ئەو زەمانە مەسیحی بوون) با یەکەمین شتێك کە بانگیان دەکەیت بۆی شایەتمان بێت با بڵێن: (لا إلهَ إلا اللهُ، مُحَمَّدَاً رَسُولُ اللّهِ).

ئایا جەماوەری موسوڵمانان ئێستا ئەم حەقیقەتە دەزانن؟! ئایا دەزانن رازی بوون بە پێغەمبەرێتی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چییە؟! دەزانن کەی و چۆن مرۆڤ بە پێغەمبەرێتی و پەیامی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رازی دەبێت؟!

حەقیقەتی رازی بوون بە پێغەمبەرێتی و نێرراوێتی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بریتییە لە بە راستگۆ زانینی خۆی و بە راست زانینی هەموو ئەوانەی ئەو دەربارەی غەیب فەرموویەتی، بریتییە لە پابەند بوونی گشتی ئەو نادیارانە، ئا ئەمەیە داواکاری باوەڕ هێنان بە پێغەمبەرێتی و پەیامی ئەو زاتە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، هەر کەس هەواڵ و باسەکان کە ئەو فەرموونی بە راست نەزانێت، یان فەرمانێکی شەرعی ئەو رەت کاتەوە، ئەوە باوەڕی بە پێغەمبەرێتی ئەو نەهێناوە، چونکە حەقیقەتی باوەڕ هێنان بە راست زانین و گوێڕایەڵییەتی، بۆیە هەر کەسێك لە ناخی دڵ ودەروونیدا ئەوی بە راستگۆ نەزانی و لە رواڵەتیشیدا تەسلیم بە فەرمانەکانی ئەو نەبوو، ئەوە کافرەو باوەڕی بە خوای پەروەردگار نییە ..

---

[1] هەموو حەدیسەکە ئاوایە: (إنَكَ سَتَأتي قَوماً مِنْ أهلِ الكِتابْ، فَإذا جِئتَهمْ فادْعُهمْ إلى أنْ يَشهَدوا أَنْ لا إله إلا الله وَأَنَّ مُحَمَّدَاً رَسُولُ الله؛ فإنْ هُم أطاعُوا لَكَ بِذَلِكَ، فَأَخبِرْهُم أنَّ اللهَ قَد فَرَضَ عَلَيهِم خَمْسَ صَلَواتٍ في كُلِّ يَومٍ وَلَيلَةٍ؛ فَإنْ هُم أطاعُوا لَكَ بذَلِك، فَأَخبِرهُمْ أَنَّ اللهَ قَد فَرَضَ عَلَيهِمْ صَدَقَةً، تُؤخَذُ مِنْ أَغنيَائِهِمْ، فَتُرَدُّ عَلى فُقَرائِهِمْ؛ فَإنْ هُمْ أطاعُوا لَكَ بِذَلكَ، فَإيَاكَ وَكَرائِمَ أموالِهِمْ، واتَّقِ دَعوةَ المَظلومِ، فَإنَّهُ لَيسَ بَينَهُ وَبَينَ اللهِ حِجَابٌ) رواه البخاري.

ئیمامی ئیبنول قەییم دەفەرموێ: ئەمما رازی بوون بە پێغەمبەرێتی و نێرراوێتی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بریتییە لە خۆ تەسلیم کردنی تەواو بە خوای پەروەدگارو رازی بوون بە هەموو ئەوەی کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە خوای گەورەوە هێناوێتی، بە شێوەیەکی واش بێت کە ئەو بە دڵسۆزتری خۆی بزانێت وەك لە خۆی، نابێت هیچ رێنمایی و رێبازێك لە غەیری فەرمایشتی ئەوەوە وەربگرێت، نابێت بۆ داوەری کردن بۆ لای غەیری ئەو بچێت، بە حوکمی غەیری ئەویش نابێت رازی بێت، نە لە باسەکانی ناوو کردارو سیفاتی خوای گەورەداو، نە لە هیچ شتێکی تردا کە شیرینی باوەڕی پێ دەچێژرێت و پلەو پایەکانی ئیماندارانی پێ دەپێورێت، بۆی نییە لە کەسی ترەوە وەرگرێت، نابێت لە هیچ حوکمێکی ئاشکراو پەنهاندا لە غەیری ئەوەوە وەربگرێت و ناشبێت بە هیچ شێوەیەك بە حوکمی غەیری ئەو رازی بێت، تەنها هی ئەو. چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا) النساء/٦٥ واتە: سوێند بێت بە خواکەی تۆ، باوەڕیان نییە تا تۆ نەکەن بە حەکەم لەو کێشانەدا کە لە نێوانیاندا روو دەدات، پاشان کە حوکمت دان، نابێت هیچ گرێ و گۆڵێك لە دڵ و دەروونیاندا بمێنێت، و دەبێت بە تەواوی تەسلیم بەو حوکمەت بن..

ئیمامی ئیبن کەثیر رەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: خوای پەروەردگار بە نەفسی بەرێزو پیرۆزی خۆی سوێند دەخوات کە ئەو کەسە باوەڕی نییە کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەکات بە داوەری کێشەکانی، کێشەی هەموو کاروبارێکی، هەرچیش ئەو حوکمی دا ئەوە حەقەو پێویستە هەموو کەس لە

ناوەوەو دەرەوەیدا ملکەچی بێت، مەگەر نابینیت چۆن دوای باسی داوەری کردنەکەی دەفەرموێ (ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا) واتە: پاشان کە حوکمت دان، نابێت هیچ گرێ و گۆڵێك لە دڵ و دەروونیاندا بمێنێت. مانای ئەمە ئاشکرایە: واتە دوای ئەوەی داوەریان دەکەیت، تەسلیم بە حوکمەکەت دەبن، لە دڵ و دەروونیاندا رازی بوون و لە رواڵەتیشیاندا تەسلیم بە حوکمەکەت بوون، ئیتر هیچ موناقەشەو ناکۆکی و ئاژاوەیەکی لەسەر نانێنەوە، ئاماژە بەمەشە لە حەدیسدا دەفەرموێ (لَا يؤمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يَكُونَ هَوَاهُ تَبَعاً لِمَا جِئْتُ بِهِ)[1] رواه مسلم واتە: هیچتان باوەڕی نابێت تا ئارەزوو حەزەکانی نەبێتە شوێن کەوتووی ئەوەی من هێناومە.

ئیمامی ئیبنول قەییمیش رەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: رازی بوون بە داوەری شەرعی فەرزە، بناغەی ئیسلامەتی و رێسای باوەڕیش ئەوەیە، بۆیە دەبێت بەندەی خوا هەر لە سەرەتاوە بێ گرێ و گۆڵ و نارەحەتی، بەوە رازی بێت، بێ ئەوەی بەرهەڵستی بکات، بێ ئەوەی مل بادان و سەرەڕۆیی و چەندو چوون بنوێنێت. خوای گەورە دەفەرموێ: (فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا) دەبینیت خوای پەروەردگار سوێند دەخوات کە ئەو کەسانە بە ئیماندار حسێب نابن کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەکەنە حەکەمی نێوان خۆیان، تا لە دڵ و دەروونیشیاندا بە تەواوی تەسلیم بەو داورەی وحوکمەی ئەو نەبوو بن، دیسان تا لە رواڵەتی دەرەکیشیاندا بە تەواوی ملکەچی فەرمانەکەی ئەو نەبن.

---

[1] تفسير القرآن العظيم لابن كثير ١/٥٢٠.

حەقیقەتی رازی بوونیش بە حوکمی ئەو ئائەمەیە، داوەری بردنە لای ئەو پلەی ئیسلامەتیەکەیە، نەبوونی گرێ وگۆڵی دەروون دەربارەی حوکمەکەی، پلەی باوەڕە، تەسلیم بوونیشی بە حوکمەکە، پلەی ئیحسانەکەیە).[1]

الجصاصیش رەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە هەر کەسێك بە فەرمانێکی خوای گەورە، یان هی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رازی نەبێت و رەتی بکاتەوە دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی ئیسلامەتی، جا ئیتر ئەو حوکمەی لەبەر گومان لێکردنی رەت کردبێتەوە، یان لەبەر رازی نەبوون پێی و وەرنەگرتنی، واتە تەسلیم نەبوونی پێی، ئەمەش هەڵوێستە راستەکەی ئەسحابەکان دەچەسپێنێت کە بەرامبەر پاشگەزبووەوەکان (المُرتَدون) گرتیانە بەر، کە قەناعەتیان هاتە سەر ئەوەی ئەمانە - مادام زەکات نادەن- کافر بوونەتەوەو کوشتاریان جائیزەو دەشێت ماڵ و منداڵیان بە دیل بگیرێت. چونکە خوای گەورە حوکمی ئەوەی داوە کە هەر کەس حوکمی پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەرنەگرێت و تەسلیمی نەبێت و ملکەچی نەبێت لە ریزی ئەهلی باوەڕ حسێب نابێ.[2]

ئادەی ئەو کەسانەی هەر لە سەرەتاوە داوەری بردنە لای شەرعیان رەفز کردووە لە کوێن و حوکمیان چییە؟ یان ئەوانەی گاڵتە بە شەریعەتەکەی خوا دەکەن و بە دەشتەکی و بیابانی و کۆنەپەرستی ناوزەدی دەکەن؟! یان بەوەی ووشك هەڵاتووەو کەڵکی چەسپاندنی ئەم سەردەمەی نەماوە؟!

---

[1] مدارج السالكين لابن القيم ٢٠١/٢

[2] أحكام القرآن الكريم للجصاص ١٨١/٣

ئێوە وا گومان دەبەن ئەمانەی ئەمە بۆچوونیانەو وا دەڵێن زەڕەیەك ئیمان دەر دەبەن؟!

زیزانەیەك باوەڕیان پێوە دەمێنێت بە تایبەتی دوای ئەوەی کە بینیمان خوای پەروەردگار ئاوا سوێند دەخوات و دەفەرموێ ئەوانە ئیمانیان نامێنیت، نەك هەر ئەوانەی داوەریەکەیان نەهێناوەتە لای پێغەمبەرو شەریعەتەکەی! بەڵکو ئەوانەی دوای داوەری کردنەکەیان بە حوکمەی رازی نەبوون! نەك هەر ئەوەی کە بە رواڵەت بە حوکمەکە رازی بووەو ئاشکراش تەسلیمی بووەو وەری گرتووە!! بەڵکو ئەو کەسەی کە هاتووشەو حوکمەکەشی وەرگرتووەو جێبەجێشی کردووە، بەڵام لە ناخی دڵ ودەروونیدا پێی رازی نەبووە! ئەم حوکمە لە کوێ و ئەوانە لە کوێ کە خۆیان ناوناوە (ئەنجومەنی باڵای حوکم)! کە بە کەیفی خۆیان بە هەندێك ئەحکامی شەریعەتی ئیسلام دەڵێن راستەو بەوانی تری دەڵێن: هەڵەیە!! ئەمانە بە کەیفی خۆیان ئەوەی دەیانەوێت دەیهێڵنەوەو ئەوی نایانەوێت ئیلغای دەکەنەوە ئینجا لافی ئیسڵاحی و پێشکەوتنخوازی وچاکسازیش لێ دەدەن! پاڵانتەی ئەوەش دەکەن گوایە رۆشنبیرن و نوێخوازی دەکەن! نازانن لە زەلکاوی کوفردا دەگەوزێن، نازانن لە لیتاوی شیرکدا مۆڵیوون، لە بنی بنی زۆنگاوی زەندەقەو دووڕوویی گەورەدان.

هۆ موسوڵمانینە، ئایا بە راستتانەو رێزی پێغەمبەرەکەتان لایە؟! ئایا مافی خۆی دەدەنێ؟ خوای گەورە نەیدەهێشت یاوەرانی پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - کە هەمیشە لە خزمەتیدا بوون - دەنگیان بەسەر دەنگی ئەودا بەرزتر کەنەوە بەرهەڵستی لێ کردن کە لە دوورەوە هاواری کەنێ، خوای گەورە پێی فەرموون ئەم

جۆرە کارانەیان - کە لە رواڵەتیاندا سادەن - هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی کارە چاکەکانیانە، هۆی ماڵ وێرانییانە! ئەم کارانە - با بەڕواڵەت سادەش دیار بن - دەیانبات بەرەو هەڵگەڕانەوە لە دینەکەو زەرەرمەندی دنیاو رۆژی دواییان دەکات، پێی فەرموون: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ وَلَا تَجْهَرُوا لَهُ بِالْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَن تَحْبَطَ أَعْمَالُكُمْ وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ) الحجرات/ ٢ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، دەنگتان بەسەر دەنگی پێغەمبەردا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەرز مەکەنەوەو لە دوورەوە هاواری مەکەنێ و وەکو چۆن لە ناو خۆتاندا یەکتری بانگ دەکەن، ئەویش ئاوا بانگ مەکەن، ئاخر دوایی بێ ئەوەی هەست بە خۆتان بکەن بێ ئاگا، کاروکردەوەکانتان مایە پووچ دەبێت.

ئیمامی ئیبنول قەییم رەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: جا ئەگەر دەنگ بەرز کردنەوەیان بەسەر دەنگی پیرۆزی ئەودا ببێتە مایەی کاروکردەوە هەڵوەشاندن، دەبێت راو بۆچوون و پێشنیارو بڕیار خستنە پێش فەرمانی ئەوەوە، چەند پلەی کوفر لە خۆ بگرێت؟ ئەدی ئەو کەسەی ئەقڵی خۆی وسیاسەتی خۆی و شارەزایی خۆی دەخاتە پێش حوکمی ئەوەوە، ئەو دەبێت حوکمی چی بێت؟! مەگەر ئائەمانەیان شایانتر نین هەر هەموو کارو کردەوەکانیان مایە پووت ببێت.؟![1]

ئەدی ئەگەر هەموو شەریعەتەکەی وەلا نرێت و بێ رێز بخرێتە کەنارو جورئەتی قسە پێ ووتن و ناشیرین کردنی ئاوا ئاشکرا بکرێت و گاڵتە بە سوونەتەکانی بکرێت و هەر هەموو شەریعەتی ئیسلامەکەی بە ئیهانەوە

[1] اعلام الموقعين لابن القيم ٥١/١

لادرێت؟!ئەو کەسەی ئا ئەمانە دەکات، هێشتا هەر پێی بووترێت: قەیدی نییە، ئەمە هەر رازییە بە پێغەمبەرێتییەکەی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ؟! ئاخر کەسێك شەریعەتەکەی کار کەنار کات، چۆن دەڵێت رازیم بە پێغەمبەرێتیەکەی؟! ئاخر کەسێك رێبازو بەرنامەو ئەحکامەکانی فڕێداتە ئەولاوەو دوایی هەر لاف و گەزافی رازی بوون بە پێغەمبەرێتییەکەی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لێ بدات، چۆن چۆنی هەر دەبێ جێ متمانەمان بێ و لە ریزی خۆمانی دانێین؟!

ئادەی پیاوماقوڵانی زمان هەراش، وەڵامێك بدەنەوە..

ئادەی شەرعناسان هەڵوێستتان لەم جۆرە خەڵکە (رازی!) یە چییە؟!

هەڵوێستی شەرعەکەشمان بۆ روون کەنەوەو چاوێکیشتان لەو ئایەتە ببڕن، کە خوای گەورە تێیدا دەفەرموێ: (فَلَنَسْأَلَنَّ الَّذِينَ أُرْسِلَ إِلَيْهِمْ وَلَنَسْأَلَنَّ الْمُرْسَلِينَ * فَلَنَقُصَّنَّ عَلَيْهِم بِعِلْمٍ وَمَا كُنَّا غَآئِبِينَ) الاعراف/٦-٧ واتە: حەتمەن لەو کەسانە دەپرسینەوە کە پێغەمبەرانمان بۆ ناردوون و لە پێغەمبەران خۆشیان هەر دەپرسینەوە، بە بەڵگەو زانیاریشەوە هەموویان بۆ دەگێڕینەوە، خۆ غائیب نەبووین، ئاگامان لێی نەبووبێت ..

بەڵێ بە خوا قەسەم وایە و راستە، بە خوای کارزان قەسەم لە هەموو پێغەمبەران دەپرسێتەوە، مەگەر نافەرموێ: (يَوْمَ يَجْمَعُ اللّهُ الرُّسُلَ فَيَقُولُ مَاذَا أُجِبْتُمْ) المائدة/ ١٠٩ واتە: ئەو رۆژەی (قیامەت) کە خوای گەورە نێرراوانی خۆی هەموو کۆدەکاتەوەو لێیان دەپرسێت: چی و چۆن وەڵامتان درایەوە؟

لەو كەسانەش دەپرسێتەوە كە نێرراوانی بۆ ناردوون، پێیان دەفەرموێ (وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ مَاذَا أَجَبْتُمُ الْمُرْسَلِينَ) القصص/٦٥ ئینجا ئەو رۆژەی (قیامەت) كە لەو خەڵكە دەپرسێتەوە: چۆنتان وەڵامی نێرراوان دایەوە؟

توخوا موسوڵمانینە، زانايينە، چیتان بۆ وەڵام ئامادە كردووە؟! توخوا چیتان داناوە بیكەنە چەتری ئەمانی خۆتان لەو رۆژەدا كە كەس بە هانای كەسەوە نایەت؟ ئەو رۆژە سەختە پرپیمەی باوك لە منداڵی خۆی هەڵدێت و منداڵ خۆی لە باب و داكی خۆی دەشارێتەوە؟!

<u>**پاشان:**</u>

**باوەڕهێنان بە بنەماكانی ئیسلام، واتە بە رازی بوون بەوەی كە:** خوای گەورە پەروەردگارەو ئیسلام دینەو محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێغەمبەرو نێرراوی خوایە، ئەوە پێویست دەكات كە:

- **قەناعەتی تەواو بەوە بكرێت كە:** تەنها خوای گەورە حاكمەو ئەو ماف و دەسەڵاتی سەروەری رەهای هەیە، دەبێت فەرمانەكانی ئەو - تەنها هی ئەو- ببێتە حوججەو بڕیاری كۆتایی، هەروەها دەبێت تەسلیم بوونی تەواو - بۆ هەرچی تەعلیماتێكی دینی ئەو هەیە - دەربېڕرێت، جا ئیتر تەعلیماتی پەرستن بن یان تەعلیماتی شەرعی سەوداو مامەڵە، هەر كەسێكیش دینەكە لە چوار چێوەی پەرستن و مامەڵەدا گیردات، بە دەرگایەكی والادا لە ئیسلام چۆتە دەرەوەو، زەندیقی و كافری خۆی ئاشكرا كردووە..

- **قەناعەتی تەواو بەوە بكرێت كە:** هەرچی سەلمێنراوە كە ئەمە تەعلیماتی پێغەمبەرە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و لەوەوە پێمان گەیشتووە دەبێت موسوڵمانان

خۆی تەسلیم کەن و باوەڕو بڕیاریان وا بێت کە ئەمە راستەو لە پێغەمبەری راستگۆوە کە هاتووە، بۆ ئەوەیە وەرگیرێت و جێبەجێ بکرێت، بۆیە هەر کەسێك شتێکی سەلمێنراوی لێ رەت کاتەوە (جا لەبەر ئەوەی بێت کە باوەڕی پێی نییە، یان گومانی لێی هەیە، یان نایەوێت تەسلیمی بێت) ئەوە مانای وایە بە پێغەمبەرێتی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رازی نییە، چونکە لە بەڵگەنەویستەکانی رازی بوون بە پێغەمبەرێتی ئەو، ئەوەیە کە خۆی بە راستگۆو فەرمایشتەکانی بە راست بزانرێت و وەرگیرێن و ملکەچییان بۆ دەرببڕرێت و جێبەجێ بکرێن، جا ئیتر دەربارەی نادیارو غەیبن یان دەربارەی پەرستن و مامەڵەن، یان دەربارەی لایەنی تری ژیانن، دەبێ لە رواڵەتدا تەسلیمی بۆ دەرببڕرێت، لە دڵ و دەروونیشدا هیچ گرێ و گۆڵێکیان بەرامبەر نەبێت کە راستن و دەبێت وەرگیرێن. هەر کەسیش لە دڵ و دەروونیدا پێی رازی نەبوو، یان لە رواڵەتیدا قبووڵی نەبوو، کافرەو لە دەرەوەی بازنەی ئیسلامەکەیە ..

ئەو لاف و گەزافەتان لێ قبووڵ نابێت کە گوایە باوەڕتان بە ئیسلام هەیە تا باوەڕو تەسلیم بوونیش دەرنەبڕن بەرامبەر رازی بوون و قبووڵ کردن و راپەڕاندنی سەروەری شەرع و تەسلیم بوون بە دەسەڵاتی باڵای ئەوو بەس.. چونکە خوای گەورە مافی یاساو رێسا دانانی بە غەیری خۆی نەداوە، ئەوەش کە عەلەمانییەکان داوای دەکەن کە گوایە دەبێت وویستی خەڵکی بکرێتە بەرنامەی سیاسی لە جیاتی قورئان و حەدیس، ئەوە هەڵگەڕانەوەیە لە دینەکەو چوونە دەرەوەیە لە بازنەی میللەتی ئیسلام و شەپووری شەڕ لێدانە بەرامبەر بە هەموو سیفەتەکانی خوای خاوەن و کارزان..

ئەو لاف و گەزافەتان لێ قبووڵ نابێت، تا ئەوە ئاشكرا نەكەن كە ئێوەش بەندەی خوای پەروەردگارن، وەك چۆن تەسلیمی ڕێسا قەدەریەكانی ئەون، دەبێت ئاواش تەسلیمی ڕێسا شەرعیەكانی ئەو بن، دەبێ ملكەچیش بۆ ئەوە دەرببڕن كە تەنها قورئان و حەدیس بەڵگەو حوججەی بنبڕو دەستووری باڵان، ئەو دووانە لە سەروو هەموو دەستوورێكەوەن، لە سەروو هەموو راو بۆچوون و پێناسەو یاساو ڕێسایەكی مرۆڤەوەن..

مەگەر ئەوە جێی سەرسوڕمان نییە كە قورئانێك لە پێش هەموو كتێبێكی تری ئاسمانییەوەیەو بەم هەموو ئەوانی پێشتر لادراوە، كەچی لە لای ئێوە - كە خۆشتان بە موسوڵمان دەزانن - ناتانەوێت هەر ئەو قورئانە لە پێش هەموو دەستوور و یاساو ڕێسایەكەوە بێت كە ئێوەی مرۆڤ خۆتان داتان ڕشتووە؟!

ئەو دەستوورو یاساو ڕێسایەی هەر جارەو جێیەكی لێ لادەبەن و جێیەكی تری دەگۆڕن؟ ئایا قورئانێك بەسەر هەموو كتێبێكی ئاسمانی تردا باڵادەست بێت - كە خوای گەوەر خۆی ئەسڵە رەسەنەكانی ئەو پەیامانەی ناردوونەتە خوارەوە - كەچی ئێوە نەهێڵن بەسەر یاساو ڕێسای مرۆڤكرددا باڵادەست بێت؟! دەتانەوێت یاساو ڕێسای جولەكەو دیان - بەسەر ئیسلامدا- ببێتە باڵادەست؟! دەتانەوێت یاساو ڕێسای فەرەنسایی و ئینگلیزی بخەنە پێش فەرمایشتی خواو پێغەمبەرەكەیەوە؟! یاساو ڕێسای ئەوانەی كە ئەوەی نەشیاوە پێیان كردن؟! ئەوەی دەشیزانن وئەوەی ناشیزانن؟! چییان پێ نەكردوون؟!

**هۆ میللەتی مە، کوا وویست و ئیرادەتان؟!**

ئایا دەروونتان بەوە ئاسوودەیە کە - بە درۆو دەلەسەو فیڵ - پێتان بڵێن وەرن (وویستی گەل) بخەنە جێی قورئانەکەی خوای کردگارو سوننەتەکانی پێغەمبەرەکەتانەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ؟!

لە کاتێکدا هەموو لایەك لەوە دڵنیان، بە خوا قەسەم، ئەگەر لەو ئوممەتە گەڕێن رای خۆی - بە ئازادی - دەربڕێت، غەیری ئەم دینە ناکاتە بەرنامەو رێبازی خۆی، داوەری خۆی ناباتە لای غەیری ئەحکامەکانی ئەم ئیسلامە، گەر لێگەڕێن ئوممەت رای خۆی بە ئازادی دەربڕێت، دەبینرێت کە چۆن ئوممەتەکە بە رووی ئەو سکوڵەریستانەدا هەڵ دەسڵەمێتەوەو تەبەڕڕا لە کوفرو شیرکی ئەوان دەکات و هەموویان دەخاتە لاوەو شەریعەتەکەی خوای پەروەردگاری دێنێتەوە سەر حوکم و هەموو سەروەری و دەسەڵاتێکیش هەر بەو دەبەخشێتەوە..

هۆ موسوڵمانینە، دەبێت ئەوە بزانن کە قبوڵ کردنی شەریعەتەکەی ئیسلام و قبووڵ کردنی یاساو رێسا دژەکانی لە جێیەکدا بە هیچ شێوەیەك کۆ نابنەوە. بۆیە یان دەبێت لە هەموو شوێنێك ببنە پشتیوانی ئیسلام و تەسلیم بە ئەحکامی شەرعەکەی دەبن و ئێوەی موسوڵمان و ئیماندار، هیچی لێ ناخەنە لاوە و نابنە کۆسپیش لە رێی هێنانەوە سەر حوکمی و چەسپاندنەوەی، یان ئەوەیە - خوا نەخواستە - خۆ بۆ دوژمنانی ئیسلامەکەتان شل دەکەن فریووتان دەن یان راتان فڕێنن و ناچارتان کەن دۆستایەتی ئەوان بکەن و شەریعەتەکەی خواتان پێ بخەنە لاوەو دینەکەی خواتان بە زمانی لووس پێ پەك خەن، ئیدی ئەو کاتە

نەئێوە هی ئیسلام دەبن و نە ئیسلامەکەش هی ئێوە دەبێت، با هەر نوێژو رۆژووەکەشتان بکەن و هەر وا بزانن موسوڵمانن !

وَلَقَدْ بَعَثْنَا
فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً
أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ
وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ

سورەتی نەحل: ٣٦

## بەشی دووەم

## چەسپاندنی شەرع و

## پەیوەندی بە یەكخواپەرستییەوە

پێشتر ئەو دەقانەمان هێنایەوە كە باس لەوە دەكەن كە یەكەم فەرزی سەر شانی مرۆڤی باڵغ ئەوەیە كە بزانێت پەرستن مافی خوای پەروەردگارەو بەس، پێغەمبەرانی بەڕێزیش سەلامی خوایان لێ بێت بە درێژایی مێژوو كە هاتوون، بۆ ناساندن و روون كردنەوەی ئەم فەرزە هاتوون، قبووڵ كردن و قەناعەت كردن و پابەند بوون بەم فەرزە مەرجی قبووڵ بوونی هەموو كارو كردەیەكە، چۆن نوێژی بێ دەسنوێژ قبووڵ نابێت و نرخی نییە، پەرستنیش بێ یەكخواناسین و یەكخواپەرستی قبووڵ نییەو نرخی نییە.. خوای گەورە دەفەرموێ: (وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ) النحل/٣٦ واتە: لە نێوان هەموو ئوممەتێكدا نێرراوێكمان بۆ هەڵبژاردوون، كە خوا بپەرستن و توخنی تاغووت مەكەون.. یان: (وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ)الأنبياء/ ٢٥ واتە: هەر پێغەمبەرێكمان پێش تۆ ناردبێت هەر ئەوەمان بە وەحی بۆ ناردووە كە هیچ خوایەك نییە شایانی بە خوا دانان و پەرستن بێت جگە لە خوای گەورە.. هەروەها: (وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ * بَلِ اللَّهَ فَاعْبُدْ وَكُن مِّنْ الشَّاكِرِينَ) الزمر/٦٥-٦٦ واتە: بە وەحی بۆ تۆو بۆ ئەوانەی پێش تۆش هاتووە كە: ئەگەر هاوەڵت بۆ خوای گەورە پەیدا كرد ئەوە بە تەئكید كارو كردەوەكانت

هەمووی پووچەڵ دەبنەوەو دەچیتە ریزی زەرەرمەندانەوە، دەسا هەر خوای گەورە بپەرستەو لە سوپاسگوزاران بە ..

پێشتر ئەوەشمان روون کردەوە کە داوەری بردنە لای شەرع و قبووڵ کردنی ئەحکامی حەڵاڵ و حەرامی ئەوو جێبەجێ کردنیان جۆرێکن لە پەرستن و ناشێت و ناکرێت بۆ غەیری خوای پەروەدگار ئەنجام بدرێن، وەك خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلّهِ أَمَرَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ) یوسف/٤٠ واتە: بڕیارو حوکمدان هەر هی خوایەو بەس، ئەو فەرمانی داوە کە تەنها ئەو بپەرسترێت و بەس، ئا ئەوەشە دینی راست و بەرنامەی رەوا، بەڵام زۆرینەی خەڵکی نافامن..

دیسان ووترا کە ئەم مەسەلەیە لە راستیدا بریتییە لەو ئیسلامەی کە هەر هەموو پێغەمبەران و نێرراوانی خوای بۆ هەڵبژێرراوە، کە بریتییە لە وەرگرتن تەسلیم بوون بە هەموو ئەحکامەکانی شەریعەتی خواو راپەڕاندن و چەسپاندنیان ..

ئیمامی ئیبنو کەثیر رەحمەتی خوای لێبێت لە تەفسیرەکەیدا دەفەرموێ: کە خوای گەورە فەرموویەتی: (وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ)الأنعام/١٢١ واتە: ئەگەر گوێڕایەڵییان بکەن، بە تەئکید ئێوەش موشریکن.. مەبەستی لەوەیە کە ئەگەر ئێوە واز لە بڕیاری شەریعەتەکەی خوای گەورە بهێنن و بچنە سەر راو بۆچوون و یاسای غەیری خواو بیخەنە پێش شەرع، ئەمە شیرکە. چونکە خوای گەورە فەرموویەتی: (اتَّخَذُواْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ) التوبة/٣١ واتە حیبرو راهیب (پیاوانی دینی جولەکەو دیان)ە کانی خۆیان کردبووە

پەروەردگارو لە جیاتی خوا دایاننابوون. ئیمامی ترمذي لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا حەدیسی عەدی كوڕی حاتەمی تەیی ریوایەت كردووە كە بە پێغەمبەری صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموو: ئەی پێغەمبەری خوا، خۆ ئەوانە (جولەكەو دیانەكان) ئەوانیان ( حیبرو راهیبەكانی خۆیان)یان نەدەپەرست! پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە وەڵامیدا فەرمووی: (أَلَمْ يَكونُوا يُحِلُّوا لَهُمْ الحَرامَ ويُحَرِّمُون عَلَيهِمْ الحَلَالَ فَيَتَّبِعُوَنْهُم؟ قالَ : نَعَمْ، قَالَ : فَتِلْكَ عِبَادَتُهُم إِيّاهُم) واتە: بەدی، مەگەر ئەوان حەرامیان بۆ حەڵاڵ و حەڵاڵیان بۆ حەرام نەدەكردن، ئەمانیش لێیان وەردەگرتن و جێبەجێیان دەكرد؟!ئێ ئەوە پەرستنەكەیانە)..[1]

شەنقیتی رەحمەتی لە تەفسیری هەمان ئایەتدا دەفەرموێ: فەتوایەكی ئاسمانییەو لە كردگاری ئاسمان و زەویەوەیە، ئاشكرا تێیدا دەفەرموێ كە كەسی شوێن كەوتووی شەریعەتی شەیتان كە دژی شەریعەتی رەحمانە، موشریكە، واتە: هاوەڵی بۆ خوا پەیدا كردووە.[2]

---

[1] تفسير ابن كثير ١٧١/٢. هەموو ریواتەكە ئاوایە : (روى الإمام أحمد والترمذي ( أنَّ عَديَّ بنَ حاتِمٍ الطائِيِّ كانَ نَصرانيَّاً ثُمَّ أَسْلَمَ، دَخَلَ عَلَى النبيّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَسَمِعَهُ يَقْرَأُ قَولَهُ تَعَالَى:اِتَّخَذُوْا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُوْنِ اللهِ)التوبة/٣١...الآية. قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، مَا كُنَّا نَعْبُدُهُمْ! قَالَ: أَلَمْ يحَلُّوْا لَهُمُ الْحَرَامَ وَيُحرَّمُوْن عَلَيْهِمُ الْحَلاَلَ فَيَتَّبَعُوْنَهُمْ؟ قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: فَتِلْكَ عِبَادَتُهُمْ إِيَّاهُمْ) رواه أحمد وهو حديث صحيح بمجموع طرقه وقد روي معناه في موقوفاً بإسناد صحيح (وەرگێر).

[2] أضواء البيان/ الشنقيطى (لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا ئەم فەتوایەی شێخی شەنقیتیم نەدۆزییەوە، هەر چەندە رای ئەو لەم مەسەلەدا زۆر رۆشنە، لە هەموو ئایەتەكانی تەشریع و حاكمیەتدا هەر لەم تەفسیرە ناوبراوەیدا ئاوا روونی دەكاتەوە. و .

خەڵکینە، رەحمەتتان لێ بێت، سەرنجدەن، خوای گەورە گوێڕایەڵی جولەکەکانی لە یەك مەسەلەدا کە حەرام وحەڵاڵ کردنە بە شیرك داناوە ئیدی دەبێت حوکمی ئەم سیستم و رژێمانەی زەمانی ئێمە چی بێت؟! ئەمان هەر شتێك پێچەوانەی شەریعەتەکەی خوا بێتەوە، بە شیاوو رەوای دەزانن!! لە هەموو بڕیارێکی کاروباری تایبەت و گشتیدا پێچەوانەی ئیسلامن، مەگەر لە چەند لایەنێکی پەرستندا نەبێت، دەبێت حوکمی ئەم سیستم و رژێمانە چی بێت کە سەروەری شەریعەتی ئیسلام پێشێل دەکات و هەر لە سەرەتاوە فەزڵی یاساو رێسا پێچەوانەکان دەدەت بەسەر شەرعدا؟! هەموو دەسەڵاتێکی باڵای خستۆتە ژێر خزمەتی ئەو یاساو رێسا ناشەرعییانەوە؟! دەبێت حوکمی شەرعی چی بێت کە بەرنامەی کتێبێکی غەیری قورئان دەکاتە رێبازو بانگەشەی دینێکی تری غەیری دینی ئیسلام دەکات؟! ئەدی حوکمی ئەوانەی لە پەرلەمانەکاندا دادەنیشن و حوکم بەسەر قورئان و سوننەتدا دەردەکەن؟!! ئەوانەی کە دادەنیشن و بەدەست بەرز کردنەوەیەك هەندێك ئەحکامی شەریعەتی خوا قبووڵ دەکەن و دەفەرموون: با رێی پێ بدرێت و بە نووکە قەڵەمێکیش ئەوانی تری رەفز دەکەنەوەو دەڵێن مەهێڵن کەس وەریان گرێت!! دەبێ حوکمی شەرع لەسەر ئەمانە چۆن بێت؟!

ئەرێ ئێوە، رەحمەتی خواتان لێ بێت، دیتتان کە پەروەردگارێتی و خوایەتی لە ناو بەنو ئیسرائیلییەکاندا بە چ مانایەك بوون؟ خۆ جولەکەکان نوێژیان بۆ حیبرو راهیبەکانیان نەدەکرد، خۆ رکوع و سوژدەیان بۆ نەدەبردن، خۆ تەسبیحاتیان بۆ نەدەکردن، بەڵام لەوەدا شوێنیان دەکەوتن کە دەیانووت: ئەمە

حەڵاڵەو ئەمەیان حەرامە، واتە قسەو بڕیارەکانیان بە یاساو ڕێسای ژیانیان وەردەگرت.. بەمە بوو کە کردبوویانن بە خوای خۆیان و لە جێی خوای پەروەردگار دایاننابوون. لە کاتێکدا کە فەرمانی خوای گەورە ئاشکرایە کە داوا لە هەموو خەڵکی دەکات کە تەنها خوا بپەرستن و توخنی شیرك نەکەونەوە: (وَمَا أُمِرُواْ إِلاَّ لِيَعْبُدُواْ إِلَهًا وَاحِدًا) التوبة/٣١ واتە ئەوەی خوای گەورە بە حەرامی داناوە هەر ئەو حەرامەو ئەوی ئەو بە حەڵاڵی داناوە هەر ئەو حەڵاڵە، ئەوی سەلمێنراوە کە شەریعەتی ئەوە دەبێت قبووڵ بکرێت و جێبەجێ بکرێت..

جا ڕەحمەتی خواتان لێ بێت ئێوە سەرنج دەنە هۆکاری شیرکەکە، بڕواننە ماناو حوکمی ئەم ئایەتانەو سەیرێکی واقیعی ئەمڕۆ بکەن، حیبرو ڕاهیبەکانی دوێنێمان گۆڕیووە بە ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجومەنی ڕاوێژکاری و دەزگاکانی یاسا دارشتن ئەوەتا حەڵاڵ و حەرامی قورئانەکەمان خسۆتە لاوەو چاوەڕوانی مەرحەمەتی پەرلەمانین، پەرلەمانتارەکان دەفەرموون تاوان و سزا ئەوەیە کە یاسا پێناسەی دەکات. بێ گومان مەبەستیش لە یاساکە، خۆ وەحییە مەعسوومەکەی خوای گەورە نییە، بەڵکو ئەوەیە کە لە پەرلەمانەوە هاتووە! چونکە هەرچی پەرلەمان حەرامی نەکات بە حەرام حسێب نییەو هەرچیش ئەو حەڵاڵی نەکات هەر حەڵاڵ نابێت! ئەوەش کە ئەو باسی لێوە نەکردووە، ئەوە عەفووی لێ دراوەو قەیدی نییە! سزاش ئەوەیە کە پەرلەمان دایڕشتووە، ئەوەی ئەو داینەڕشتووە کەس بۆی نییە بە سزای حسێب بکات! هەر شتێك دەقێکی یاسایی نەیگرێتەوە نرخی نییە. ئەوەش کە دەقی یاسایی پێناسەو حوکمی دەکات هەر ئەو حەقەو هەر ئەویش

دەبێت جێبەجێ بکرێت.. ئەهلی ئیسلام ئاوا دەژین!! دە ئیتر با بژی ئەهلی ئیسلام، با بژی !!

ڕەنگە بەنو ئیسرائیلییەکان کوێرە بەهانەیەکیان هەبێت، چونکە شوێن قسەی حیبرو ڕاهیبەکانیان کەوتبوون، ڕەنگە ئەوان هەر وایان زانیبێت، کە ئەوەی ئەو حیبرو ڕاهیبانە دەیڵێین هەر لە چوارچێوەی تایبەتمەندێتییە دینییەکەی خۆیاندا بێت، لەوانەیە زاناکانیان وایان حاڵی کردبن.. یان هەرچییەکی تر بوو بن.. بەڵام هەڵوێستی ئەوان بە ئێمە چی؟ ئێمە بۆ وا سواری سەری خۆمان بووین؟ ئێمە بۆ لە کورتانی کەللەڕەقیمان نایەینە خوارێ و هەر دەمانەوێ لە دینەکە لادەین؟! ئێمە کە نە کوێرە بەهانەمان هەیەو نە کەڕە هەنجەت، ئیدی بۆ دینی خۆمان وا بگۆڕین؟!

بە ڕاستی کەس هەنجەتی نییە، هەر ئەوەندەیە کە هەندێ کەس هەر پێی خۆشە لە پشتەملە لە زۆنگاوی کوفردا پشتە مەلە بکات، هەندێکی تریش هەر سوورە لەسەر ئەوەی لە تاریکی شەوی کوفردا بجمێ چونکە هەر بە شەو فێڵی بۆ دەچنە سەر!!

## هەندێ نموونەی واقیعی:

* خوای کارزان زۆر بە توندی زینای حەرام کردووە، سزای سەختیشی بۆ بکەرانی - بە گوێرەی باری کۆمەڵێیەتییان - دیاری کردووە، گەر هاوسەری نەبوو، جەلدەی لێ دەدرێت، گەر هاوسەریشی هەبوو بەردەباران دەکرێت تا دەمرێت، ئەمەش سزایەکەو خوای کارزان و بەبەزەیی دیار کردووە، کەس بۆی نییە تاوانبارێکی لێ عەفوو بکات، کەس بۆی نییە تکا بۆ زیناکارێك بکات تا لەسەری

تەتبیق نەكرێت، هەر كەس تكای تێدا بكات بە دوژمنی شەرع حسێبە!! چ جای ئەوەی مافێك بە خۆی یان بە خەڵكی تر بدات كە ئەم سزایە لاداو رادا!!

لەملاشەوە یاسا دەفەرموێت: ئەگەر زیناكارەكان بە رەزامەندی خۆیان دەیانكردو گەیشتبوونە تەمەنی یاسایی، قەیدی نییە!! جیماعی دوانی وا هەر بەزینا حسێب نییە! مەگەر ژنەكە خاوەن مێرد بووبێت و لە سەر جێگای مێردەكەی ئەو كارەی لەگەڵ غەریبەیەكدا كردبێت!! كە پێی دەڵێن (خیانەتی هاوسەری)!! لەم حاڵەشدا تەنها مێردەكە حەقی شكات كردنی هەیە، لە هەموو قۆناغەكانی داوەری و دادگایی كردنەكانیشیاندا هەر مێردەكە بۆی هەیە شكاتەكەی سەحب بكاتەوە!! مافی ئەوەشیان داوەتێ ئەگەر دادگا حوكمی خۆی دژی زیناكارەكان دەركرد، مێردەكە بۆی هەیە لێیان خۆش بێت و داوا بكات سزاكانیان بوەستێنن !!!

ئێ ئەمە واتە چی؟

بە هەنگاوی یەكەم، پێناسەكەی قورئانیان بۆ زینا گۆڕی، ئینجا سزاكەیان گۆڕی، ئینجا سزا بوو بە لێبوردن! ئینجا دەشیانپارێزن!! چونكە تاوان و سزا هەر ئەوانەن كە یاسا دیاری كردوون! یاساش ئەم زینایەی بە تاوان حسێب نەكردووە، كەوابوو ئەم زینایە سزای لەسەر نییە برۆ هەر ئازاد بن !!

* یان شەراب.. شەرابی دایكی پیسیی! كە قورئان حەرامی كردووەو سوننەتی پێغەمبەری نازداریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە تاوانی زانیووەو سزایەكی بەژانی بۆ دیاری كردووە، كەچی یاسا دەفەرموێ هیچ لەسەر خواردنەوەی نییە! مۆڵەتنامەشی بۆ دەردەكات، تا لە دوكان و یانەكاندا بفرۆشرێت و بخورێتەوە!!

یاسا ئەو شوێنانە دەپارێزێت کە لێی دروست دەکرێت یان لێی دەکڕێت و دەفرۆشرێت یان لێی دەخورێتەوە.. پاسەوانی بۆ دادەنێت، پۆلیس چاودێری دەکات، حکومەت حەسحەسێتی! سەرەنجام چی؟!بوو بەچی؟!

هەنگاوی یەکەم، پێناسەی شەرابیان گۆڕی، ئینجا سزاکەیان گۆڕی کە سوننەتی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دیاری کردبوو، ئینجا مۆڵەتیان دا دروست بکرێت یان بهێنرێتە ووڵاتەوە، ئینجا بە ئاشکرا لە دوکانی مۆڵەت پێدراودا بفرۆشرێت ولە شوێنی ئاشکراشدا بخورێتەوە!! پاسەوانی شەونخوونیشیان بۆ پاراستنی دانا! ئەو کەسەشیان بە توندڕەوی قڕبڕو ترسناك دانا کە بە خراپی باسی لێوە بکات! چ جای ئەوەی کەسێك جورئەتێك بدات بە خۆی و دەست بۆ پێکێك یان بۆ کەسێکی ببات، ئەوە حەتمەن نەك هەر راگەیاندن و قەڵەم لە گوێ، لێی راست دەبنەوە، بەڵکو حکومەت خۆشی بە سوپاو کەتیبەی ئەمن و تانکەوە - گەر پێویستی کرد - دێتە مەیدان !

**ئەرێ هۆ ئەوانەی کە باوەڕتان بە خواو پێغەمبەرەکەی هێناوە، دڵنیا بن کە:**

- تەوحیدەکەتان دانامەزرێت تا خوای پەروەردگار لە دەسەڵاتی رەهاو و یاساو رێسا دارشتنندا بە تاك و تەنها نەزانن .

- تەوحیدەکەتان دانامەزرێت تا شەریعەتەکەی خوای پەروەدگار نەکەنە برگەی حوکم و مەرجەعییەتی یاساو رێساو بەرنامەی هەموو لایەنێکی ژیانی خۆتان وکۆمەڵگەکەتان، تا نەیکەنە داوەری نێو خۆتان لە چارەسەری کێشەکانتاندا..

- تەوحیدەکەتان دانامەزرێت تا ئەو زەمانەی لە خۆتان و سیستمی حوکمتاندا فەرمان و بەرهەڵستی خوا، حەلاڵ و حەرامی خوا نەبێتە یاساو رێسای حوکم و داوەری، نەك بڕیارەکانی پەرلەمان.. تا ئەو زەمانەی قورئان و سوننەت - نەك ئەوەی پێی دەڵێن وویستی گەل - دەبێتە بەرنامەتان!!

- تەوحیدەکەتان دانامەزرێت تا سەروەری و دەسەلاتی باڵا بۆ شەریعەتەکەی خوای گەورە تەرخان نەکەن، تا ئەو زەمانەی بە ئیسلامەکەی خوای گەورە هەموو یاساو بڕیارێکی سیستم و رژێمێکی تر نەسڕنەوە..

- تەوحیدەکەتان دانامەزرێت تا بە تەواوی پابەند دەبن بە حەلاڵ و حەرامی خوای گەورەوەو تەنها شەریعەتەکەی ئەو رادەپەڕێنن، تا ئەو زەمانەی تەنها حەلاڵی خوا بە حەلاڵ دەزانن و تەنها حەرامی خوا بە حەرام دەزانن.. تا ئەو زەمانەی هیچ بەرنامەیەك بۆ ژیانتان غەیری دینەکەی خوا قبووڵ ناکەن ..

- بە تەئکید تەوحیدەکەتان دانامەزرێت گەر بەربەست لە رێی شەریعەتەکەی خوادا دروست بکەن، یان رێ لە جێبەجێ کردنی بگرن، یان بچنە ریزی عەلەمانیەکانەوە کە دوژمنی ئەم دینەن و هەموو هیواو ئاواتیان بڵاو کردنەوەی بەرەڵایی وئاژەڵیگەرییەو بەردەوام کۆسپ خستنە سەر رێی ئەم دینەیە ..

هۆ خەڵکینە، خۆ رزگار کەن، بە خوا قەسەم ئەمە ئینزارەو پێتان رادەگێنم، حەتمەن بە سەرپێچیتان، شایانی سزای خوا دەبن ..

وَمَا أُمِرُواْ
إِلاَّ لِيَعْبُدُواْ
إِلَـهًا وَاحِدًا

سورەتی تەوبە: ٣١

# بەشی سێیەم

## چەسپاندنی شەرع و پەیوەندی بەباوەڕەوە

پێشتر باسی ئەوە کرا کە لە بنەماکانی ئەهلی سوننەت و جەماعەت ئەوەیە کە باوەڕ گوفتارو کردارەو زیادو کەم دەکات، بنجەکەشی بریتییە لە بە راستگۆ زانین و شوێن کەوتن و گوێڕایەڵی. هەر کەس لە ناخیدا، لە دڵ و دەروونیدا ئیسلامی بەڕاست نەزانی و خۆی تەسلیم نەکرد، کافرەو حسێبی هەروەکو ئەو کەسەیە کە هەر باوەڕی بە خوای پەروەردگار نییە.. ئەهلی سووننەت بەم پێناسەیەیان بەرپەرچی بۆچوونە باتڵەکەی مورجیئەکانیان داوەتەوە کە دەیانووت کردەوە بەشێك نییە لە هەبوونی باوەڕ، هەروەها بەرپەچی باتڵی خەواریجەکانیشە کە دەیانووت: هەموو کردەوەیەك لەگەڵ بنجی باوەڕدایە ..

ئەهلی سوونەت هەر لە سەرەتاوە جیاوازییان خستۆتە نێوان ئەو پلە باوەڕە گشتییەی کە ئیسلامەتی لەسەر دادەمەزرێت، لەگەڵ ئەو پلە باوەڕەی کە پێی دەوترێت باوەڕی کامڵ، کە بریتییە لە ئەنجامدانی هەموو فەرمان پێکراوەکان و دوور کەوتنەوە لە هەموو بەرهەڵستی لێکراوەکان و کردنی سوننەت و نەوافیلەکان و توخن نەکەوتنی حەرام و یاساغ کراوەکان.. ئەوەی کە ئەگەر یەکێك کەوتە گوناحیشەوەو سەرپێچی خوای گەورەی تێدا کرد، ئەسڵی باوەڕەکەی لەق نابێت و ئەویان هەر بە مەحکەمی دەمێنێتەوە.. فەرمووشیانە کە خەڵکی لە نێوان ئەم دوو پلەیەدا سێ پۆلن: هەیانە ستەمی لە خۆی کردووە (ظَالِم لِنَفسِهِ) هەیانە مام ناوەندییە (مُقتَصِد) هەشیانە لە پێشەنگانی خێرخوازانە (سابِق بالخَیرات بِاذنِ الله).

لەمەوە ئەوە وەرگیراوە کە ئەو باوەڕە (کە نرخی هەیەو لای خوای گەورە کاریگەرە، ئەوەی کە ئەهلی سوونەت پێیان قبووڵەو قەناعەتیان وایە کە هەر کەس هەیبێت خوای گەورە بە نەمری لە دۆزەخدا نایهێڵێتەوە) حەقیقەتێکی ئاوێتەیە، لە گوفتارو کردار پێك دێت، چونکە بریتییە لە بەراستگۆ زانینێك کە ملکەچی و گوێڕایەڵی بە دوای خۆیدا دێنێت، واتە: قەناعەت کردن و قبووڵ کردن و جێبەجێ کردنی ئەو پەیامەیە کە محمد المصطفى صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە لایەن خوای پەوەردگارییەوە هێناویەتی جا هەر کەس ئەمەی لە ناخی دڵ و دەروونیدا ڕوا، ئەوە موسوڵمانە، ئەگەر نا، ئەوە ئیسلامی وەرنەگرتووەو باوەڕی پێی نییە ..

کەوا بوو کەسێك هەر بەوەندەی ئەحکامەکانی شەرع بە راست بزانێت، نابێتە موسوڵمان و خاوەن باوەڕ! بەڵکو هەر دەبێت بە شێوەیەکی گشتیش پێیانەوە پابەند بێت.. بۆیە هەر کەسێك لافی ئەوە لێدات کە گوایە باوەڕی بە ئیسلام هێناوەو بە راستی دەزانێت، بەڵام هەڵوێستی پێچەوانەی بەرامبەر شەریعەتەکەی خوا نواند، یان وازی لێ هێنا، یان خستیە کەنارەوەو کاری پێ نەکرد، یان گلەیی و گازاندەی لێی هەبوو، ئەوە تۆوی باوەڕ بەر دڵی نەکەوتوو، تا خەڵکی چاوەڕێی چەکەرە کردنی بکەن!! چونکە باوەڕ بە دوو شت لە دڵ وقەناعەتدا جێگیر دەبێت :

بە راست زانینی هەموو ئەوەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناویەتی بە شێوەیەکی گشتی، ئینجا پابەند بوونی گشتیش پێیانەوە ..

ئیمام محمدی کوڕی نەسری مروزی دەفەرموێ: (باوەڕ ئەوەیە کە: باوەڕت بە خوای پەورەدگار هێنابێت، بە یەکی بزانیت، بە دڵ و دەروون و بە زمان و بڕیار بیسەلمێنیت، ئینجا لە ناخ و دەرەوەتدا تەسلیم بە فەرمانەکانی ببیت و بە شەرعەکەیەوە پابەند بیت، خۆشت دووره پەرێز بگریت لە لووت بەرزی و هەواو فیزو مل کەچ نەکردن و کەللەڕەقی، ئەگەر ئاوا خۆت گرت و پابەند بوویت، ئەوە حەتمەن ئیتر ئەو شتانە دەگریتە بەر کە خوا دەیەوێت و لێی رازییە، حەتمەن لەو شتانەش دوور دەکەویتەوە کە ئەو پێی رازی نییەو دەیان بوغزێنێت ..

باوەڕ هێنانیشت بە محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەوەیە کە: بە راستگۆی بزانیت، شوێنی کەویت، گوێڕایەڵی بیت، ئینجا دەبێت فەرزەکانی بکەیت و حەڵاڵی ئەو بە حەڵاڵ بزانی و حەرامی ئەو بە حەرام بزانی و لە سنووری گومان لێکراوەکانی نێوان حەرام و حەڵاڵدا بوەستیت و زوو بچیت بە دەنگ خێرو چاکەخوازییەوە)..[1]

ئاخر لائیکی و عالەمانییە بەرەڵاکان و تاغووتە خوێن تاڵەکان لەم پەنایانەدا خۆیان مەڵاس داوە! سەنگەریان لە پشت ئەم تەم ومژەوە هەڵکەندووە، ئەم روانگە لێڵەیان کردۆتە کونە مەترێزی دەستڕێژ لەم دینە! نابینیت چۆن گورز بە پەیکەری ئیسلامەکە دەکێشن و چنگ و کەڵبە لە خوێنی موسوڵمانان دەژەنن و خۆشیان هەروا نیشان دەدەن کە موسوڵمانن، ئاوا دەیانەوێت لە هەستی مەییوی موسوڵماناندا جێی عالەمانیتەکەی خۆیان بکەنەوە چونکە بە راشکاوی و

[1] الإيمان/ ابن تيمية ٢٩٦-٢٩٧.

ئاشكرا نە یەكخواپەرستی بە درۆ دەخەنەوە نە نكوڵیش لە پەیامەكەی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەكەن!!

ئەگەر باوەڕ هێنان هەر بەسەر زارەكی بوایە، ئیدی بە كافر دانانی ئەبوطالیب چ مانایەك دەبەخشێت؟! مەگەر ئەو نەیدەووت:

وَلَقَدْ عَلِمْتُ بِأَنَّ دِينَ مُحَمَّدٍ مِنْ خَيرِ أدْيَانِ الْبَرِيَّةِ دِينَاً

واتە: بە دڵنیاییەوە زانیومە كە دینی محمد باشترینی دینی سەر زەمینە..

مەگەر هەر ئەبوطالیب نەبوو بە درێژایی ژیانی خۆی هەر بەرگری لە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەكرد؟! مەگەر ئەو بۆ پەیامەكەی نەبوو بە پەرژین؟!

مەگەر لەگەڵ ئەودا تەحەمولی هەموو ناسۆرەكانی نەكرد كە قوڕەیش بەسەر پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و یاوەرانی بە ئارامیدا دەهێنا؟!

مەگەر لەگەڵ هەموو ئەواندا گرانی ونەبوونی وبێ كەسی لە دۆڵەكانی ئەبوطالیبدا نەدەچێشت؟!

مەگەر وەكو یاوەرانی راستگۆو ئیمانداری موستەزعەف تووشی ئەو هەموو دەردەسەرییە نەبوو؟! بەڵام لەگەڵ ئەو هەمووەشدا كە تەسلیم بە ئیسلامەكە نەبوو، هەر بە كافری سەری نایەوە، هەر بە كافری دەگاتەوە دیداری خوای گەورە!!

هەر كە پێغەمبەری بەبەزەیی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (لأسْتَغفِرَنَّ لَكَ مَا لَمْ أُنْهَ عَنْ ذلِكَ) واتە: هەر داوای لێخۆشبوونت لە خوای گەورە بۆ دەكەم مەگەر مەنع كرێم لێی! خێرا خوای گەورە ئەو ئایەتەی نارده خوارەوە كە دەفەرموێ: (مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُواْ أَن يَسْتَغْفِرُواْ لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُواْ أُوْلِي

قُرْبَى مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ) التوبة/١١٣ واتە: بۆ پێغەمبەرو ئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوە جائیز نییە داوای لێخۆشبوون بۆ موشریکەکان بکەن، با خزم و خوێشیشیان بن، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە بۆیان روون بۆتەوە کە ئەوانە ئەهلی ئاگری دۆزەخن.. فەرمودەی سەحیح هەیە کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ باسی سووك بوونی عەزاب و ئەشکەنجەی ئەبوطالیب دەکات، لەبەر ئەوەی لە دنیادا ئاوا پشتی پێغەمبەری صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گرتووە، کەچی دەربارەی سزاکەی دەفەرموێ: ئەبوطالیب لە دۆزەخدا، لە نێوان ئەشکەنجە دراواندا، کەمترین ئەشکەنجەی هەیە، دوو پەنگر (پشکۆ) خراوەتە ژێر پێی، دەمارەکانی سەری، پێ دێتە جۆش! کەچی واش دەزانێت ئەو لە هەموو ئەهلی دۆزەخ زیاتر لە ژێر ئەشکەنجەدایە!!

ئەگەر باوەڕ هێنان هەر بریتی بوایە لە بە راستگۆ زانینی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ئیدی تەکفیر کردنی زانایانی ئەهلی کیتاب واتە چی؟! کە خوای پەروەدگار دەرهەقیان دەفەرموێ: (الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءهُمْ وَإِنَّ فَرِيقاً مِّنْهُمْ لَيَكْتُمُونَ الْحَقَّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ) البقرة/١٤٦ واتە: ئەوانەی کە ئێمە پەیامی خۆمان پێ بەخشیبوون، هەر وەك چۆن منداڵەکانی خۆیان دەناسنەوە، ئاوا محمدیش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە پێغەمبەرێتی دەناسن! بەڵام تاقمێکیان هەر حەقەکە دەشارنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەشیزانن کەچی هەر پەنهانی دەکەن !!

خۆ کوفری ئەمانەش لە بەڵگەنەویستەکانی دینی ئیسلامە ..

خۆ ئەگەر باوەڕ هێنان هەر بە قسە بوایە، نەدەبوو ئەهلی مەککە بە کافر حسێب بکرانایا! چونکە خوای گەورە دەربارەی باوەڕەکەیان دەفەرموێ: (قَدْ نَعْلَمُ إِنَّهُ لَيَحْزُنُكَ الَّذِي يَقُولُونَ فَإِنَّهُمْ لاَ يُكَذِّبُونَكَ وَلَكِنَّ الظَّالِمِينَ بِآيَاتِ اللّهِ يَجْحَدُونَ) الأنعام/٣٣ واتە: بە تەئکید ئێمە دەزانین ئەوەی کە ئەوانە پێتی دەڵێن، ناڕەحەتت دەکات، خەمت دەداتێ! خۆ ئەوان تۆ بە درۆ ناخەنەوە، بەڵام هەر نکوڵییەکەو لە ئایات و نیشانەکانی خوای دەکەن.

ئێ ئەگەر وایە، بۆچی ئیبلیس بە کافر دانراوە؟! خۆ ئەو خوای پەروەردگارو پێغەمبەرێتی بە درۆ نەخستۆتەوە؟! خۆ خوای گەورە نێرراوی بۆ نەنارد تا فەرمانی سوجدە کردنەکەی پێ بدات، هەر راستەوخۆ خوای پەوەردگار فەرمانەکەی بە ئیبلیس خۆی دا!..[1] بەڵام ئەو هەر سواری سەری خۆی بوو، خۆی بەگەورەتر زانی، ئیدی چووە ریزی کافرانەوەو شایانی لەعنەت و ئەشکەنجەو ئاگری دۆوەخ بوو !!

**هۆ موسوڵمانینە:**

لاف لێدانی ئیسلامەتی چەند ئاسانە، چەند ئاسانە مرۆڤ دەنگی لێ بەرز کاتەوەو ئیماندارانە خۆ بناسێنێت! بە درێژایی مێژووی ئیسلام هەرچی زەندیق و فەرماسۆن و دووڕوو هەیە هەر پاڵانتەی ئیمانیان کردووەو هەر لاف و گەزافی تەقوایان لێداوە!

---

[1] لەگەڵ فریشتەکاندا فەرمانی پێدا: (ثُمَّ قُلْنَا لِلْمَلآئِكَةِ اسْجُدُواْ لآدَمَ فَسَجَدُواْ إِلاَّ إِبْلِيسَ لَمْ يَكُن مِّنَ السَّاجِدِينَ) الاعراف/١١ دواتریش فەرمانی تایبەتی و کەسێتییشی پێدا، وەك دەفەرموێ:(قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلاَّ تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ) الاعراف/١٢. (و)

هەندێکیان بەوەشەوە نەوەستاون، ئیدیعای رابەری و نوێکردنەوەی دینەکەشیان کردووە!! خۆیان ئەوەندە بە پیاوچاك داوەتە قەڵەم، ئەو خەڵکە داماوە هەر رۆژەی یەکێکی لەوانە لێ بۆتە مەهدی و خدری زیندە!!

کەڕە باتینییەکان ئەو هەموو شتەیان لەسەر قورئان دەووت، ئەو هەموو قسەیان بە دەم پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەڵ دەبەست، ئەو هەموو بوختانەیان بۆ خاتوو عائیشەی دایکی موسوڵمانان کرد، ئەو هەموو خورافات و ئەفسانەیان هێناو کردیانە پاڵ ئیسلام! کە تەنانەت جولەکەو دیان و ئاگرپەرستانیش پێی رازی نەدەبوون!! کەچی هەر خۆیان بە موسوڵمان دەناساند!!

قادیانییەکان لەگەڵ ئەو بانگەوازە ئاشکراو بانگەشە راشکاوەیاندا کە دەیانووت: میرزا غولام ئەحمەدی قادیان پێغەمبەرە! لە جیاتی ئەوەی ئەوان کافر کرێن و لە ئوممەت بکرێنە دەرەوە ئەوان هەموو موسوڵمانانی سەر زەمینیان بە کافر دادەنا!

چونکە باوەڕیان بە پێغەمبەرێتیەکەی میرزا نەهێناوە !!

ئیتر ئەمە بەهائی و بابی و بوهرەو دەیان گروپی تری گومڕایی زەندەقە! هەموو هەر لافی ئیمانداری و ئیسلامەتییان لێ دەدا!!

کۆمۆنیستەکانیش هەیانبوو نەك هەر خۆی بە موسوڵمان دەدایە قەڵەم دەبوو پێشی بڵێن (حاجی)! بەشێکی ئیداری حیزبەکەشیان ناونابوو: کۆمیتەی کاروباری دینی!! جا تۆ سەیری ئەم فریوو دانەو ئەم بێ چاوو راوییە؟! ئاخر بۆیە خوای گەورە دەربارەی هەموو دووڕووان دەفەرموێ: (يُخَادِعُونَ اللّهَ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَمَا يَخْدَعُونَ إِلاَّ أَنفُسَهُم وَمَا يَشْعُرُونَ) البقرة/٩ واتە: دەیانەوێت خواو موسوڵمانان

فریوو بدەن! ئاخر نازانن ئەوەی دەیکەن خۆ فریوو دانە!! بێ ئەوەی هەست بە خۆیان بکەن، خۆیان هەڵ دەخەڵەتێنن..

کوڕە هەندێك زەندیقی تر پەیدا بوون داوایان دەکرد پرۆژە بە ناوی (هاوڕێیەتی دینەکان) دابمەزرێت! تا ئەو پەردە تەنکەی لە نێوان ئەهلی ئیمان و کوفرو شیرکدا ماوە، ئەویش پارچە پارچە کەن! دەیانوویست کتێبی مەکتەب وا بنوسرێتەوە کە خاڵی هاوبەشی هەر سێ دینەکەی جولەکەو دیان و ئیسلامیان تێدا بخرێتە روو !!

دوژمنە سەر سەختەکانی شەریعەتی ئیسلامیش هەر لافی باوەڕو پاڵانتەی موسوڵمانێتی لێ دەدەن!! غەربزەدەو لائیکی و سکوڵەریستەکانیش، کە هەڵوێستیان غەریب و مێژوویان وەك ئەو رۆژنامانەیان رەشە کە بە کوفرو تیرو توانج و هەڕەشە پڕیان دەکردەوە، کە هەمیشە خەریکی ژێوان کردنەوەی خەڵکی بوون لە ئیسلام ئەمانە - کە هەموو تەمەنیان لە شێواندنی ئیسلامدا بردۆتە سەر- وا کەوتوونەتە ئیدیعای ئیمانداری و پاکانەی دینداری! ئەمانە هەموو بیرو دیدو ووزەو وورەیان بۆ کارکەنار کردنی شەریعەتی ئیسلام خستبووە گەڕ، دژی هەموو پرۆژەیەك بوون کە بۆ ئیسلامی کردنی دەوڵەت دەخرایە پێش، ئەمانەی ووڵات بە ووڵاتی دەرەوە دەگەڕان تا مێژووی ئەهلی ئیسلام، وەك مێژووی زوڵم و ستەم و دەستدرێژی، وەکو زنجیرە رابواردن و شەراب و فاحیشەچێتی نیشان دەن! کەچی ئێستا وا لە دوای رەنجی فەرهادییان بایان داوەتەوە سەر هەواداری ئیمانداری..

**هۆ موسوڵمانیە:** ئای باوەڕ کە دەبێتە لاف و گەزافی سەر زارارن چەند بێ نرخ و هەرزان دەبێت، کە دەشبێتە کۆڵی شان و بازووی زۆران پیاوی دەوێت خۆی لێدا! ئێوەش موسوڵمانینە، بە خوا قەسەم هەر یەکەتان لە جێی خۆیەوە بەرپرسی لای خوای گەورەیە.. هەر یەکەمەمان دەبێت لای خۆیەوە دەست داتە ڕێکخستنی موسوڵمانان و سەرخستنی ئەم شەریعەتە، ئەرکی سەرشانی هەمووانە دوژمنانی ئەم شەرعە کەشف کەین، وەکو خۆیان بیانخەینە روو، نەهێڵین دوژمنانی ئەم دینە خۆیان لە پەنا پیرۆزی باوەڕدا مت کەن، با هەموو لەوە دڵنیا بین کە ئەو کەسەی خۆی بە شەیتان فرۆشتووەو خۆی بۆ کوفر یەکلا کردۆتەوە، ئیسلامەتی نەماوە، ئەوە لە ریزی دوژمنانی شەرعدا بۆ دوژمنایەتی وەستاوە، بۆ پیلان گێڕان و تیر هاوێشتن چۆتە ئەو بەر، ئاگادارین بە ناوی موسوڵمانێتی و لافی ئیسلامەتییەوە دزە نەکاتەوە ناو ریزەکانمان ..

پێڕێك لە ناواخنی ئەم ئوممەتەدا هەن، لە دینەکە دەرچوون، عەقیدەکەیان توورِ هەڵداوە، ئیسلامەکەیان لەبەر خۆیان داماڵیووە، بوونەتە زوڕنای شایی ودەهۆڵی گومڕایی ئەو فیتنەئەنگێزییەی لە رۆژئاواو رۆژهەڵاتەوە بۆمان هاتووە، ئەمانە هەر لە هەر لایەکەوە کەسێك ئاڵایەك هەڵکات - هەر هی ئیسلام نەبێت - پێیان خۆشە خۆ بخەنە بەر سایەی! بوار بۆ هەموو بانگەوازێك - هەر هی ئیسلام نەبێت- دەکەنەوەو بەرگری لە هەموو بانگەشەیەك دەکەن، لیبراڵییە، فاشیستییە، هەر قال و قوولێکی شەیتانی گومڕایی بێت ئەمان پێیان خۆشەو دەبنە شایەری و پێیدا هەڵ دەدەن، جاری وا هەیە هیچیشی لێ نازانن - بەڵام هەر بۆ دژایەتی کردن و لاواز کردنی دینەکە- مەتحی دەکەن لەگەڵ ئەم هەموو رۆڵە

ناحەزەشیاندا هەر خۆیان بە ئەهلی ئیسلام و بە موسوڵمان نیشان دەدەن! کە موناقەشەیان دەکەیت، کەف دەپەڕێتە لا لغاوەیان هێندە توند بەرگری لە ئیمان و ئیسلامەتی خۆیان دەکەن و بۆت دەسەلمێنن! کە باوەڕ لە ناخیان چەقیووەو ئیسلامەتیەکەیان پشتاو پشت بە سەر راستی هێناوە ..

ئایا ئەو (مەلاو داعی!) انەی کە ئەم عەلمانیانە هەر لە ریزی موسوڵماناندا حسێب دەکەن و هەمیشە بەرگریان لێ دەکەن، ئەم ئیسلامیانەی ژیری و رۆحی خۆیان بە سەرابەکانی مورجیئەو جەهمیە بێ هۆش کردووەو ئیدیعای ئەوە دەکەن کە باوەڕ هێنان هەر راستگۆ زانینەو بەس، ئەوانەی کە باوەڕی خەڵکی بەوە پینە دەکەن کە گوایە مادام ئەو عەلمانییە لائیکییانە بە ئاشکرا هیچ ئایەت وحەدیسێك رەفز ناکەنەوە، کەوا بوو باوەڕیان سەلامەتەو موسوڵمانن! با ئەحکامەکانی خواش بگۆڕن! با هەندێك ئەحکامیشی وەرنەگرن و بەرپەچی بدەنەوەو با تانەو توانجیشی لێ بدەن! ئەوانە با بشڵێن شەریعەتی ئیسلام دەستووری بیابان نشینییەو وەحشیگەرییە، خۆ هەر موسوڵمانن! ئەوانە با لەگەڵ بەرەی شەیتانی ئینس و جننیشدا بن، با بۆ لادان و رادانی شەریعەتی ئیسلام لە سەنگەری رۆژئاواشدا بن، و

با دژی شەرعناسان و خوازیارانی ئەحکامەکانی خواش بن، مادام ئیعتیراف دەکەن و- با بە قسەش بێت - دەڵێن موسوڵمانین هەر موسوڵمانن و ئەو هەڵوێستانەیان زەرەری بۆ باوەڕو دینداریەکەیان نییە!! ئاخر ئەمە چۆن دەگونجێت؟ !!

ئاخر ئەگەر راستەو ئەو عەلمانیانە باوەڕیان بە ئیسلام هەیە، بۆچی ترسی خوایان ئەوەندە لە دڵدا نییە، هانیان بدات بۆ چەسپاندنی شەریعەتەکەی لە جیاتی رێ گرتن لێی؟!مەگەر نازانن لە پاداشتی ئەو هەڵوێستە دوژمنکارانەیاندا، سبەینێ خوای پەورەدگار لە ساحەی مەحشەردا دەیانوەستێنێت و رووڕەشیان دەکات و سزای سەختییان بۆ بڕیار دەدات و بە ئیهانەوە فڕێ دەدرێنە دۆزەخەوە؟!

ئەدی ئەو مەلاو داعیانەی بۆ بەرگری لەو مورتەدانە بوونەتە پارێزەر، نازانن بەم کارە نارەوایانەیان خۆشیان و خەڵکیش چەند لەم ئیسلامە دوور دەخەنەوە، ئاخر نازانن بەرپرسێتی قیامەتیان دەکەوێتە سەرو سبەینێ خوای پەروەردگار ئەوانیش لە ساحەی مەحشەردا چاو بەرەوژێر دەوەستێنێت و سزای گونجاوی پڕ بە پڕی هەڵوێستەکانیان دەداتەوە؟!

ئایا ئەوانەی دەڵێن دەبێت دین لە دەوڵەت جوێ کرێتەوە نازانن کە بەم راو هەڵوێستە هەموو دینەکە دەڕمێنن؟! نازانن کەسێك ئەم هەڵوێستە دەگرێتە بەر کە مورتەد بووبێتەوەو فڕی بەسەر ئیسلامەوە نەمابێت؟!

ئایا ئەوانەی عەلمانیاتیان دەوێت و شەو ورۆژ هاواری جوێ کردنەوەی دین لە دەوڵەت دەکەن، نازانن کە عەلمانییەت خۆی شۆڕشی دژی پێغەمبەرایەتییە؟! نازانن کە عەلمانییەت کۆدەتایەو دژی دین ئەنجام دەدرێت؟! نازانن کڵپەی گڕەو بە دەستی خۆیان لە کەعبەی بەر دەدەن؟!

ئایا ئەوانەی کوفری موتڵەقیان بە کۆڵیاندا داوەو شەریعەتەکەی خوا دەبوغزێنن و ئیدیعای باوەڕو ئیسلامەتیش دەکەن، نازانن بەم کارەیان

دۆستایەتی دوژمنانی ئیسلام دەکەن؟ بە وویست و ئیرادەی سەربەستی خۆیان لایەنگری ئەوان دەکەن و سەریان دەخەن؟! نازانن بەم هەڵوێستە رقنەیان وا دەکەن کە ئوممەتەکەمان هەر لە خولگەی بۆش و بەتاڵی ئەم سیستم و رژێمە نارِەوایانەدا بێ هودە بخولێتەوە؟ **باشە ئەمە بە قازانجی کێ دێتەوە؟!** مەگەر بە قازانجی جولەکەی زایۆنی و خاچپەرستی شەڕانی نایەتەوە؟!

مەگەر ئەوان نین لەم رێگایانەوە ئوممەتەکەمان بەرەو کەندەڵانی بێ بنی نەبوویی دەبەن و هەموو ووزەو توانایەکی دەپوکێننەوە تا هیچ نەکات بە هیچ؟! جا کەوابوو با ئەو عەلمانیانە بزانن کە سەرەنجامی ئەم دیدو بیرو هەڵوێستەیان، هەر بەقەدەر زەندیق و فەرماسۆن و مورتەددەکانی تر باوەڕ دەردەبەن؟! ئەوان چەند مۆرکی ئیسلامەتییان پێوەیە، ئەمانیش لەوە زیاتریان پێوە نابێت.

ئایا ئەو عەلمانیانە نایانەوێت لەوە شارەزابن و دڵنیا بن کە باوەڕ هەم بەراستگۆ زانینە هەم ملکەچی و گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەرە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ؟ نازانن کە رەفز کردنەوەی شەرعەکە و تەسلیم نەبوون و جێبەجێ نەکردنیان، یان رەفز کردنی ئەحکامەکانی ئیسلام لە بوارەکانی سیاسەت و حوکم و داوەری و بوارەکانی تر، رەفز کردنەوەی هەموو قورئان و هەموو سوننەتی پێغەمبەرە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، بەمەش حوکمی مورتەددیان بەسەردا دەدرێت، چونکە بزانن یان نا، ئەوانە لە قوڵایی زەلکاوی کوفردان و بیانەوێت یان نەیانەوێت کافری گومڕاو سەرگەردانن..

چما ئەو عەلمانیانە ئەوە نازانن کە دوژمنانی ئیسلام چەند سوورن لەسەر ئەوەی ئیسلام نەیاتە بەرەکانی شەڕو بەربەرەکانێیانەوە؟ نازانن کە دوژمنانی ئەم

ئیسلامە سوورن لەسەر ئەوەی ئیسلامەکە هەر لە سندووقە ژەنگاویەکەی بنی دەریادا بمێنێتەوە تا سەربازو سەرانی لەشکرکێشیەکەی ئەمان لە وولاتانی ئیسلامدا هەر بە فیزو لووت بەرزی خۆیانەوە - بێ ترس وبێ مونافیس- بۆ وێرانکاری و جەردەیی و رووتانەوەی وولاتان بێن وبچن؟!

رۆژنامەی (یەدعووت ئەحرەنووت)ی ئیسرائیلی لە ١٩٧٨/٣/١٨ دا مەقالەیەکی لەسەر هێرشەکەی جولەکە بۆ سەر باشووری لوبنان نووسی، تێیدا رەخنەی لە تەلەفزیۆنی ئیسرائیلی گرت کە بۆچی دیداری سەعد حەددادی خائینی[١] کردووەو دیمەنی خۆشحاڵی و ئاهەنگ و کۆڕی گوندە مەسیحییە مارۆنییە لوبنانیەکانی سەر بە ئیسرائیلی نمایش کردووە؟! کە بۆ پێشوازی سوپای ئیسرائیل خۆیان رازاندبۆوە! با لێرەدا هەندێك لەو رەخنانەی یەدعۆت ئەحرەنۆت بهێنینەوە، بەڵکو ببێتە زەنگێکی وەبیر هێنانەوە بۆ چەواشەکاران و چەواشەکراوان و ئەوانەش کە بێ خەم لە گوێی گادا خەوتوون :

رۆژنامەکە دەڵێ: (هۆکارەکانی میدیاکانمان نابێت ئەو حەقیقەتە گرنگە لەبیر کەن کە بەشێکی سەرەکییە لە ستراتیژی جەنگی ئیسرائیل دژی عەرەب، ئەویش ئەوەیە کە ئەو سەرکەوتنەی ئێمە بە رەنجی خۆمان و رەنجی دۆستەکانمان بە دەستمان هێناوە، لەوەوە بووە کە توانیومانە - بە درێژایی ٣٠ سی ساڵی رابوردووی شەڕ - ئیسلام بۆ هەتا هەتایی لە بەرەکانی شەڕ دوور خەینەوە، بۆیە

---

[١] سەرۆکی سوپایەکی مەسیحی سەر بە ئیسرائیل بوو، دوای رزگار کردنی باشووری لوبنان لە ٢٠٠٣ ئەوانیش نەمان و زۆرینەیان هەڵاتن بۆ ئیسرائیل و هەندێکیشیان بوونە پەناهێندەی وولاتانی رۆژئاوا ( و )

نابێت بۆ ساتێکی کەمیش بێت لە راپەڕاندنی پلان و نەخشەکانی خۆمان بێ ئاگا ببین، کە نابێت بهێڵین گیانی ئیسلامەتی ببوژێتەوە، نابێت بهێڵین بە هیچ جۆرێك ئیسلام بگەشێتەوە، بەڵکو دەبێت هەموو شێوازێك بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستە بگرینە بەر، تەنانەت ئەگەر پێویستی کرد دەبێت بە دۆستەکانمان بڵێین کە ئەوپەڕی توندو تیژی لە دامرکانەوەی رابوونی ئیسلامدا بەکار بهێنن، بە هەر شێوەیەك بێت هەر نابێت بهێڵین ئەو گیانە ئیسلامییەی لە ناوچەکەدا بە دەورماندا ئاڵاوە زیت بێتەوە..) ئینجا رۆژنامەکە ئاوا کۆتایی بە مەقالەکەی دێنێت: (بەڵام تەلەفزیۆنەکەی ئیسرائیلمان کەوتە هەڵەیەکی زۆر گێلانەوە، خەریك بوو هەرچی پلان و نەخشەمان هەیە هەموویمان لێ هەڵوەشێنێتەوە، ئەو رەفتارە گەوجانەی ئەو بووە هۆی - گەرچی بە تینێکی کەمیش بوو- زیت بوونەوەی ئەو گیانە ئیسلامییە، دەبێت ئینجا خەمی ئەوەمان بێت کە کۆمەڵە ئیسلامیەکانی - کە بە دوژمندارێتییەتی ئیسرائیل ناسراون- ئەم رووداوە بۆ خۆیان نەقۆزنەوەو هەست و هۆشی خەڵکی دژمان پێ نەخرۆشێنن، ئەگەر ئەوان لەوەدا سەرکەوتوو بوون و ئێمە لە هاندانی دۆستەکانمان بۆ لێدانیان فاشل بووین، دەبێت ئەو کاتە رووەو رووی دوژمنێکی حەقیقی ببینەوە نەك (خەیاڵی)ی، ئەویش هەر ئەو دوژمنەیە کە بەردەوام سوور بووین لەسەر دوورخستنەوەی لە بەرەکانی رووبەڕوو بوونەوەکانمان ..

ئەگەر موتەعەسسیبەکان سەرکەوتن (ئەوانەی قەناعەتیان وایە کە ئەگەر جولەکەیەك بکوژن یان جولەکەیەك بیانکوژێت دەچنە بەهەشت) ئەو کاتە ئیسرائیل خۆی لە بارودۆخێکی زۆر ناسکدا دەبینێتەوە)..[1]

دوای ئەم قسە راست و ڕەوانانە، دوای ئیعتیرافی دوژمن خۆی بەم حەقیقەتانە، بزانین ئەو عەلمانییە گێلانە بە هۆش خۆیان دێنەوە؟ یان چەڕە دوکەڵی قین و تەم و مژی بێ ئاگایی و دیواری دەروونی ئاڵۆزیان ئەوەندەیان بەربەست دروست کردووە کە تیشکی حەقیقەتی وا نەگاتە دڵ و دەرونی وایان؟!

مەگەر ئەوانەی ئاوا هەوڵ دەدەن دەنگی دلێری ئیسلامەتی لە میللەتانیاندا کپ کەن هەست ناکەن کە بە دەستی خۆیان ماڵ و تەخت و تاراجی خۆیان دەڕوخێنن، ئەم کارە گەلۆرانەشیان هەر لە بەرژەوەندی دوژمنەکانی خۆیان دێتەوە؟! ئەو دوژمنانەی لەو دیوو پەردەوە حەساوانە دانیشتوون و زیرەکانە بە دەستی ئەمان بەرهەم دەچنەوە..

---

[1] ئەوە حاڵی ئێستایانە لەگەڵ حەماس و جیهادی فەڵەستینی (و).

أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ
وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللّهِ حُكْمًا
لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ

سورەتی مائیدە: ٥٠

## بەشی چوارەم

### کۆڕا (ئیجماع) ی ئوممەت لەسەر کافر بوونی

### ئەو کەسەی داوەری دەباتە لای غەیری قورئان و سوننەت

ووتمان کە چەسپاندنی شەریعەتی ئیسلام و حوکم پێکردنی مەرجێکی موسوڵمان بوونە، ئەوی دەڵێ بە خوایەتی خوای پەروەردگارو بەرنامەی ئیسلام و پێغەمبەرێتی محمد المصطفى صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رازیم، دەبێت ملکەچی شەریعەتی ئیسلامیش بێت و هەموو ئەو ئەحکامانە بە راست بزانێت کە لە لایەن خوای گەورەوە نێرراونەتە خوارەوەو دەبێت تەسلیمیان بێت. چونکە هەر کەس حوکمێك لەوانە بخاتە لاوەو قبووڵی نەبێت پێی کافر دەبێت. ئەمەش لە بەڵگەنەوویستەکانی دینداری و ئیسلامێتییە، لەوەیە کە پێی دەڵێن: (ماعُلِمَ مِنَ الدِّينِ بِالضَرورَة) واتە: لە داواکارییە پێویستییەکانی دیندارییە. نەوە بە نەوەی موسوڵمانان لەسەری کۆك بوون و نەلە کۆندا و نەلە سەردەمی نوێدا زانایەك پێچەوانەی ئەمەی نەووتووە، هەر زانایەك، هەر شەرعناسێك کتێبێکی دینی نووسیبێت، ئەمەی وەکو خاڵی سەرەکی ئیسلام روون کردۆتەوەو کۆڕا (ئیجماع) ی زانایانی پێش خۆی و هی ئەوانەی سەردەمی خۆی روون کردۆتەوە، بۆی لە سەرەتای ئیسلامەوە تا ئەمڕۆ ئەم مەسەلەیە بە خاڵە نەگۆڕەکانی ئیسلام ژمێرراوە. با ئێمەش هەندێك لەو نووسینانەی ئەوان وەرگرین و بیخەینە روو، تا پەردەی سەر رووی کوفری هەندێك داماڵین کە دەیانەوێت لە پەناوە سەرەتاتکێی کافرانە لەم بەڵگە نەوویستە شەرعییە بکەن:

یەکەم: الحافظ ابن کثیر: ئیمامی ئیبن کەثیر لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا: (أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ) المائدة/٥٠ واتە: ئایا حوکمی جاهیلییەتیان دەوێت؟! کێ لە خوای گەورە حوکم و داوەری خەڵکانێك باشتر دەکات کە لە دینداریان دڵنیان بوون. ئیمامی ئیبنو کەثیر دەفەرموێ: خوای گەورە لێرەدا سەرزەنشتی ئەو کەسە دەکات کە وازی لە حوکمی خوای پەروەردگار هێناوە - کە هەموو خێرێکی لە خۆ گرتووەو لە هەموو خراپەیەکیش دوورە - واز لەم خێرە دێنێت بۆ بەرنامەی کەسانێك کە هەر هەواو هەوەس و راو بۆچوونی کەسانێکە، کە خۆیان پەسەندییان کردووە و بێ ئەوەی رەزامەندی خوای لەسەر بێت، یان شەریعەتەکەی خوا بیگرێتەوە ئەمەیان کردووە بە رێسای داوەری و حوکم! ئەمەش وەکو ئەوەیە کە ئەهلی جاهیلییەت (پێش ئیسلام) گومڕایی و نەفامێتیەکەی خۆیان دەهێناو بە دیدو رای خۆیان دایان دەرِشت و دەیانکردە یاسای داوەری، یان وەکو ئەوەیە کە تەتارەکان حوکمی پێ دەکەن، کە لە سیاسەتی پاشایەتی خۆیانەوە هێناویانە، دیدو رای جەنگیزخانی پاشای خۆیانە، ئەو بەرنامەیەکی بۆ دارِشتبوون و ناوی نابوو (یاسق)[١]، کە بریتی بوو لە کتێبێکی کەشکۆڵی ئەحکام و یاسا کە لە چەندین

[١] ئەوەی لە فارسیدا پێی دەڵێن یاساغ هەر ئەم یاسقەیەو ئەوان چونکە ق دەکەن بە غ ئاوای لێ هاتووە، کوردیش یان لە فارسیەوە وەریگرتووە، یان هەر لە زەمانی تەتارەوە لای ماوەتەوەو بووە بە یاساغ واتە مەمنوع، پاشان بووە بە یاسا.. والله اعلم گرنگ ئەوەیە زاراوەیەکی زۆر گونجاوو چەسپاوە بۆ بەکارهێنانی لای ئیسلامییان، چونکە لە مێشك و کلتووری کوردیدا بڕیارەکانی حکومەتە کە بەرامبەر شەرع دانراوە، بۆیە کوردەواری کە

شەریعەتی جودا وەری گرتبوو وەك شەریعەتی جولەکەو دیانەکان و شەریعەتی میللەتی ئیسلام و هیتر، زۆر ئەحکام و برِگەو برِیاریشی تێدایە کە هەر لە هەواو هەوەسی خۆیەوە دایرِشتوون، ئیتر دواتر لای کورِو نەوەکانی بوو بە یاساو رێسایەك کە شوێنی کەوتوون و خستوویانەتە پێش حوکمی قورئانەکەی خواو سوننەتەکانی پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حوکمی هەر کەسێك لەوانە وا بکات، [1] کوفرە، پێی کافر دەبێت و پێویستە جەنگی دژ بەرپا بکرێت تا دەگەرِێتەوە سەر حوکمی خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، تا داوەری بە غەیری حوکمی خواو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە هیچ شتێکی کەم یان زۆردا ناکات.[2] لە تەفسیری ئایەتی: (فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ) النساء/٥٩ واتە: ئەگەر کێشەو ناکۆکیەکتان لە سەر شتێك لە نێواندا دروست بوو، داوەریەکەی بگەرِێننەوە لای خواو پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەگەر راست دەکەن و باوەرِتان بە خواو بەرۆژی دوایی هێناوە.. ئیمامی ئیبنو کەثیر دەفەرموێ: ئەمە فەرمانێکەو لە خوای پەروەردگارەوە دەرچووە کە بۆ چارەسەری هەر کێشەو ناکۆکیەك کە لە نێوان خەڵکیدا دروست دەبێت، دەبێت بگەرِێنەوە سەر بنەماکانی دین، چ ئەسڵکانی بن چ برِگە لقییەکانی، دەبێت داوەری کردنی خەڵکی بە پێی قورئان و

دەیانەوێت کێشەی کۆمەڵایەتی خۆیان چارەسەر بکەن، دەڵێن یا لای مەلا یان لای دادگاو یاسا!! کەوابوو یاسا شتێکەو شەرعیش شتێکی تر.

[1] دایرِێژێت یان داوەری پێ بکات.

[2] تفسير القران العظيم/لابن كثير ٦٧/٢.

سوننەتەکانی پێغەمبەرەکەی بێت. هەر وەکو خوای گەورە دەفەرموێ: (وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِن شَيْءٍ فَحُكْمُهُ إِلَى اللَّهِ) الشورى/١٠ واتە لە هەر شتێکدا ناکۆك بوون، حوکمی ناوبژی و داوەری کردنەکەی هی خوایەو ئەو دەیکات. چونکە هەرچی حوکمێك لە قورئانەوە هاتبوو، یان لەسوونەتی سەلمێنراوی پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتبوو هەقەو دەبێت وەرگیرێت، غەیری هەقیش هەر گومڕاییە.. بۆیە لە کۆتاییدا فەرمووی: (إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ) ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە هەر کەس بۆ چارە سەری کێشەو ناکۆکیەکانی نەگەڕێتەوە سەر داوەری و حوکمی کە لە قورئان و حەدیسدا هەن، ئەو کەسە باوەڕی بە خواو بە رۆژی دوایی نییە.[1]

لە کتێبی (البداية والنهاية) کەشیدا هەر دەفەرموێ: (هەر کەسێك ئەو شەریعەتە پاکە رەوایەی بۆ محمدی کۆتا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتۆتە خوارەوە واز لێ بهێنێت و داوەری خۆی بباتە لای ئەو شەریعەتانەی پێش ئەو کە بە دینەکەی ئەم نەسخ بوونەتەوە (حوکمیان سڕراوەتەوە) کافر دەبێت، چ جای کەسێك کە دەیباتە لای یاسق و ئەوی پێ قبوولە، چ جای ئەو کەسەی کە حوکمی یاسقەکەش لە پێشتر دەگرێت و هی ئەوی پێ باشترە لەوەی خواو پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ؟! هەر کەسێك وا بکات، ئەوە بە کۆڕا (ئیجماع) ی هەموو موسوڵمانان کافرە)..[2]

---

[1] تفسير القرآن العظيم/لابن كثير ١/٥١٨.

[2] البداية والنهاية ١٣/١١٩.

**دووەم: الامام ابو بكر الجَصَّاص:** الجَصَّاص رەحمەتی خوای لێبێت له کتێبەکەیدا: (أحكام القرآن) دا له تەفسیری ئەو ئایەتەدا کە خوای گەورە دەفەرموێ: (فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا) النساء/٦٥ واته: سوێند بێت به خواکەی تۆ، باوەڕیان نییە تا تۆ نەکەن بە حەکەم و داوەر لەو کێشانەدا کە لە نێوانیاندا روو دەدات، پاشان کە حوکمت دان نابێت هیچ گرێ و گۆڵێك لە دڵ و دەروونیاندا بمێنێت، و دەبێت بە تەواوی تەسلیم بەو حوکمەت بن.. الجَصَّاص دەفەرموێ: ئەم ئایەتە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە هەر کەسێك بە فەرمانێکی خوای گەورە، یان هی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رازی نەبێت و رەتی بکاتەوە دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی ئیسلامەتی جا ئیتر ئەو حوکمەی لەبەر گومان لێ کردنی رەت کردبێتەوە یان لەبەر رازی نەبوون پێی و وەرنەگرتنی، واتە تەسلیم نەبوونی پێی ئەمەش هەڵوێستە راستەکەی ئەسحابەکان دەچەسپێنێت کە بەرامبەر پاشگەزبووەوەکان (المُرتَدون) گرتیانە بەر، کە قەناعەتیان هاتە سەر ئەوەی ئەمانە - مادام زەکات نادەن - کافر بوونەتەوەو کوشتاریان جائیزەو دەشێت ماڵ و منداڵیان بە دیل بگیرێت. چونکە خوای گەورە حوکمی ئەوەی داوە کە هەر کەس حوکمی پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەرنەگرێت و تەسلیمی نەبێت و ملکەچی نەبێت لە ریزی ئەهلی باوەڕ حسێب نابێت.[١]

**سێیەم: شیخ الاسلام ابن تیمیه:** شیخ الاسلام ابن تیمیه رەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: (هەر کەسێك ئەو حەرامەی حەڵاڵ کرد کە ئیجماعی لەسەرە یان

---

[1] أحكام القرآن الكريم للجصاص ١٨١/٣

ئەو حەڵاڵەی حەرام کرد کە ئیجماعی لەسەرە، یان شەرعێك کە ئیجماعی لەسەرەو ئەو گۆڕی، ئەوە بە رای هەموو زانایان کافرە، مورتەددە.[1]

**چوارەم: الشيخ محمد بن ابراهيم موفتی پێشووی عەرەبستانی سعودی:** شێخ محمدی کوڕی ئیبراهیم کە موفتی گەورەی پێشووی شانشینی سعودیە بوو دەفەرموێ: بە راستی لە گەورەترین و زەقترین کوفری دزێوو و ناشیرین، ئەوەیە کە یاسای لەعین، بخرێتە شوێن و جێی ئەوەی کە جوبریلی ئەمین، هێنایە خوار بۆ سەر زەمین، بۆ سەر دڵی محمدی تاکە پێشەوای دین و ژین صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، تا بە زمانێکی رەواو پاراوی عەرەبی شیرین، بۆ هەموو خەڵکی سەر زەمین، ببێتە ئاگادار و مژدەوان، ئەویش ئەم دینەی وا گەیان، تا لەسەرانسەری جیهان، بێت و بێ بە ناوبژیوان، بۆ چارەسەری ناکۆکی تاك و گەلان، ببێتە دەستووری حوکم و بڕیاری دەستی داوەران.. ئاشکرایە، ئەم یاسایە، پێچەوانەی ئەم دینەیەو بەرهەڵستی شەرعی تیایە، بەڵگەی ئەمەش ئائەم فەرمایشتەی خوایە: (فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً) النساء/٥٩ واتە: ئەگەر کێشەو ناکۆکیەکتان لە سەر شتێك لە نێواندا دروست بوو، داوەریەکەی بگەڕێننەوە لای خواو پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ئەگەر راست دەکەن و باوەڕتان بە خواو بە رۆژی دوایی هێناوە، ئاخر خێر لەوەدایەو ئەوەش چاکترین بۆچوون و هەڵوێستە.[2]

---

[1] مجموع الفتاوى / لابن تيمية ٢٦٧/٣.

[2] رسالة تحكيم القوانين/للشيخ محمد بن ابراهيم. ل١

**پێنجەم: المُحَّدِث أحمَد شَاكِر:** شێخ ئەحمەد شاكر[١] دەفەرموێ: كوفری ئەم یاسا دەسكردانە وەكو خۆری نیوەڕۆی هاوین رۆشنە.. كوفرەو كوفرێكی موتڵەقیش، هیچ پێچ و پەنای ناوێت. بەراستی ئەوی خۆی بە ئەهلی ئیسلام دەزانێت - هەر كەسێك بێت- بەهانەو هەنجەتی نە لە وەرگرتنیدا هەیە، نە لە بڕیار دانیداو نە لە راپەڕاندنیشیدا هەیە. جا با هەر كەس چاودێری خۆی بێت و حەزەری تەواوی خۆی وەرگرێت نەكەوێتە داوی.[٢]

شێخ مەحمود شاكریش دەربارەی جیاوازی نێوان چەسپاندنی یاساو رێسا دەسكردەكان و لادان و لە رێ دەرچوونە سزاوەرییەكان، دەفەرموێ: (ئەو پرسیارەش كە بیدعەچی زەمانی خۆمان گرتوویانە بە كۆڵیانەوەو زوو زوو دەیكەنەوە، مەبەستیان هەر ئەوەیە كە یاساو رێسایەكی تر پێچەوانە بە شەریعەتەكەی ئەهلی ئیسلام بكەنە دەستوری دادگاكان و بۆ چارەسەری كێشەكانی خوێن و ناموس و سامانی خەڵكی پەنای ببەنەوە بەر، هەر بۆ ئەوەیە كە خەڵكە موسوڵمانەكەش وا لێ بكەن داوەری خۆی نەباتەوە بەر شەرع، تا هەر چاوی لە حوكمێكی دژ بە قورئان و سوننەتی پێغەمبەر بێت صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، خۆ هیچ گومانێك لە كافرێتی ئەم كارەدا نییە، كافرێتی ئەو كەسە روونە كە دەیەوێت داوەری خۆی بباتە لای یاسایەك كە پێچەوانەی شەریعەتەكەی خوایە. دەبێت كافر بوونی ئەو كەسەی كە لە شەریعەتی ئیسلام بێزارەو حوكمی

---

[١] زانای گەورەی میسر بوو، وەكو شێخی ئەلبانی رەحمەتی فەرمودەوانێكی بەناوبانگ بوو، خاوەن تەفسیرو توێژینەوەی فەرمودەی زۆرە.. (و)

[2] عمدة التفسير/احمد شاكر ٢/١٧٢.١٧٤

یاساو رێسای کوفری پێ چاکترە لەوەی خوای گەورە، دەبێ کافرێتی ئەمە چ پێویستییەکی بە بەڵگە بێت؟!خۆ ئەمە کوفرێکی ئەوەندە ناقۆڵاو زەقە کە هەموو ئەهلی قیبلە -هەر چەند لە ناو خۆیاندا را جوێ بن - دەیزانن، دەزانن کە هەر کەس ووتی یاسایەکی تری غەیری رێسای شەریعەتی خوای گەورە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی شیاوترە، پێی کافر دەبێت، ئەوی لایەنگیریشی دەکات هەر کافر دەبێت، ئەوی بانگەشەشی بۆ دەکات هەر کافرە ..

ئەمەش کە ئەمڕۆ ئێمە تێیداین، واز هێنانە لە شەریعەتی ئیسلام و کەناردانی ئەحکامەکانی خوای گەورەیە! ئەمە بە راسترو بەچاکتر زانینین ئەحکامی دەسکردی مرۆڤە، ئەوانە پێیان وایە کە حوکمی غەیری خوای گەورە رەواترە لە حوکمی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ!! ئەمە هەر خۆی لە خۆیدا جورئەتێکی پەك خستنی ئیسلامە، ئەمە تووڕ هەڵدانی شەریعەتەکەی خوایە! ئەمە قسەیەکی زۆر دژوارە، کە خەڵکانێك -خۆیان بە موسوڵمان بزانن و- ئاوا هاوارکەن کە شەریعەتی ئیسلام هی زەمانێکی کۆن بووەو ئێستا باوو شیاوی نەماوە.

**شەشەم: الشيخ محمد الخضر حسين شێخی الجامع الازهر:** شێخ محمد الخضر دەفەرموێ: جوێ کردنەوەی دین لە سیاسەت، بریتییە لە رماندنی زۆرینەی حەقیقەتەکانی دین، موسوڵمان کاری وا ئەنجام نادات، ئەوی ئەوە دەکات لە ئیسلامەتی داشۆراوەو بە تەئکید موسوڵمان نەماوە.[1]

---

[1] مؤامرة فصل الدين عن الدولة/ محمد كاظم حبيب لا ٢١. لێرەوە بۆ چاککردنی حاشیە.

**حەوتەم: الشيخ محمد حامد الفقی:** شێخی گەورەی شام شێخ محمد حامد الفقی دەفەرموێ: (هەر کەسێك قسەو رای فەرەنگەکان (ئەوروپاییەکان) بکاتە یاسای دادگاو داوەری خوێن و نامووس و سامانی بباتە لاو بیخاتە پێش ئەو ئەحکامانەی ئیسلام کە لە قورئان و سوننەتدا باس کراون، ئەوە کافرەو مورتەددە مادام بەردەوام بێت لەسەری و خێرا نەگەڕێتەوە سەر ئەحکامەکانی خوای پەروەردگار. ئەگینا هەر ناوێك لە خۆی نێت، یان لاف و گەزافی خاوەنێتی هەر کارو کردەوەیەکی چاکی وەکو نوێژو رۆژوو حەج و ئەوانە لێ بدات، هەر سوودی بۆی نییە مورتەددد بووە.[1]

**هەشتەم: الشيخ عبدالعزيز بن باز سەرۆکی گشتی ئیدارەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی و فەتواو بانگەوازو ئیرشاد لە عەرەبستانی سعوودی:** لە رەخنەی بانگەشەی نەتەوایەتی عروبەدا دەفەرموێ: بانگەشە بۆ کردن و گردبوونەوە لە ژێر ئاڵای قەومایەتی عەرەبی، حەتمەن کۆمەڵگەکە بەرەو رەفز کردنەوەی حوکمی قورئان دەبات، چونکە نەتەوەپەرستە غەیرە عەرەبییەکان بە حوکم پێ کردنی قورئان رازی نابن، ئەمەش وا لە سەرانی قەومییەکان دەکات کە یاساو رێسای تر دارێژن کە پێچەوانەی حوکمی قورئان دەبێتەوە، بەو بەهانەی کە دەیانەوێت، هەموو کۆمەڵگە قەومییەکەیان لەو یاسایانەدا یەکسان بن .

وەکو ووتیشمان زۆر لە سەرانی نەتەوەپەرستانی عروبە ئەمەیان بە راشکاوی ئاشکرا کردووە، بە راستی فەسادو خراپەکاری گەورەش ئا ئەمەیە، ئەمە کوفرێکی ئاشکرایەو هەڵگەڕانەوەیەکی زەقە لە دینەکە، خوای گەورەش

[1] روون کردنەوەکانی شێخ محمد الحامد لە پەراوێزی کتێبی فتح المجيد دا لا ٤٠٦

دەفەرموێ: (فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا) النساء/٦٥ واتە: سوێند بێت بە خواکەت، باوەڕیان نابێت تا تۆ نەکەنە حەکەم و داوەر لە ناو خۆیاندا لە هەموو ئەو ناکۆکیانەی لە نێوانیاندا روو دەدات، ئینجا کە تۆش داوەریت کردن و حوکمت دان، دەبێت هیچ گرێ و گۆڵێك لە دڵ ودەروونیاندا نەمێنێت و دەبێت بە تەواوی تەسلیم بن، ئەگینا موسوڵمان نین.. هەروەها: (أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ) المائدة/٥٠ واتە: ئایا حوکمی جاهیلییەتیان دەوێت؟! کێ لە خوای گەورە حوکم و داوەری خەڵکانێك باشتر دەکات کە لە دینداریان دڵنیان بوون. وە: (وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ) المائدة/٤٤ واتە: هەر کەسێك حوکم بە غەیری ئەوە بکات کە خوا ناردویّتیە خوارەوە، ئەوە کافرە. هەروەها: (وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ) المائدة/٤٥ هەر کەسێك حوکم بە غەیری ئەوە بکات کە خوا ناردویّتیە خوارەوە، ئەوە زاڵمە. دیسان: (وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ) المائدة/٤٧ واتە: هەر کەسێك حوکم بە غەیری ئەوە بکات کە خوا ناردویّتیە خوارەوە، ئەوە فاسقە.. هەر دەوڵەتێك حوکم بە شەریعەتەکەی خوا نەکات، ملکەچی حوکمی خوای گەورە نەبێت، ئەوە دەوڵەتێکە بە پێی دەقی قورئان جاهیلییەو کافرەو زاڵمەو فاسقە، ئەرکی سەرشانی ئەهلی ئیسلام بوغزاندن و دژایەتی کردنێتی لەبەر خاتری خوای گەورە، دەبێت بەرەنگاری بوەستنەوە تا ئەو زەمانەی باوەڕ بە خوای تاك و تەنها دەهێنێتەوەو شەریعەتەکەی جێبەجێ دەکاتەوە، وەکو خوای گەورە دەفەرموێ: (قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ

وَالَّذِينَ مَعَهُ إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَاء مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاء أَبَدًا حَتَّى تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ) الممتحنة/٤

واتە: بێ گومان جوانترین نمونەی پێشەوایەتیتان لە ئیبراهیم و ئەوانەی لەگەڵیدان، هەیە. ئەوانەی کە بە میللەتەکەی خۆیان ووت: لەوە دڵنیا بن کە ئێمە لە ئێوە بەرین و لە هەموو شتێکتان کە لە جێی خوای گەورە بۆ پەرستن داتانناون تەبەڕڕاین. باوەڕمان پێتان نییە و شوێن راو رێبازتان ناکەوین. لە ئێستاوە چۆن رق و کینە لە نێوانماندا دەرکەوتووە؛ با هەروا بمێنێتەوە. ئەمەش هەڵوێستی هەتا هەتاییمانە و هەروا دەمێنینەوە. تا ئەو کاتەی ئێوەش باوەڕ دێنن کە تەنها خوای گەورە پاك و تاکە.[1]

لە شوێنێکی تریشدا دەفەرموێ: زانایانی ئیسلام رایان لەسەر ئەوە کۆیە کە هەر کەسێك ئیدیعای وا بکات کە گوایە حوکمی غەیری خوای گەورە چاکترە لە هی خوا، یان بەرنامەو رێبازی یەکێکی تری غەیری بەرنامەو رێبازی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چاکترە بۆ شوێن کەوتن، ئەوە کافرە.. دیسان رایان لەسەر ئەوەش کۆیە کە کەسێك وا بزانێت بۆی هەیەو دەتوانێت واز لە شەریعەتەکەی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بهێنێت و غەیری شەریعەتەکەی ئەو بچەسپێنێت، ئەوە ئەویش کافرو گومڕایە.. لەو بەڵگانەی لە قورئانەوە هێنامەوە، هەروەها لەو کۆڕایەی زانایانی ئیسلام کە لێیانەوە نەقڵمان کردووە، بۆ ئەو کەسەی پرسیارەکەی کردووە، بۆ غەیری ئەویش روون دەبێتەوە کە: ئەو کەسانەی بانگەشەی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی و رێبازو رێڕەوی تری روخێنەری

---

[1] فكرة القومية العربية على ضوء الاسلام/ صالح بن عبدالله العبود لا ٢٦٨.

پێچەوانەی ئیسلام دەکەن، کافرن، گومڕان.. کوفرو گومڕاییەکەشیان لە کوفرو گومڕایی جولەکەو دیانەکان چڕ ترو دژوارترە. بە مولحیدو بێ دینیش حسێبن لە ریزی ئەو کەسانەدا دادەنرێن کە باوەڕیان بە خواو بە ڕۆژی دوایی نییە، بۆیە نابێت هیچ یەکێك لەوانە بە خەتیب، یان بە ئیمامی مزگەوت، لە هیچ مزگەوتێکی موسوڵماناندا تەعین بکرێن، چونکە نوێژ لە دوایانەوە جائیز نییە، هەر کەسێکیش لەسەر ئەو گومڕاییەیان یارمەتیان بدات و ئەو بەرنامەو رێبازەی ئەوان بە جوان و چاك بناسێنێت و زەمی داعیانی ئیسلام بکات و تانەو تەشەریان لێ بدات، ئەویش کافرەو گومڕایە، حوکمی ئەو کەسەش وەك حوکمی تاقم و گرووپە مولحیدەکانی خۆیەتی کە بۆتە ئەندامیان و لایەنگریی و هاوکاریان دەکات. زانایانی ئیسلام رایان لەسەر ئەوە کۆیە کە هەر کەسێك پشتی کافران بگرێت و دژی موسوڵمانان سەریان خات، یان بە هەر شێوەیەك کارئاسانیان بۆ بکات و یارمەتییان بدات، حوکمی وەکو ئەوانەو وەکو ئەوان کافرە.[1]

**حەوتەم: الشيخ محمدالامين الشنقيطی:** ئەمیش دەفەرموێ: بەم دەقە ئاسمانیانەی کە هێنامانەوە، زۆر بە جوانی روون دەبێتەوە کە ئەو کەسانەی شوێن ئەو یاساو رێسایانەی شەیتان کەوتوون کە لەسەر زمانی ئاڵقە لەگوێکانی داڕێژراون، کە پێچەوانەی شەریعەتەکەی خوان - کە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکانی روون کراونەتەوە - گومان لەکوفرو شیرکیاندا نییە، مەگەر لای کەسانێك کە خوای گەورە زەین و دیدی لێ سەندبنەوەو لەحەنای حەقدا کوێری

[1] مجموع فتاوی و مقالات متنوعة ٢٧٤/١.

كردبن، لەوانەی یارمەتی ئەو كافرو موشریكانە (بە هەر شێوەیەك بێت) دەدەن ئەمانیش وان، وەكو ئەو كافرە موشریكانەن، خوای گەورە نووری وەحی خۆی لەمانیش گرتۆتەوەو كوێراییان داهاتووە.[1]

لە شوێنێكی تریشدا دەفەرموێت: ئەمما چەسپاندن و جێبەجێ كردنی سیستمی یاساو ڕێسایەك كە پێچەوانەی شەریعەتەكەی كردگاری ئاسمانەكان و زەوییە، وەكو ئەوەی بووترێت: فەزڵ دانی نێرینە بەسەر مێیەنەدا لە میراتدا (كە دوو بەرابەرە) دادپەروەرانە نییەو دەبێت هەردوو لایان وەك یەك پشكە میرات وەرگرن! یان ئەو كەسەی كە دەڵێت چوار ژن هێنانی پیاوانی موسوڵمان زوڵمە، یان بڵێ: تەڵاق كە بە دەست پیاوە، زوڵمە، یان ڕەجم كردنی زیناكاری خاوەن هاوسەر زوڵمە، یان بڵێ: سزا شەرعییە ئیسلامییەكان وەحشیگەری و یاسای دڕندایەتیین و نابێت لەسەر مرۆڤ بچەسپێنرێن، یان قسەی تری لەم جۆرە، هەر یەكێك لەمانە كافر بوونە بە كردگارەكەی ئاسمانەكان و زەوی.. بە یاسای داڕشتنی ئەم دیدو لاف و گەزافانەو ڕاپەڕاندن و جێبەجێ كردنی وەكو یاساو داوەری بردنە لای هەر بڕگەیەكیان و حوكم پێ كردنی هەر بڕیارێكیان لە نەفس و ماڵ و نامووس و ژیری و دین و مەزهەبی خەڵكیدا، هەر یەكێك لەمانە كافر بوونە بە كردگارەكەی ئاسمانەكان و زەوی، و یاخی بوون و بەلەسە بوونە لە ئەحكام و تەعلیماتی خوایی، ئەو خوایەی كە ئەو هەموو شتێكی دروست كردووەو ئەویش - پاك وبێ عەیبی هەر بۆ ئەوە - زاناترەو شارەزای پێداوویستیەكانی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە، ئەمما لەگەڵ جەنابیدا یەكێكی تر قوت

[1] أضواء البيان/ الشنقيطي ٨٣/٤

کرێتەوە کە یاسا دارِێژێت، ئەوە بەڕاستی دەبێت پەنا هەر بە خوای گەورەو باڵا دەست بگرین لە چاوقایمی کوفری وا.. (أَمْ لَهُمْ شُرَكَاء شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ) الشوری/٢١ واتە: یان گوایە شەریکیان هەیەو بۆ خوا دایانناون تا یاساو رێسای وایان بۆ دارِێژن کە خوای گەورە مۆڵەتی پێ نەداوە.[1]

**دەیەم: الأستاذ عبدالقادر عودە:** مامۆستا عبدالقادر عۆدە دەفەرموێ: (نموونەی کوفری ئیمتیناع (وەرنەگرتن) لەم زەمانەی ئێمەدا، حوکم نەکردنە بە شەریعەتی ئیسلام، داوەری نەبرنە لایەتی، بە پێچەوانەشەوە حوکم کردن بە یاسا دەسکردەکانەو داوەری بردنە لایانە .

جیاوازی لە ڕاو بۆچوونی زانایانی ئیسلامدا لەوەدا نییە کە هەموو یاسایەکی پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام باتڵەو نابێت ملکەچی بۆ دەربېڕرێت و نابێت جێبەجێ بکرێت، هەرچی بڕگەیەك دژ بە شەریعەتی ئیسلام بێت وەرگرتن و جێبەجێ کردنی حەرامە، ئیتر لە هەر دەسەڵات و فەرمانڕاوییەکەوە دەرچووبێت.

هەروەها دەفەرموێ: (ئەوی زانایان لەسەر کۆن، ئەوەیە کە هەر کەسێك فەرمانێکی خوای گەورە یان هی پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رەت کاتەوە لە بازنەی ئیسلامە دەچێتەوە دەرەوەو پێی کافر دەبێت، ئیدی ئەوە کاریگەری لە حوکمەکەدا نییە کە بۆچی رەتی کردۆتەوە؟! ئایا لەبەر ئەوە بووە گومانی لێ بووە، یان نایەوێت وەری گرێت، یان پێی رازی نییە.. چونکە یاوەرەکانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حوکمی ئەو کەسانەیان بە مورتەددی دا کە ووتیان زەکاتەکە نادەین! واشیان حسێب بۆ کردن کە کافرن و لە بازنەی ئیسلام

[1] هەمان سەرچاوە.

چوونەتە دەرەوە، چونكە خوای گەورە ئەو كەسەی بە كافر داناوە كە داوەری نەهێنا بێتە لای پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ یان بە تەواوی تەسلیمی حوكمی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەبووبێت، وەك دەفەرموێ: (فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا) النساء/٦٥ واتە: سوێند بێت بە خواكەت، باوەڕیان نابێت تا تۆ نەكەنە حەكەم و داوەر لە ناو خۆیاندا، لە هەموو ئەو ناكۆكیانەی لە نێوانیاندا روو دەدات، ئینجا كە تۆش داوەریت كردن و حوكمت دان، دەبێت هیچ گرێ و گۆڵێك لە دڵ و دەروونیاندا نەمێنێت و دەبێت بە تەواوی تەسلیم بن، ئەگینا موسوڵمان نین[1] .

**یازدەیەم: الأستاذ ابو الأعلى المودودي:** ماموٚستا ئەبوالاعلای مەودوودی لە كتێبی (الحكومة الاسلامية) كەیدا دەفەرموێ: (وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ) المائدة/٤٤ واتە: هەر كەسێك حوكم بە غەیری ئەوە بكات كە خوا ناردوێتیە خوارەوە، ئەوە كافرە.. هەروەها: (وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ) المائدة/٤٦ هەر كەسێك حوكم بە غەیری ئەوە بكات كە خوا ناردوێتیە خوارەوە، ئەوە زاڵمە. دیسان: (وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ) المائدة/٤٧ واتە: هەر كەسێك حوكم بە غەیری ئەوە بكات كە خوا ناردوێتیە خوارەوە، ئەوە فاسقە.

[1] التشريع الاسلامي للمودودي ٢/٧٠٨.

خوای گەورە سێ حوکمی ئەو کەسانەی داوە کە حوکم بە دینەکەی خوا ناکەن: کافرن، زاڵمن، فاسقن. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە ئەو کەسەی حوکم بە غەیری دینی خوا دەکات سێ تاوانی خستۆتە گەردنی خۆی:

یەکەم: رەت کردنەوەی حوکمەکەی خوای گەورە: ئەمەش کوفرە .

دووەم: ئەم رەفتارەی کە نواندویتی، پێچەوانەی دادپەروەرییەو دژی دەوەستێتەوە، چونکە ئەو حوکمەی خوا (لە هەر مەسەلەیەکدا بێت) پڕاو پڕ لەگەڵ ئەو روداوەدا گونجاوە، بۆیە هەر کەس ئەو حوکمە بگۆڕێت حەتمەن زوڵمی کردووە، چونکە حوکمە گونجاوەکەی گۆڕیووە بۆ یەکێکی تری ناقۆڵا..

سێیەم: ئەم مرۆڤە کە بەندەی خوایە بە حوکم نەکردنی بە دینی خوای گەورە (با لە روداوێکیشدا بێت) سەرپێچی فەرمانی گەورەو خاوەنەکەی خۆی کردووە! و خۆ بەسەر یاسای خۆی یان راو دیدی خەڵکی تری وەکو خۆی جێبەجێ کردووە!، بەمەش لە بازنەی بەندایەتییەکەی خۆی چۆتە دەرەوەو لە ملکەچی و تەسلیم بوون پاشگەز بۆتەوە، ئەمەش فیسقە (لە دینداری دەرچوونە). ئاشکراشە کە کوفرو زوڵم و فیسق هەر سێکیان وان لە بازنەی ئینحیراف و یاخی بووندا، مومکینیش نییە حوکم کردنێك بە غەیری دینی خوا نەچێتە ژێر حوکمی ئەم سیانەوە.[1]

**دوازدەیەم: الشيخ يوسف القرضاوي:** شێخ یوسف دەفەرموێ: (کابرای عەلمانی کە چەسپاندن و جێبەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلام رەفز کردەوە - غەیری ناوەکەی - فرێ بە سەر ئیسلامەوە نەماوە، بە دڵنیاییەوە ئەوە مورتەددەو

[1] الحكومة الاسلامية/ المودودي لا ١٠٥-١٠٦

پێویستە داوای تۆبە كردنی لێبكرێت، دەبێت گومانەكانی بڕەوێنرێتەوەو ئیقامە حوججەی لەسەر بكرێت) بۆی بسەلمێنرێت كە بە هەڵەدا چووەو گەر هەر بەردەوام بێت لەسەر هەڵوێستی، لە ئیسلام دەچێتە دەرەوە، بۆیە دەبێت پەشیمان بێتەوە، ئەگینا دەبێت دادگا حوكمی پاشگەز بوونەوەی لە دین و هەڵگەڕانەوەی بدات و ئیسلامەتی لەبەر داماڵێت، ئینجا (رەگەزنامەی ئیسلامی)ی لێ بسەنرێتەوە، دەبێت ژنەكەی پێ تەڵاق بدرێت و منداڵەكانی لێ بسەنرێتەوە، ئینجا لە دنیادا حوكمی مورتەدد و لە دین دەرچووی بەسەردا بدرێت و دوای مردنیشی ئیجرائاتی ئەوانی بەرامبەر بكرێت.[1]

**سیازدەیەم: راوێژكاری یاسایی عەلی جرێشە:** دكتۆر عەلی جرێشە دەفەرموێ: (مادام داواكاری باوەڕو پابەند بوون بە عەقیدەوە ئەوە دەخوازێت كە: چارەسەری هەموو كێشەیەك دەبێت بۆ خوای گەورە بگێڕرێتەوە، كەوابوو واز هێنان لەوەو گوێ پێ نەدانی - وەكو قورئان خۆی دەفەرموێ- كوفرەو شیركەو زوڵمەو فیسقە.

* **شێوەی لادان و رادانی شەریعەت:** هەر كەسێك لە شەریعەتەكەی خوا لادات و بچێتە سەر بڕگەو بڕیاری شەریعەتێكی تر، مانای وایە بە ئیسلام رازی نەبووەو هەر ئەو یاسایەی تری پێ قبووڵ بووە، بە مانایەكی تر بە تەنهایی خوای گەورە رازی نەبووەو زۆرخوایی پێ پەسەند بووە! چونكە دەبێت ئەوە هەر لە سەرەتاوە روون و رۆشن بێت كە یاساو رێسا دارشتن مافی خوایەو بەس بەو ئیعتیبارەی كە

[1] . الاسلام والعلمانية وجها لوجه/ د. يوسف القرضاوي لا ٧٣ . ٧٤

سیفەتێکی پەروەردگارێتی و خوایەتی خوای گەورەیە. ئەمە هەر حوکمی ئەو کەسە نییە کە هەر هەموو شەرعەکە وەلا دەنێت، بەڵکو حوکمی هەموو کەسێکیشە کە بە حسابی خۆی دەیەوێت حوکمێکی شەرعی ڕاست کاتەوە!! چونکە کەس مافی ئەوەی نییە بڕیارێکی خوای گەورە ڕاست کاتەوە تا لە ئاستی ئەو بڵندتر نەبێت یان هەر نەبێ نەبێ دەبێت لە ئاستی ئەودا بێت، هەر کەسێك شتی وا بکات ئەوە -پاك و بێ عەیبی بۆ خوای گەورەو پەنا بەو - خۆی خستۆتە ڕیزی خوای کردگار!

ئەو حەرام و حەڵاڵ دیاری کردنەی ئایەتەکە ئاماژەی پێ دەکات، هەر دوو مەسەلەی لادانی شەرع و ڕاست کردنەوەی دەگرێتەوە، چونکە هەر کەسێك حوکمی شەرع لە شەراب خواردنەوەدا لە حەرام کردنیەوە بۆ حەڵاڵ کردنی بگۆڕێت، ئەوە حەرامی خوای حەڵاڵ کردووە و کەوتۆتە کوفرو شیرکەوە.. جا لەوانەیە حوکم لادانەکە ڕاشکاوانە ڕوو بدات: وەك ئەوەی کەسێك بڵێت شەراب حەڵاڵە، یان بەلاوەکی دەری ببڕێت، وەکو ئەوەی لەفزی حەرامەکە بکرێت بە شتێکی تر. بۆ نموونە حوکمی حەرامێتی شەراب خواردنەوە، هەم بە دەق بووە، هەم بە کۆڕای زانایان، ئەو باسی سزای شەراب خواردنەوە نەکات واتە بە حەڵاڵی زانیووەو ڕێی پێداوە.. چونکە - بە شێوەیەکی نوسراو یان لێ بێدەنگ بوون- لە یاساکەیدا بە (موباح)ی ناساندووە، موباحیش بەشێکی حەڵاڵە ..

هەروەها زیناکاریی، شەریعەتی ئیسلام هەم بە دەق، هەم بە کۆڕای زانایانی زینای حەرام کردووە، ئەگەر لە شوێنێك، لە دەستووری و یاسای کۆمەڵێك یان حکومەت و دەوڵەتێك باسی سزاکەی نەکرا، یان باسی هەندێك حاڵەت و جۆری

كرا! مانای وایە بە موباح دراوەتە قەڵەم و ڕێی پێدراوە، یان ڕێ لە هەندێك حاڵەتی گیراوەو باقیەكەی تری موباحە!! بە مانایەكی تر: زیناكەی لە هەندێك حاڵەتدا پێ حەرامەو باقی حاڵەتەكانی تری هیچ!! ئەمەش حەڵاڵ كردنی تاوانێكە كە خوای گەورە بنبڕانە حەرامی كردووە ..

* **شێوەی ڕاست كردنەوەی شەریعەت:** ئەمما شێوەی لاف لێدان و ئیدیعاكردنی ڕاست كردنەوەی شەریعەتەكەی خوا، وەكو ئەوەیە: حوكمە شەرعییەكەی هەر بە حەرامی بهێڵرێتەوەو حەڵاڵ نەكرێت، بەڵام سزاكەی لەوەوە كە خوای كارزان و بە بەزەیی دیاری كردووە بگۆڕرێت بۆ ئەوەی مرۆڤێك یان دەستە مرۆڤێكی گێل و نەفام و ساختەچی دیاری دەكەن!! وەكو ئەوەی لە جیاتی سزای ڕەجم (بەردە بارانی زیناكەری خاوەن هاوسەر) یان جەڵدە لێدانی ڕەبەن، بگۆڕرێت بۆ ئەوەندە ساڵ زیندان !!

لەو كاتەی كە دەشێت بەمە بڵێین ڕاست كردنەوەی شەرع لە هەمان كاتیشدا دەشێت پێی بووترێت لادان و ڕادانی شەرع، چونكە هەردوو نەجاسەتەكەی لە خۆ گرتووە..

لەم ڕوانگەوە لادانی شەرع و ڕاست كردنەوەی ئەحكامەكانی كە بریتیین لە حەڵاڵ و حەرام دیاری كردن، قورئان مۆری كوفرو شیركی لێداون و هیچ شەرعێتییەكی پێوە نەهێشتوون![1]

[1] . المشروعية الاسلامية العليا/ علي جريشة لا ٣٧

**چواردەیەم: الشيخ عبدالرحمن عبدالخالق:** شێخی ناسراو و بیرمەندی سەلەفیەکانی کوەیت لە باسی (رَدُّ الحُكمِ الشرعيِّ كفرٌ: رەت کردنەوەی حوکمی شەرع کوفرە) دەفەرموێ: موسوڵمان گومانی لەوەدا نییە کە تەسلیم بوون بە شەریعەتی ئیسلام، بە قبووڵ کردن و راپەڕاندنی، لە داواکاریەکانی باوەڕن، ئەمەش واتە ملکەچی بۆ دەربڕین و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوای گەورە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَن يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا) النور/٥١ واتە: قسەی موسوڵمانان ئەوەیە، هەر کە بۆ وەرگرتن و راپەڕاندنی فەرمانێکی خواو پێغەمبەرەکەی بانگهێشت کران، دەست بەجێ دەڵێن: بەسەر چاو. گوێمان لێیەو مل کەچین بۆی هەروەها: (فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا) النساء/٦٥ واتە: سوێند بێت بە خواکەت، باوەڕیان نابێت تا تۆ نەکەنە حەکەم و داوەر لە ناو خۆیاندا، لە هەموو ئەو ناکۆکیانەی لە نێوانیاندا روو دەدات، ئینجا کە تۆش داوەریت کردن و حوکمت دان، دەبێت هیچ گرێ و گۆڵێك لە دڵ و دەروونیاندا نەمێنێت و دەبێت بە تەواوی تەسلیم بن، ئەگینا موسوڵمان نین.. لەم ئایەتەدا خوای پەروەردگار ئەوەی پێ سەیرە کە کەسێك لافی ئیسلامەتی و دینداری لێ دەدا، کەچی لەولاوەش دەبینیت داوەری خۆی بردۆتە لای غەیری شەریعەتەکەی خوای پەوەردگارا! لەملاوە وا دەردەخات کە باوەڕی بە خواو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناوە، کەچی لەولاوە حوکم و بڕیارەکانیان رەفز دەکاتەوە!! ئینجا ئەوە روون دەکاتەوە کە ئەو جۆرە کەسانە موسوڵمان نین، موسوڵمان ئەو

کەسەیە کە باوەڕی هێناوەو لە ناکۆکی هەموو مەسەلەیەکیدا شەریعەتەکەی خواو فەرمانەکانی پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رادەپەڕێنێت، کە بە حوکمەکانیان رازییە و تەسلیمیان بووە، نەك ئەوی پێی قبووڵ نییە.

گومان لەوەدا نییە سزا شەرعییەکان ناسراون، مەبەستم لە سزاکانی دزی و کوشتن و زیناو شەراب خواردنەوەو جەردەیی وخراپەکاری و.. هتد هەموویان ئەوەندە بەناوبانگن کە چوونەتە ریزی بەڵگەنەویستەکانی دینەوە، موسڵمان نییە نەیانزانێت، بۆشی نییە نەیزانێت، ئەم مەسەلەیە زۆر رۆشنەو دید لێڵی هەڵناگرێت، بۆیە هەر کەسێك بە درۆیان بخاتەوە یان رەتیان کاتەوەو پێی قبووڵ نەبن، بە کافر دادەنرێت و لە بازنەی ئوممەتەکەی ئیسلام دەچێتە دەرەوە، ئەمەش بە هیچ جۆرێك راجوێیی لەسەر نییە، مەبەستم بە کافر دانانی ئەو کەسەیە کە حوکمێکی شەرعی سەلمێنراوی قورئان یان هی سوننەتی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە بەهانەی ئەوە رەت دەکاتەوە کە گوایا لەگەڵ ئاراستەی ئەمرۆی خەڵکیدا ناگونجێت، یان بۆ ئەم سەردەمە ناشێت، یان ئەمە دڕندایەتییە، یان شتی تری لەم جۆرە! ئەمە کافرە، کەس گومانی لە کافر بوونی نییە، چونکە قسەکانی عەیب و عار گرتنە لە شەرع، ئەمەش عەیب و عار گرتنە لە خوای پەورەدگاری داڕێژی، یان رەخنەیە لە پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ! موسوڵمانانیش دەزانن و گومانیان لەوە نییە کە: هەر کەس عەیب و عارێك یان نوقسانییەك یان نەزانینێك بخاتە پاڵ خوای گەورە دەستبەجێ پێی کافر دەبێت و لە بازنەی دین و ئوممەتی ئیسلام دەچێتە دەرەوە. ئەوانەش کە ئەم بەیت و بالۆرانە دژی شەرع دەڵێنەوە با هەر لە سەرەتایانەوە ئەوەیان لەبەر

چاو بێت کە نە موسوڵمان ماون و نە ئەندامێکی کۆمەڵگەی موسوڵمان ماون، نە یەکێکیشن لەم ئوممەتە موسوڵمانە، لە هەمووی چوونەتە دەرەوە، مەگەر پەشیمان ببنەوەو تۆبە بکەن.[1]

ئەوی بە کورت و راشکاوی لە راو بۆچوون وديدو هەڵوێست و پێناسەی ئەم زانا بەڕێزانە روون دەبێتەوە ئەوەیە: کە بە کافر دانانی ئەو کەسەی حوکمی شەرعەکەی خوا رەت دەکاتەوەو حوکمی پێ ناکات کافرە، کافر بوونەکەشی شتێك نییە کەس لە زاناو شەرعناسانی کۆن و نوێی ئەم ئوممەتە موسوڵمانە ئیختیلافی لەسەر هەبێت، کەسیان رایان لەوانی تریان - لەم فەتواو حوکمەیاندا - جودا نیە.

دەی سا هۆ قەومینە! راتان دەربارەی ئەو کەسانە چییە کە ئاوا بە ئاشکرا دوژمنداری خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن؟! راتان بەرامبەر ئا ئەوانە چییە کە شەوو رۆژ خەریکی بڵاوکردنەوەی فەساد وخراپەکارین، ئا ئەوانەی بەربەست دەخەنە نێوان ئوممەتەکەمان وشەریعەتەکەی خواوە! کە ناهێڵن شەرعی خوا داوەریمان بکات؟!

راتان دەربارەی ئا ئەوانە چییە کە دنیایان لە قوولە قوولی خۆیان پڕ کردووە؟! پڕ بە دەم و بە رۆژی روون وبێ پەردە هاوار دەکەن شەریعەتی خوامان ناوێت! گاڵتەیان بە شەرع دێت، فشەیان بە ئەحکامەکانی دین دێت! بەردەوامیش دەچنە بن کڵێشەی حاکم و دەسەڵاتدارانەوە تا دنەیان دەن و دژی موسوڵمانان هەڵیان نێن، تا هانیان بدەن داعیانی ئیسلام بچەوسێننەوە! ئا ئەوانەی نەك

---

[1] الحدود الشرعية كيف نطبقها/ الشيخ عبدالرحمن عبدالخالق لا ٢٠.

ڕۆژانە، بەڵکو هەر ساتە وەختانە بیرو دەم و دەستیان لە خزمەتی دوژمنانی خوادایە!

ڕاتان بەرامبەر ئا ئەوانە چییە کە لەگەڵ بیستنی خێرخوازیی، دەکەونە خۆو هەوڵی ڕیشەکێش کردن و پووکانەوەو مەحف کردنەوەی دەدەن؟!

ڕاتان بەرامبەر ئا ئەوانە چییە کە لە وولاتی ئیسلامدا هاوار دەکەن کە دەبێت دین لە دەوڵەت جودا بکرێتەوە؟! کە دەڵێن ئێمەش لە کارگێڕی گەردووندا دەبێت شەریکی خوا بین!! دەبێت پێکەوە هەڵی سوڕێنین!! با ئەو حوکمی عەقیدەو پەرستنەکان دەرکات، ئێمەش حوکمی مامەڵەو ڕەفتارەکانی تری مرۆڤ !

ڕاتان بەرامبەر ئەوانە چییە کە تەنها پەرلەمان یاساناسیانە؟! سەروەری یاسا بە قسەی خۆیان بۆ گەلە! هیچ داب و نەریتێکیشیان لا پیرۆز نییە ئیللا ئەوە نەبێت کە یاساکەیان وا ناساندوێتی!

ڕاتان بەرامبەر ئا ئەوانە چییە کە هەر لە سەرەتاوە دەڵێن نابێت ئیسلام تەدەخوولی کاروباری داوەری وسیاسەت بکات؟!یان بەرامبەر ئەوانەی کە دەڵێن ئەحکامی ئیسلام بەرژەوەندی هەموو لایەك ناهێنێتە دی وسیاسەتی پێ نابرێتە پێش؟!

ڕاتان بەرامبەر ئا ئەوانە چییە کە - وەکو ڕۆژئاواییەکان- ناڕەحەتن لە پەرەسەندنی ئەم ڕابوونە ئیسلامیەی جیهانی ئیسلامی؟! هەر بە دژوارییەکی دەبینن و بەردەوام وای دەناسێنن کە گوایا هەڕەشەیەکە لە دەسەڵات و شارستانێتی ڕۆژئاوا؟!

راتان بەرامبەر ئا ئەوانە چییە کە هەموو هۆکارەکانی راگەیاندنیان خستۆتە خزمەتی شێواندنی رووی گەشی رابوونە ئیسلامیەکەتان؟! کە ئێوە داوای چەسپاندنی شەریعەتی ئیسلامەکەی پێ دەکەن ..

راتان بەرامبەر ئا ئەوانە چییە کە ئینتیفازەکەی فەلەستین - چونکە پاڵپشتە ئیسلامیەکەی بۆ دروست بۆتەوە- بە دژوارتر لە بزووتنەوەی زایۆنی و دەوڵەتەکەی ئیسرائیل لە فەلەستین دەبینن؟! ئینجا دەشبینین کە چۆن لێکۆڵینەوەو پێشنیاری سەرکپ کرنی ئەو راپەڕینە مەزنەو باڵە ئیسلامییەکەی فەلەستینی تەقدیمی دوژمنان دەکەن؟!

**هۆ موسوڵمانینە!** ئەم مەسەلەیە جیددیە، گاڵتەجاڕی نییە، ئێوە ئێستا کە هاوارتان بۆ دەهێنرێت، بۆ سەرخستنی ئەم دینەی خۆتانە، بۆ پشتگیریی کردنی هەڵگرانی ئاڵای شەریعەت و لایەنگرانی بەیداخەکەیەتی، ئەوان لەو جیهادەدان و پێویستیان بە پشتگیری ئێوەیە، ئێوەش وەنەبێت سەرپشك (موخەییەر) بن، مساوەمەو تەنازولتان لێ وەرناگیرێت، چونکە شەریعەتی خوا -وەکو پێشتر روون کرایەوە- بریتییە لە پیادەکردنی دینەکە یان دەست لێبەردان و فەوتانی شەریعەتەکە، پیادەکردن یان دەست لێبەردان و فەوتانی دینەکەیە، ئەوەش بزانن کە ئێستا ئێوە لە دووڕیانێکی مێژوویدا وەستاون، وا خەڵکەکەش ووردە ووردە دەبنە دوو بەرەو دەکەونە سەر دوو رێ، بەرەی ئیمانداران کە دووڕوویی لە خۆ ناگرێت، و بەرەی دووڕووەکان کە جێی باوەڕی تێدا نابێتەوە..

**بەرەی یەکەم:** هەڵگران و لایەنگرانی پەیامی شەریعەتەکەن.

**بەرەی دووەم:** بەرەی عەلەمانی و فریوودەرو فریوو خواردووانن ..

ئێوەش دەبێت خۆ ساغ کەنەوەو هەڵوێست وەرگرن، یان ئەوەیە دەبنە سەربازی خوای گەورەو لە پێناوی شەریعەتەکەیدا ئارام لەسەر هەموو کەندو کۆسپەکانی رێ دەگرن و پاداشتی لای خوا مسۆگەر دەکەن و بەهەشتە بەرینەکەی خوا - کە بەقەدەر پانتایی ئاسمانەکان و زەوییە - بۆ خۆتان دەپچرِن.. یان ئەوەتا داعیانی گومرِایی و فیتنە ئەنگێزان گاڵتە بە ئەقڵتان دەکەن و بەرەنگار بوونەوەی شەریعەت و شەرعخوازانتان لا جوان دەکەن و دەتانخەنە سەنگەری دژایەتی ئیسلامەوە، جا سەرەنجامی ئەو هەڵوێستە دژوارو دوژمنکارانەتان لە شەریعەتەکەی خوای گەورە پێتان هەڵ دەخلیسکێت و سەرشۆڕی دنیاو چاوشۆڕی ئاخیرەت دەبن، رۆژی دواییش خۆتان دەبیننەوە لەگەڵ ئەو گومراو سەرگەردان و وێڵانەدا دەبن!! ئەو کاتە پەنجەی پەشیمانی دەگەزن و دەکروزێنەوەو دەڵێن: ئای خۆزگەی رێبازەکەی پێغەمبەرمان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بگرتایەتە بەر، هەی رۆ، تەمەن رۆ دین رۆ!! ئای خۆزگە نەبووینایەتە هاوسەنگەری ئەو عەلەمانییە مورتەددانە!! ئەوان- دوای ئەوەی هیدایەتی خوامان بۆ هات و ناسیمان- بەراستی ئێمەیان گومرا کرد ئای کە شەیتان زۆڵ و چەپەڵ و فێڵبازە..

أَمْ لَهُمْ شُرَكَاء
شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ
مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ

سورەتی شورا: ٢١

# بەشی پێنجەم

## هەندێک لە گومانی بەزیووەکان

**گومانی یەکەم: ( كُفرٌ دُونَ كُفرٍ)**

ناڕەوایانی ئەم سەردەمەش هەر لەسەر ئەوە پەروەردە بوون کەلە باسی شەرع و چەسپاندنیدا غەڵبەغەڵب و گێرەشێوێنی بکەن، چونکە پشتیشیان هەیەو خۆشیان حەز دەکەن بەرەو ڕووی ئیسلامەکە بوەستنەوە لە هەموو موناقەشەکانی حاکمێتی ئیسلامدا خۆیانی تێهەڵ دەقورتێنن! گەرچی دەشزانن ئەم مەسەلەیە موناقەشە هەڵناگرێت، چونکە لە بەڵگەنەویستەکانی دین و دیندارییە، دەیان بەڵگەی قورئان وحەدیس و کۆڕای زانایانی ئیسلامی - بە درێژایی مێژووی ئیسلام- لەسەر ئەوەیە کە هەر کەسێك یاسا بخاتە شوێنی شەرع کافر دەبێت ..

لەگەڵ ئەم ڕوونی وئاشکراییەشدا دەبینیت هەندێك گێل کەززاب هەن کە ئایەت وحەدیسەکانیان بۆ ناگۆڕێن، دێنە سەر ماناکانیان، لە لای خۆیانەوە مانای تری بۆ دادەتاشن، یان بارودۆخی هاتنەخوارەوەی ئایەتێك دەکەنە بارودۆخی ئایەتێکی تر، یان هۆکاری هاتنی حەدیسێك بۆ حەدیسی تر دەگوێزنەوە. ئەمەش حەتمەن ڕێکی نایەت، چونکە هەر ئایەت وهەر حەدیسێك بارو دۆخ وهۆکاری هاتنی خۆی هەیە..

ئەم باسەی بەردەستی ئێمەش، چونکە پەیوەندی بە حاکمە دەسەلاتدارەکان و مەلا مشەخۆرەکانی دەوروبەریانەوە هەیە، چەندین مانایان بۆ حەق لێڵ کردن لەبەردەمدا قوت کردۆتەوە! هەندێك دەڵێن: ئەمە پێی دەوترێت (كُفرٌ دُونَ كُفرٍ)

واتە کوفرێکە لە خوار کوفری ترەوەیە بۆیە موفەسسیرەکان لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا (وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ) المائدة/٤٤ رای ئیبنو عەبباس و طاووس و موجاهیدو هی تریشیان هێناوەتەوە کە هەموویان فەرموویانە ئەمە كُفرٌ دُونَ كُفره. واتە ئەمە وەکو کوفری ئەو کەسە نییە کە باوەڕی بە خواو پێغەمبەران یان بە فریشتە نەهێناوە، بۆیە بەکافر دانانی ئەوانەی حوکم بە غەیری ئەوە دەکەن کە خوای گەورە ناردویتییە خوارەوە رێبازی خەواریجەکانە، ئەوانەی کە ئەهلی قیبلەیان - ئەگەر پێچەوانەی راو رێبازو هەڵوێستی ئەوان بوایە- بە کافریان دادەنا. چونکە ئەوانیش پشتیان بە هەندێك ئایەتی ئاوا دەبەست، وەکوك (إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلّهِ) یوسف/٤٠ واتە: حوکم کردن و فەرمارەوایی هەر مافی خوایەو بەس .

هەندێکی تر دەڵێن: حوکم کردن بە غەیری ئەوەی خوای گەورە ناردویتییە خوارەوە، هەر گوناحێکی وەکو گوناحەکانی تر، هەر گوناحێکیش بکەرەکەی بە حەڵاڵی نەزانی پێی کافر نابێت، چونکە زانایان فەرموویانە کە نابێت ئەهلی قیبلە بە کردنی گوناح بە کافر دابنرێت مادام بە حەڵاڵی نەزانیبێت .

سەیر ئەوەیە کە ئەم گومانە کراوەتە گورزی دادگاکان، داوەرەکان بەم گورزە دەکەونە وێزەی ئەو خواوویستانەی لەسەر داواکردی شەریعەتی ئیسلام راپێچ کراونەتە بەردەستیان! هەر کە موسوڵمانێکیان بۆ دەخرێتە قەفەزی تاوانبارییەوە لە دادگا، ئەمان هەر لەسەرەتاوە بەوە رووەو رووی دەبنەوە، زوو زوو ئەمە بە گوێیاندا دەدەنەوە، ئینجا بەوە تاوانباریان دەکەن کە خەواریجن و لە دەسەڵاتی سیاسی شەرعی وولات دەرچوون!! ئەگینا کۆمەڵگە ئیسلامییەکانی

ئێمە خۆ نکوڵیی هەبوونی خوایان نەکردووە! فەرمانەکانیشیان ڕەت نەکردۆتەوە، بۆیە ئەو وەسفی کوفرەی لەو ئایەتەدا هەیە بەسەر کەس لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا ناچەسپێت! دیسان چونکە باروزروفی ئێستای ئوممەتەکەمان زۆر ناسکە هەر گوناهبار نابێت!!

جا لەبەر ئەوەی خەڵکانێکی زۆری عەوام بەم گومانە چەواشە دەبن، خەڵکەکەی خۆشمان هەیانە سەریان بەم گومانە لێ دەشێوێت پێویستە چاك بیرەوێنینەوەو حەق بگێڕینەوە جێ وئاستی خۆی ..

پێشتر باس لەوە کرا کە باوەڕ هێنان واتە بەراست زانینی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە هەرچی شتێکیدا کە بە هەواڵ گەیاندوێتی یان بە پەیام هێناوێتی، لەگەڵ خۆ تەسلیم کردن پێی، واتە بە راست زانینی ئەوەی ئەو هێناوێتی و ئینجا وەرگرتن و پێوەپابەند بوون و راپەڕاندنی، سەرەتای کوفریش واتە باوەڕ نەهێنان پێی، جا بە راستگۆ نەزانینی بێت، یان هەر لووت بەرزی و پشت تێکردن و گوێپێنەدانی بێت. بۆیە هەر کەسێك بە راستگۆ زانینی پێغەمبەری صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەرنەبڕی یان دەری بڕی، بەڵام گوێڕایەڵی بۆ دەرنەدەبڕی ئەوە کافرە .

لەم روانگەیەوە دەتوانین بڕوانینە مەسەلەی حوکم بە غەیری دینی خوا، جاری وا هەیە مەبەست لە (رستەی حوکم کردن بە غەیری ئەوەی کە خوای گەورە ناردوێتییە خوارەوە) کاری داوەرو حاکمەکانی دادگایە، جاری واش هەیە مەبەست لە دارێژەرانی یاساو رێساکانە، بۆیە پێویستە بۆ راست و رەوایی حوکمەکە راست و دروست مەبەست لە رستەکە دیاری بکرێت کە ئایا رووەو کێ دەکرێتەوە.

ئەگەر مەبەست لێی کاری داوەرو حاکمەکانی دادگا بوو، دەبێت سەرنج بدرێتە هۆی رەت کردنەوەی حوکمە شەرعیەکە، ئەگەر لەبەر ئەوە رەت کرابۆوە کە بە راست نەزانراوە، ئەمە کوفرەو بکەرەکەی لە بازنەی دین و ئوممەتەکە چۆتە دەرەوە، ئەمما ئەگەر ئەسڵی داوەرییەکە هەر بۆ لای شەرع دەهێنرایەوە بەڵام کابرای قازی یان داوەر بە هۆی حەزێکی نارەوا، یان بەرتیل وەرگرتن و شتی واوە، یان هەر لە نەفامی خۆیەوە ئەوەی خۆی بەباشتر زانیبوو، ئەگەر کابرا لەبەر ئەمانە حوکمە شەرعیەکەی رەت کرد بۆوە، ئەوە کافر نابێت، بەڵام بکەری گوناحی گەورەیەو بەخشینی لای خوای گەورە خۆیەتی، ئەگەر وویستی بیبەخشێت، یان سزای بدات، ئارەزووی خۆیەتی.

حوکم کردن بەغەیری ئەوەی کە خوای گەورە ناردوێتییە خوارەوە، لە هەموو مێژووی ئیسلامدا هەر یەك جار روویداوە، ئەویش ئەو کاتە بوو کە تەتار بەغدای پایتەختی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، زانایان و شەرعناسانی ئەو کاتە هەموو لەسەر ئەو راوبۆچوونە بوون کە ئەوە روداوێکی نامۆی نوێیەو غەیری کوفریش هیچ حوکمێکی تری نییە، ئەو کەسانەش کە شەریعەتەکەی خوایان کارکەنار کردووەو یاسایان هێناوەتە شوێنی گومانی تێدا نییە کە کافرن، دەبێت جەنگیش بەردەوام دژیان بەرپا بکرێت تا ئەو ساتەی دەگەڕێنەوە سەر حوکمی خواو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زانایان ئەو حوکمەیان بە تەفسیل و بەبەڵگەوە روون کردۆتەوەو هەموو ئیجماعییان لەسەری بۆ دروست بوو بوو ..

فەتوای ئیمامی ئیبنو کەثیرمان رەحمەتی خوای لێبێت هێنایەوە کە لە تەفسیرەکەیدا بەرامبەر تەتارو سەرکردایەتی و یاسقەکەیان دابووی کە تێیدا

دەفەرموێ: (... حوکمی هەر کەسێك لەوانە وا بکات، کوفرە، پێی کافر دەبێت و پێویستە جەنگی دژ بەرپا بکرێت تا دەگەڕێتەوە سەر حوکمی خواو پێغەمبەری خوا، تا داوەری بە غەیری حوکمی خواو پێغەمبەرەکەی لە هیچ شتێکی کەم یان زۆردا ناکات)[1] لە شوێنێکی تریشدا لە کتێبی (البداية والنهاية) کەیدا دەفەرموێ: (هەر کەسێك ئەو شەریعەتە پاکە ڕەوایەی بۆ محمدی کۆتا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتۆتە خوارەوە واز لێ بهێنێت و داوەری خۆی بباتە لای ئەو شەریعەتانەی پێش ئەو کە بە دینەکەی ئەم نەسخ بوونەتەوە (حوکمیان سڕراوەتەوە) کافر دەبێت، چ جای کەسێك کە دەیباتە لای یاسق و ئەوی پێ قبووڵە، چ جای ئەو کەسەی کە حوکمی یاسقەکەش لە پێشتر دەگرێت و هی ئەوی پێ باشترە لەوەی خواو پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەر کەسێك وا بکات ئەوە بە کۆڕا (ئیجماع)ی هەموو موسوڵمانان کافرە)[2]..

ئەگەر مەبەست لە داڕشتنی یاساو ڕێساش بێت، واتە مەبەستی ئەو کەسانەی کە شەرعەکەی خوا دەخەنە لاوە، ئەوە بێت کە شەرع بەو پێناسەی کە (فەرمانی خوای پەروەردگارو پێغەمبەری صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نازدارە کە پەیوەستە بە کارو کردەوەی موکەللەفانەوە کە دەبێت ئەنجامی بدەن یان نەیکەن) ئەگەر ئەوانە مەبەستیان ئەمە بێت کە ئەم شەرعە بگۆڕن بۆ یاساو ڕێسایەك کە خۆیان دایانڕشتووە، یان هی کەسانی ترەو ئەمان هێناویانەوە کردوویانە بە دەستوورو سەروەری دەسەڵاتیشیان تەسلیم کردووە، یان تەسلیم بە زێوانەکانی

---

[1] تفسير القرآن العظيم/لابن كثير ٦٧/٢.

[2] البداية والنهاية ١١٩/١٣

پشت ئەم بتانەیان کردووە  لە جیاتی ئەوەی کە تەسلیم بە شەرع بن و ئەو تەتبیق کەن و سەروەری دەسەڵات بۆ ئەو تەرخان کەن و ئەو کەسە بکەنە پێشەواو کاربەدەست کە شارەزای شەرعەو دەیەوێت و دەیچەسپێنێت، ئەوی نایەوێت شەرعەکەی خوای گەورە بکاتە مەرجەعییەتی چارەسەری ناکۆکیەکان ولە بەرامبەریشدا یاساو رێسای تری هێناوەتە جێی، گومان لە کافرێتی ئەمە دا نییە، گومان لەوەدا نییە کە ئەم کابرایە لە بازنەی دین و ئوممەتی ئیسلام چۆتە دەرەوەو زەرەیەك ئیمانی پێوە نەماوە.. لەباسی موشریکانی ئاوادایە خوای گەورە دەفەرموێ: (أَمْ لَهُمْ شُرَكَاء شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ) الشورى /٢١ واتە: یان دیارە شەریکی وایان بۆ خوا بڕیار داوە کە یاسای وایان بۆ دەرکردوون کە خوا رێی پێ نەداوە.

شێخی ئیسلام ئیبنوتەیمییە دەفەرموێ: (هەر کەسێك ئەو حەرامەی حەڵاڵ کرد کە ئیجماعی لەسەرە یان ئەو حەڵاڵەی حەرام کرد کە ئیجماعی لەسەرە، یان شەرعێك کە ئیجماعی لەسەرەو ئەو گۆڕی، ئەوە بە رای هەموو زانایان، کافرە، مورتەددە ).[١]

پێشتریش راو بۆچوونەکەی ئیمامی ئیبنو کەثیرمان هێنایەوە کە فەرمووی: (هەر کەسێك ئەو شەریعەتە پاکە رەوایەی بۆ محمدی کۆتا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ  هاتۆتە خوارەوە واز لێ بهێنێت و داوەری خۆی بباتە لای ئەو شەریعەتانەی پێش ئەو کە بە دینەکەی ئەم نەسخ بوونەتەوە (حوکمیان سڕراوەتەوە) کافر دەبێت، چ جای کەسێك کە دەیباتە لای یاسق و ئەوی پێ قبووڵە، چ جای ئەو

[١] مجموع الفتاوى/ لابن تيمية ٢٦٧/٣.

کەسەی کە حوکمی یاسقەکەش لە پێشتر دەگرێت وەی ئەوی پێ باشترە لەوەی خواو پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەر کەسێك وا بکات ئەوە بە کۆڕا (ئیجماع)ی هەموو موسوڵمانان کافرە)..[1]

دیدلێلی و دیاری نەکردنی هۆکاری حوکمی شەرعی لەم مەسەلە دژوارەدا پشێویەکی زۆری ناوەتەوە، تەنانەت زۆرێکی لە ئەهلی بزوتنەوە ئیسلامیەکانیش تووش کردووە! کەلێن و کونێکی لەملاولاوە دروست کردووە کە ئەهلی باتڵ بە ئاسانی دەتوانن دزە بکەنە ناو مەسەلەکەوەو سەر لە میللەتە موسوڵمانەکانمان بشێوێنن، خۆشیان وەکو ئەهلی ئیسلام و سوور لەسەر دین و ئیسلامەتیش! بناسێنن، بە هۆی ئەم پشێوی ودید لێڵییەوەیە کە عەلمانییە مورتەددەکان نەك هەر توانیویانە شەریعەتەکەی خوا لادەن و سەروەری ئیسلامەکە بهێننە خوارەوە! بەڵکو توانیویانە پۆشاکی شەرعێتی بکەن بە باڵای سیستمە کافرەکانیشیانداو خۆشیان لە حوکمی شەرع ببوێرن! هەموو ئەمەش بە هۆی ئەوەوەیە کە دەڵێن: ئەو کوفرەی خوای گەورە لەو ئایەتەی: (وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ) المائدة/٤٤ باسی فەرمووە کوفری بچووکەو بکەرەکەی لە دین و ئوممەتەکەی ناباتە دەرەوە! ئینجا چەند قەولێکی یاوەران و تابعین دەکەنە بەڵگەی (راستی) هەڵوێستەکانیان، کە هەندێکیان فەرموویانە ئەوە (كُفرٌ دُونَ كُفر)ە و وەکو ئەوە نییە کەسێك باوەڕی بە خواو بە فریشتەکانی نەبێت، واتە کوفری بچووکە! بە مانایەکی تر کابرا هەرچەند لە دینەکە لادات و

[1] البداية والنهاية ١٣/١١٩

دینەکە لادات هەر بە گوناحێك لەسەری دەنوسرێت و کارەکەی نامانگەیێنێتە ئەوەی بە ناشەرعی بناسێنین و شۆڕشی دژ بەرپا کەین ..

شێخ مەحموود شاکر لە پەراوێزەکەی سەر تەبەری دا ئاماژەی بەم کەلێنە کردووەو بە تەفسیلی مایەپووتی ئەم راو بۆچوونە گزییەی خستۆتە روو.. ئیمامی تەبەری قەولێکی ابو مەجلەزی هێناوەتەوە کە زانایەکی تابعینەو ئەهلی دینەو جێ متمانەیە، هەندێك لە ئیبازییە خەواریجەکان چوونە لای و کەوتنە پرسیار لێکردنی تا بەرەو تەکفیر کردنی سوڵتان رای کێشن، پێیان دەووت: تۆش دەزانی کە سوڵتان و کاربەدەستانی دەیان موخالەفەی شەرعییان کردووە، ئەویش پێی فەرموون: ئەو ئەمیرو سوڵتانانە ئەوی دەیکەن دەزانن کە سەرپێچی خوای گەورەیە، بەڵام ئەو ئایەتەی مائدة/٤٤ لەسەر جولەکەو دیانەکان هاتۆتە خوارەوە، پێیان ووت: وەڵاهی تۆش وەکو ئێمە دەزانیت حوکمی ئەو سوڵتان و ئەمیرانە چییە، بەڵام تۆ چونکە لەژێر سایەیاندایت، لێیان بێ دەنگیت! لێیان دەترسیت! پێی فەرموون: بە هەر حاڵ رەنگە ئێوە شارەزاتر بن لە ئێمە..)[١] ئینجا شێخ مەحموود شاکر لەسەر ئەم روداوە دەفەرموێ: (پرسیاری ئەو ئیبازییە خەواریجانە لەسەر ئەو مەسەلانە نەبوو کە بیدعەچییەکانی زەمانی ئێمە دەیجوونەوە، ئەوەی ئەوان دەربارەی سەرپێچی کردن بوو ئەمەی ئەمان دەربارەی خودی شەرعەکەیە، دەربارەی ئەحکامەکانی خوێن و ناموس و سامانە، بە یاسایەك کە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە، مەسەلەی ئەوان گوناح کردن بوو، مەسەلەکانی ئەمان لادانی ئەحکامە شەرعییەکانەو گۆڕینییانە بە ئەحکامی

---

[١] تفسير الطبري/ت : محمود شاكر ب ٣٤٩/١٠.

دەستوورێك كە پێچەوانەی قورئان و سوننەتن، هەر كەسێك ئەمەی ئەمان بكات، واتە لە بێزارییەوە بێت یان لە بە راست دانانی یاسا، داوەری خۆی بباتە بەر یاساو رێساو دەستوورێكی تری غەیری هی ئیسلام، پێی كافر دەبێت، گومانی تێدا نییە كە داوەری بردنە لای ئەحكامی ئەهلی كوفر، كوفرە.. كەسیش لە ئەهلی قیبلە گومانی لە كافرێتی ئەو كەسەدا نییە ..

ئەمەی ئەمڕۆ ئێمە تێی كەوتووین بریتییە لە واز هێنان لەهەموو ئەحكامی شەریعەتەكەی خوای پەروەردگارو فەزڵ دانانی حوكمی كافران بەسەر قورئان و سوننەت و پەك خستنی تەواوی شەریعەتەكەی خوای گەورە! تەنانەت جاری وا بووە كە گەیشتۆتە ئەو رادەیەی حوكمی یاسای كافرانیان پێ چاكتر بووە لەو ئەحكامانەی كە خوای گەورە لە حەوت تەبەقەی ئاسمانەوە ناردوێتییە خوارەوە! ئینجا ئەهلی ئەو یاسا باتڵانە بە دەمی زۆر هەراشەوە دەڵێن: ئەحكامی ئیسلام بۆ زەمانی كۆن باش بووەو ئێستا رۆڵی نەماوە، چونكە ئەو شتانەی ئەو حوكمی لەسەر داون، گۆڕاون و شتی نوێ پێویستی بە ئەحكامی نوێ هەیە..

ئەم قسە كوفرەی نێوان ئێمەو ئەهلی یاسا لە كوێ و ئەو مەسەلەی نێوان ئەبو مەجلەزو ئەو دەستە ئیبازییەی خێڵی بەنی عەمری سدۆسی لە كوێ؟!).[1] ئەوەی ئەوان دەیانەوێت روداوەكەی ئەبو مەجلەزی بۆ بكەنە بەڵگە، بۆی نابێت! چونكە ئەو خەواریجییانە دەیانەویست هەنجەتێك لە حوكمێكی شەرعیدا بۆ خۆیان پەیدا كەن بۆ سەرپێچی كردنیان لە فەرمانی سوڵتان، نەك گۆڕینی شەرعەكە.. چونكە لە هەموو مێژووی ئیسلامدا رووی نەداوە حاكمێك فەرمانێكی

[1] هەمان سەرچاوە.

پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامی دەرکردبێت و کردبێتی بە یاساو ڕێسای حوکم کردن و خەڵکی ناچار کردبێت وەری گرن و داوەرەکانی ووڵاتیشی ناچار کردبێت کە داوەری خەڵکی بهێننە لا! ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە ئەو حاکمەی لە روداوێکدا بە حوکمی غەیری شەریعەتەکەی خوا ی گەورە دەیکات، یان لەبەر ئەوە وا حوکمی کردووە کە نەزان بووە، ئەمەش (حوکمی شەرع لەسەر نەزان) دەیگرێتەوە، یان ئەوەی کە حوکمەکەی هەر لە هەواو هەوەسی خۆیەوە دەرکردووە، دەشزانێت کە ئەم کارەی کردوێتی حەرامەو گوناحی دەگاتێ، ئەمە گوناحەو تۆبە لێ کردنی دەیگرێتەوەو دەچێتەوە بەر ڕەحمەتی خوای کارزان، یان لێی خۆش دەبێت یان سزای بە پێی گوناحەکەی دەدات، یان ئەوەی کە ئەو حوکمەی بە دیدو تێڕوانین و بۆچوونێك دەرکردووە، کە دەقێکی شەرعی بە کارهێناوە بەڵام لە مانای تەواوی دەقە شەرعییەکە حاڵی نەبووە، ئەمەش حوکمی (موتەئەوویل)ە واتە ئەو کەسەی کە دەقێکی شەرعی لێك دەداتەوە.. ئەمما کەسێك لە زەمانی ئەبو مەجلەز دا یان پێش ئەو یان دوای ئەو بڕیارێکی دەرکردبێت و کردبێتی بە شەرع و لەجێی شەریعەتی خوا دایابێت، خەڵکی ناچار کردبێت کە داوەری خۆیانی ببەنە لا، ئەمە شتی وا رووی نەداوە، ناشێت روداوی ئەبو مەجلەزو خەڵکە خەواریجەکەی ئیبازییەکان بکرێتە بەڵگەی لە شەرع واز هێنان و لادان یان گۆڕینی شەریعەتی ئیسلام و هێنانی ڕێسای کوفرو یاسای کافران بۆ سەر ئوممەتی ئیسلام و خەڵك ناچار کردن لەسەر وەرگرتن و چەسپاندنی! ئەمەیان کوفرەو ڕێی بەسەر ئیسلامدا نییە.

هەر کەس ئەمانە بکات بە بەڵگەی غەیری بابەتی خۆیان، مانای وایە دەیەوێت روداوەکە بۆ خۆی تەفسیر کات، دیارە ئەو کەسە سوورە لەسەر مانەوەی حوکمی ناشەرعی خۆی و یاوەرانی یان دەیەوێت پاشقوول لە شەریعەتی ئیسلام و موسوڵمانان بگرێت و حوکمی غەیری شەریعەتی ئیسلامیان بەسەردا بچەسپێنێت، حوکمی ئەم جۆرە کەسانەش ئەوەیە بگیرێن و داوای تۆبەیان لێ بکرێت، ئەگەر پەشیمان بوونەوەو تۆبەیان ئیعلان کرد ئەوە دێنەوە ریز، ئەمما ئەگەر هەر بەردەوام بوون لەسەر هەڵوێستی خۆیان و سوور بوون لەسەر گۆڕینی ئەحکامی قورئان و سوننەت و ڕادانی شەرع و چەسپاندنی حوکمی یاسا، ئەوە ئیدی حوکمی ئەو کەسەیان بەسەردا دەدرێت کە کافر بوون و سووریش بوون لەسەر کافر بوونەکەیان. حوکمی ئەوانەش لە ئیسلامدا ئاشکرایە).[١]

ئەوەی ئەم باسەی سەرەوە تێمان دەگەێنێت ئەوەیە کە ئەو قەولەی هەندێك لە زانایانی سەلەف دەربارەی حوکم کردن بە غەیری قورئان و سوننەت فەرموویانە کە (کُفرٌ دُونَ کُفر)ە، شموولی ئەو کەسانە ناکات کە ئەحکامی شەرعییان خستۆتە لاوە، بەسەر ئەم بارودۆخەی ئێستای ئەو حاکم و سیستمانەی ئەمڕۆشدا ناچەسپێت کە لە وڵاتانی ئەهلی ئیسلامدا بە یاسای پێچەوانەی شەرع حوکم دەکەن، یان نابێتە رەحمەت و پەتی رزگار بوون بۆ ئەو کەسانەی کە دین لە سیاسەت و لە دەوڵەت جویێ دەکەنەوە، یان ئەوانەی کە دەڵێن ئەحکامی قورئان و سوننەت بۆ ئەم زەمانەی ئێستای ئێمە ناشێت چونکە کۆن بوون! دیسان ئەو کەسانەش ناگرێتەوە کە سەروەری شەریعەتی ئیسلام

---

[١] هەمان سەرچاوە.

دەخەنە ژێر رەحمەتی یاسای کوفرەوە، نەخێر ئەو (کُفرٌ دُونَ کُفر)ە هیچ یەکێك لەمانە ناگرێتەوە، چونکە ئەمانە هەر یەکێکیان لە دین لادان و چوونە دەرەوەیە لە بازنەی ئوممەتی ئیسلام! هەر بڕگە یاساییەکیش کە ئەم مورتەددانە دەری کەن باتڵەو دەبێت قازی موسوڵمان رەتی کاتەوەو نەهێڵێت موسوڵمانان داوەری خۆیانی ببەنە لا، چونکە بە تەئکید لە دین دەرچوون و کافر بوونە، چ جای ئەوەی خۆی قبووڵی کات بە رانەپەڕاندن و نەچەسپاندنی تاوانبار بکرێت ..

ئەوەی ئێستا ئەهلی ئیسلام بە گشتی و بزوتنەوە ئیسلامیەکان رووەو رووی دەبنەوە، مەسەلەیەکی لاوەکی نییە، داوەرییەکی سەرپێیی قازییەك نییە لە روداوێکدا شەرعەکەی لەبەر هەواو هەوەسی خۆی خستبێتە لاوە، لە داوەرییەکی تایبەتدا نییەو داوەرێك لەبەر بەرتیل وەرگرتنی یان خزمایەتی و واسیتەو واسیتەکاری حوکمەکەی دابێت و کۆتایی پێ هاتبێت! نەخێر، ئەمە گۆڕینی رێبازو سیستمە، لادان و رادانی شەرعە، تێك و پێك دانی ئەو رێسایانەن کە ئیسلام و ئوممەت و بانگەوازەکەیان لەسەر بنیاتنراوە. سەرلێشێواندنی ئوممەتەکەیە تا وای لێ بێت نەزانێت بۆ چارەسەری کێشەو ناکۆکیەکانی روو بکاتە کوێ نەزانێت مەرجەعییەتی ئەحکامەکانی کامەیە؟! یاسای کوفرو بێ دینییە یان شەریعەتەکەی خوایە؟! قورئان و سوننەتە یان ئەو یاسا پێچەوانانەیە کە پەرلەمان دەریان دەکات؟! کورت و موختەسەر وەڵامەکە دەبێتە هەڵوێست لە ووڵات و سیستم و حاکمەکانی.. ئەم ووڵاتە دار الاسلامە یان دار الکفرەو بە دیدو یاسای ئەوروپا حوکم دەکرێت؟! یان بە شەریعەتی ئیسلام؟!

ئایا دەوڵەت و حكومەت لەسەر ڕێساكانی دین دامەزراوەو سیستمی سیاسی وولات لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە، یان دین و دەوڵەت لێك جوێن؟!

**گومانی دووەم: (لايُكْفَرُ أحدٌ بِذَنْبٍ مَا لَمْ يَسْتَحِلْهُ)**

واتە: كەس بە گوناحێك كافر ناكرێت گەر بە حەڵاڵی نەزانیبێت :

ئەمما ئەم گومانەیان كە گوایە كەس بە گوناح كردن مادام گوناحەكەی بە حەڵاڵ نەزانیبێت كافر نابێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا حەقەو ئێمەش هەر دەیلێین، [1] بەڵام لە ڕاستیدا بە حەڵاڵ زانین دوو شێوەیە :

**یەكەم: (كُفر التَكذيب)** واتە: بە درۆ خستنەوەی حوكمە شەرعییەكەو باوەڕ نەبوون پێی.

---

[1] ئێمە ناتوانین بەو شێوە گشتییە بیلێین، چونكە دەبێ ئەوە بزانین كە گوناح دوو جۆرە: جۆرێكی پێی دەوترێت: الذنوب المُفَسِّقَه: واتە ئەو گوناحانەی كە بە فیسق حسێبن و خاوەنەكەیان بە كردنیان - مادام بە حەڵاڵیان نەزانێت- لە دین و ئوممەت ناچنە دەرەوە.. ئەوەی نوسەری بەڕێزیش ئاماژەی پێ كردووە ئەمەیانە. بۆ نموونە شەراب خواردنەوە، كابرا كە دەیخواتەوە - مادام شەراب خواردن بە حەڵاڵ نازانێت- پێی كافر نابێت، بەڵام ئەگەر بە حەڵاڵی زانی، نەشیخواتەوە هەر پێی كافر دەبێت.

جۆری دووەم ئەوەیە كە پێی دەڵێن: الذنوب المُكَفِّرَه: ئەمیش ئەوانەن كە هەر بە كردنیان بكەرەكانیان لە دین و ئوممەت دەچنە دەرەوە، ئیدی سەیری ئەوە ناكرێت چ پاڵنەرێك وای لێ كردووە ئەو گوناحە مكفرەیە بكات، بۆ نموونە كەسێك جنێو بە خوای گەورە بدات یان قورئان بخاتە پیساییەوە كافر دەبێت، ئیدی گرنگ نییە بڵێ نا من باوەڕم بە قورئان هەیە، بەڵام فلان كەس تووڕەی كردم و منیش زۆر تووڕە بوو بووم، یان بڵێ: هەر دەموویست ئەو تووڕە بكەم، یان ئیهانەی كەم.. ئەمانە نابنە بەهانەی شەرعی و حوكمی كافر بوونەكەی بۆ ناگۆڕن.. بۆ زیاتر شارەزابوون بڕوانە كتێبی: الجامع/ عبدالقادر بن عبدالعزیز ب٢ / لا ٥٧٩ ( وەرگێڕ)

**دووەم: (كُفر الرَد)** واتە: رەتكردنەوەی حوكمە شەرعییەكەو پابەند نەبوون پێیەوە، ئەگەرچی باوەڕیشی بە حوكمە شەرعییەكەش هەبێت، با واش بزانێت ئەمە حوكمێكە خوای گەورە فەرزی كردووە یان پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی پێ داوە.. هەر كەسێك بڵێ: ئەمە حوكمی خوایەو من رەتی دەكەمەوە، یان بڵێ وا نازانم بۆ ئەم زەمانەی ئێمە بشێت، یان من ناتوانم وەری بگرم، یان رازی نەبێت داوەری خۆی و بەرامبەرە ناكۆكەكەی بهێنێتە لا، ئەمانە هەموو هەر كتومت وەك ئەو كەسە وان كە هەر لە سەرەتاوە حوكمەكەی بە درۆ خستۆتەوە، بگرە كوفری ئەمان دژوارترو پیسترێشە، چونكە بەرهەڵستی دینەكەی خواو دوژمنایەتی خواو پێغەمبەری زیاتر تێدا دەردەكەوێت..چونكە باوەڕ بە شێوە گشتییەكەی - وەكو ووتمان - بریتییە لە بەڕاستگۆ زانینی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەوەی كە فەرموویەتی، ئینجا گوێڕایەڵی و مل بۆ كەچكردنی، جا هەر كەسێك لە دڵ و دەروونیدا پێغەمبەری صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەڕاستگۆ نەزانی و ناوەكی و دەرەكی ملكەچی فەرمانەكانی نەبوو ئەوە كافرە ..

هۆی گومڕایی ئەم جۆرە كەسانە تێنەگەیشتنیانە لە حەقیقەتی باوەڕ، ئەمانە گوێچكەیان بە راوبۆچوونی ئەو گرووپە گومڕایانە ئاخنیووە كە پێچەوانەی ئیعتیقادی ئەهلی سوونەت بوون، ئەوانەی كە میكرۆبی گومڕاییان بە ناو ئوممەتەكەدا چاندو دینی خەڵكەكەیان شێواند، تا ئەو خەڵكە داماوە ئەوەندە بێ هۆش و گۆش كەوتن كە هەر وا حاڵی بوو بوون كە هەر بەوەندەی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە راستگۆ بزانن بۆ ئیمانداریيان بەسە! چونكە هەر وا

حاڵی بوو بوون کە هۆی کافر بوون هەر بە درۆخستنەوەی پێغەمبەرە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ! ئەگینا خۆ ئەگەر کەسێك هەرچەند حوکمی خواو پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رەت کاتەوەو هی تر بهێنێتە جێی، یان گاڵتەو فشەی بە ئەحکامی شەریعەتی ئیسلام بێت، مادام باوەڕی بە راستگۆیی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەیە ئیدی بەسێتی و قووش نییە لە ئیسلام بیکاتە دەرەوە! مەگەر ئەوە نییە باوەڕی هەر بەوە ماوە کە ئەم دینە لە لایەن خواوە هاتووە؟!ئیدی کافر بوونی واتە چی؟!

شێخ الاسلام ئیبنوتەیمییە دەفەرموێ: (کوفر تایبەت نییە بە بە درۆخستنەوەوە، چونکە ئەگەر کەسێك بە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بڵێ من دەزانم کە جەنابت راستگۆیت، بەڵام من نەك هەر بەوە رازی نیم کە هێناوتەو شوێنت ناکەوم، دەشتبوغزێنم و دوژمنداریشت دەکەم.. کوفری ئەم کەسە گەورەترو دژوارترە، مادام کوفرێك کە پێچەوانەی باوەڕە هەر بریتی نەبێت لە بەدرۆخستنەوە، کەوابوو باوەڕیش بریتی نییە هەر لە بەڕاستگۆ زانین، مادام کوفر بریتییە لە بەدرۆخستنەوەو سەرپێچی و دژایەتی و گوێ نەدان، دە حەتمەن باوەڕیش بریتییە لە بەڕاستگۆ زانین و پابەند بوون و دۆستایەتی و ملکەچی.. ئەمما راستگۆ زانین بە تەنها، ئەوە نابێتە ئیسلام، چۆن ملکەچ نەکردن و گوێ نەدان بەشێك دەبن لەوەی پێی دەوترێت کوفر، کەوابوو حەتمەن دەبێت ئەو کەسەی باوەڕ دەهێنێت، موسڵمانیش ببێت، واتە ملکەچی فەرمانەکان بێت، ئەمەش ئەو کردارەیە کە هاوڕێی بەڕاستگۆ زانینەکەیە)..[١]

---

[١] شیخ الاسلام ابن تیمیة: مجموع الفتاوى ٧/ ٢٩٢.

ڕێبازی ئەهلی سوننەت وجەماعەت وا لە نێوان ڕێبازی مورجیئەو ڕێبازی خەواریجدا، مورجیئە کردەوە ناکەنە بەشێك لە هەبوونی باوەڕ بەلایانەوە بەڕاستگۆ زانین بۆ ئیسلامەتی بەسە، خەواریجیش ئەسڵی هەموو کردەوەکان بە بەشێك لە هەبوونی باوەڕ دەزانن و پابەند بوون بە کردەوەکانی ئیسلام بە فەرز دەزانن!!

خەواریج ئەوە دەکەنە بەڵگە کە هەموو ئەو دەقانەی هەڕەشە لە تاوانبار دەکەن بۆچوونی ئەوان بەهێز دەکات، مورجیئەش ڕواڵەت و مانای دەرەکی دەقە شەرعییەکان دەکەنە بەڵگەی بۆچوونی خۆیان، هەردووکیان لە بۆچوونەکەیاندا لەوەدا بەهەڵەدا چوون کە هەموو دەقەکانیان پێکەوە نەخوێندۆتەوەو تا مەبەستی شەرعیان بۆ ڕوون بێتەوە.. بۆیە زانایان فەرموویانە ئەوەندە ڕاو بۆچوونی مورجیئە بخوێننەوە کە سوودی بۆ بەرپەرچدانەوەی ڕاوبۆچوونی خەواریج لێ وەرگرن، چونکە حەق نە لە لای ئەویانە و نە لە لای ئەمیانە ..

شێخ الاسلام ئیبنوتەیمیە دەفەرموێ: (بە تەئکید هەر کەس وورد سەرنج بداتە ڕاوبۆچوونی مورجیئەو خەواریج زوو بۆی دەردەکەوێت کە بۆچوونی هەردوولایان پێچەوانەی پەیامی پێغەمبەرە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، چونکە ئەوە شتێکی بەڵگە نەوویستە کە گوێڕایەڵی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە تەواوێتی باوەڕە.. چونکە هەر کەسێك گوناحێکی بکردایە دەست بەجێ پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حوکمی کافرێتی دەر نەدەکرد، بەڵام ئایا کەسانێك بهاتنایەتە خزمەتی و پێیان بووتایە: ئەی پێغەمبەری خوا، ئێمە لە دڵەوە باوەڕ بەوە دێنین کە جەنابت

لە خواوە هێناوتەو بە زمانیش شایەتمان دەهێنین و بڕیار دەدەین كە ڕاستە، بەڵام گوێڕایەڵیت لە هیچ شتێكدا لەوەی فەرمانت پێ كردووە ناكەین و لەوەش كە بەرهەڵستیت لێ كردووە بە قسەت ناكەین، نوێژیش ناكەین و بەڕۆژووش نابین، حەج ناكەین و ڕاستگۆ نابین و ڕاسپاردە بە خاوەنی ناگەیێنینەوەو بەڵێن نابەینە سەرو سیلەی ڕوحم دەپسێنین، یەك خێرێك لەوانە ناكەین كە جەنابت فەرمانت پێ كردوون، شەراب دەخۆینەوەو زینا لەگەڵ مەحرەمانی خۆمان بە ئاشكرا دەكەین و چنگمان لە هەر یەكێك لە یاوەران و شوێنەكەوتووانی جەنابت گیر بێت سێوودووی لێ ناكەین و دەیكوژین و سامان و ماڵیان دەبەین و بۆمان هەڵكەوێت جەنابیشت دەكوژین و دەچینە ریزی دوژمنانتەوە بۆ جەنگ كردن دژت.. جا كەسێك یەك زەڕە ئەقڵی هەبێت وا دەزانێت كە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێیان دەفەرموێ: هەی بە خێربێن، بەڕاستی ئێوە نەك هەر موسوڵمانن، بەڵكو باوەڕپشتان وا لە پلەی تەواوێتیدا، ئێوە لە ڕۆژی قیامەتدا شایانی شەفاعەتی منن، هیوادارم كەستان نەچنە ئاگری دۆزەخەوە! بەڵكو ئەمە بۆ هەر كەس باس كەیت حەتمەن دەڵێ: لەو باوەڕەدام كە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێیان دەفەرموێ: ئێوە لە هەموو كەسێك كافرترن و حەتمەن گەر تۆبەیان لەو قسانەیان نەكردایا، لە گەردنیشی دەدان.. دیسان خۆ ئەوەش ئاشكرایە كە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شەراب خۆرو زیناكار و تۆمەتكاری بە مورتەدد حسێب نەدەكرد، جەنگی دژی هیچ یەكێك لەم خاوەن گوناحە گەورانە (كەبیرە) بەرپا نەدەكرد، بەڵگەی قورئان و سوننەت لەسەر ئەوە زۆرە كە سزای خاوەن ئەم گوناحانە سزای پاشگەزبووەوە لە دین (مورتەدد) نییە،

هەر وەکو کە لە قورئاندا باسی جەلدە لێدان دەخوێنینەوە کە بۆ حوکمی ئەو کەسە دانراوە کە کەسێکی تر بە زینا تۆمەتبار دەکات، یان کە بۆ حوکمی شەراب خۆرو زیناکار دانراوە، هەروەها دەستبڕینی دز.. ئەمەش لە سیرەی پێغەمبەردا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ روون و ئاشکرایە، ئەوانە گەر مورتەدد بوونایە دەیکوشتن نەك جەلدەیان لێ بدات، کەوابوو قسەی هەر دوولایان (مورجیئەو خەواریج) باتڵەو لە ئیسلامدا شتی لەسەر بنیات نانرێت ).[1]

لە لایەکی ترەوە هەموو ئەهلی سوونئەت و مورجیئەو خەواریج و گروپ و فیرقەکانی تریش لەسەر ئەوە کۆن کە حوکمی شەریك بۆ خوا بڕیاردان لە حوکمی گوناحەکانی تر جیایە، چونکە خوای گەورە دەربارەی شیرك دەفەرموێ: (إِنَّ اللّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاءُ) النساء/٤٨ واتە: خوا لە شیرك خۆش نابێت، ئەگینا لە هەموو گوناحەکانی تر کە لەو کەمترن خۆش دەبێت. هەروەها دەفەرموێت: (وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ. بَلِ اللَّهَ فَاعْبُدْ وَكُن مِّنْ الشَّاكِرِينَ) الزمر/٦٥ واتە: وەحی بۆ جەنابت و بۆ ئەوانەی پێش جەنابیشت چووە کە ئەگەر شەریك بۆ خوا بڕیار بدەیت هەموو کارو کردەوەکانت پووچەڵ دەبێتەوەو دەچیتە ریزی زەرەرمەندان، دەی سا هەر خوا بپەرستەو لە ریزی سوپاسگوزارانی خوا بە..

ئەمەی ئێستا باسی لێوە دەکەین (شیرکی یاسا دانان) گومانی تێدا نییە کە شێوەیەکی شیرکی گەورەیە، پێشتریش زۆرمان باس لەوە کرد کە بەرنامەو رێباز

---

[1] ابن تيمية: مجموع الفتاوى ب٧ / ٢٨٧،٢٨٨.

دیاری کردن و یاساو رێسا دانان مافی تایبەتی خوای گەورەیەو بەس، کەس بە هیچ شێوەیەك بۆی نییە سواری سەری خۆی بێت و ململانێ و شەڕەپاڵ لەم مافەدا بکات، هەر کەسێك ئەم مافەی خوای گەورە بۆ خۆی یان بۆ کەسێکی تر زەوت کات حەتمەن موشریکە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (أَمْ لَهُمْ شُرَكَاء شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ) الشورى/٢١ واتە: یان دیارە شەریکی وایان بۆ خوا بڕیار داوە کە یاسای وایان بۆ دەرکردوون کە خوا رێی پێ نەداوە. یان: (اتَّخَذُواْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ) التوبة/٣١ واتە: لە جیاتی خوای پەروەردگار حیبرو راهیبەکان (پیاوانی دینی)خۆیان کردبووە خوای خۆیان. پێشتر ئەم ئایەتانە هەمووی راڤە کران..

ئەو بارودۆخەی کۆمەڵگەکانی ئێستامانی تێ کەوتووە بریتییە لە ئینکار کردنی خودی ئیسلام!! رەفز کردنی ئەوەی کە ئیسلام هیچ مافێکی لە کاروباری دەوڵەتدا هەبێت، گۆشەگیر کردنی لەوەی کە مافی ئەوەی هەبێت شەریعەتەکەی خۆی بکاتە یاسای هیچ کەلێن و کونێکی ژیان! لەولاوەش هەموو مافێکی یاسا دارشتنەکە دراوەتە دەست پەرلەمان و ئەنجومەنی یاسا دارڕشتن!!

ئێمە ئێستا بەرامبەر خەڵکانێك وەستاوینەتەوە کە سەروەری دەسەڵات و یاسادارڕشتن دەدەنە ئەنجومەنی یاسا دانیانیان، ئیتر ئەوە حەڵاڵە کە ئەو حەڵاڵی کردووە، ئەوەش حەرامە کە ئەو حەرامی کردووە، فەرز ئەوەیە کە پەرلەمان فەرموویەتی فەرزە، سیستم و نیزام هەر ئەوەیە کە ئەو پەسەندی کردووە، هیچ کارێك تاوان نییە تا بە پێی یاسا پێناسە نەکرا بێت، کەسیش بە هیچ تاوانێك سزا نادرێت تا یاسا بۆی دیاری نەکردبێت، هیچ دەقێك پیرۆز نییە ئیللا ئەوە نەبێت کە

یاسا بە پیرۆزی ناساندووە، دەقی یاسا پیرۆزەو کەس بۆی نییە بە چاوێکی ترەوە بیڕوانێتێ.. ئەمە ئەو میحنەتەیە کە ئەمڕۆ ئێمە دوچاری بووینەتەوە ئەمە شتێك نییە پینە بکرێت، ئەم شەبەق و دەلاقە هەڵدڕاوە هی ئەوە نییە بڵێی با بڕگەیەکی لێ بگۆڕین، یان دەقێك بخەینە شوێنی دەقێکی تر.

ئێمە دەبێ هەر لە سەرەتاوە - بۆ چارەسەر کردنی ئەم کارەساتە- ئەوە بناسێنینەوەو خەڵکی لەوە بەهۆش بهێنینەوە کە دەبێ سەروەری تەواوی دەسەڵات وحاکمێتی رەها هی شەریعەتی ئیسلامەو بەس، دەبێ لەسەرەتاوە ئەوە بکەینە رێسا کە: هەر بڕگە یاسایەك، هەر بڕیارێك هەر دەقێك لەگەڵ ئیسلامدا نەگونجێت، ئەوە باتڵەو پێویستە لا درێت.. ئەم رێی بەرەو خوا چوونە، بەم هەنگاوە دەست پێ دەکات، گەڕانەوە بۆ خوای گەورە بەوە دەست پێ دەکات کە کوێ دار الاسلامە؟! ئەگەر دار الاسلام ئێستا نەماوە، چۆن یاساو رێسای بۆ دادەڕێژرێتەوە؟!

ئەمما ئەو قسەیە کە گوایە ئەمە راوبۆچوونی خەواریجەکانەو ئەوان بەم جۆرە بەڵگانە خاوەن بۆچوونە پێچەوانەکانی بەرامبەریان - کە وەکو خۆیان ئەهلی قیبلەش بوون - بە کافر دادەنا.. بەڕاستی ئەمە بەهانەیەکی زۆر گێلانەیە، ئەمە گومڕایی خاوەنەکەی دەگەیێنێت.

خوای گەورە کە دەفەرموێ: (إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلّه) یوسف/٤٠ واتە: حوکم کردن تەنها هی خوایەو بەس، ئەمە فەرمایشتی سەییدنا یوسفە، بەڕێزی کوڕی بەڕێزی کوڕی بەڕێزی کوڕی بەڕێزە. سەلامی خوا لە هەموویان. پێش ئەوەی مێژو دیدو بۆچوونی خەواریجتان بۆ نەقڵ کات! ئیدی ئەگەر کەسێك داوای کرد: دینەکە

بەرقەرار بکرێت و شەریعەتەکەی رابپەڕێنرێت، ئەگەر کەسێك داوای کرد کە تەنها خوای پەروەردگار لە پەرستن و یاساو رێسا داناندا بپەرسترێت دەچێتە ریزی خەواریجەوە؟! ئەدی ئەو کەسەی شەریعەتەکەی خوای گۆڕیووە؟! ئەو دەبێت بە چی؟! ئەو کە حەرامی حەڵاڵ کردووەو حەڵاڵی حەرام کردووەو دین لە دەوڵەت جوێ دەکاتەوە بووە بە عەلی کوڕی ئەبوطالیب؟!

دەك خوا هەر بەو درۆ شاخدارەتان خەجاڵەتتان کات..

ئاخر خۆ خەواریج کە ئەو دروشمەیان بەرز دەکردەوە، بە رووی پێشەواو خەلیفەی بەحەق و ناحەقی موسوڵماناندا بەرزیان دەکردەوە، لە زەمانێکدا بوو کە شەریعەتی خوا دەچەسپێنرا، دەسەڵاتی سیاسی ووڵات دینی دەپاراست و دنیای خەڵکیشی هەر بە دینەکەی دەبرد بەڕێوە، هەموو گلەییەکە دەکەوتە سەر ئەو کاربەدەستانەی ستەمیان لەم و لەو دەکرد، لەگەڵ ئەمەشدا گومانی تێدا نییە کە خەواریج لە بۆچوونی حەق لایاندا بوو ..

بەڵام ئەمڕۆ عەلمانییەت خۆی لە جێی دینەکەی خوای گەورە ئیعلان کردووە یاساو رێسای پێچەوانەی چەسپاندووەو ریباو زیناو هەرچی خراپەکاری و فاحیشە هەیە هەموو بە پێی یاسای خۆی حەڵاڵ کردووەو بە هێزی سوپاو داپڵۆسینی پۆلیس و دادگا دەیپارێزێت، بەڵام ئەهلی ئیسلام دەبینیت ئاڵای یەکخواپەرستییەکەی هەر بەدەستەوەیەو سوورن لەسەر ئەوەی ئەو خەڵکە لە شیرکی حاکمێتی بپارێزن و نەهێڵن شەریعەتەکەی خواش لە تەمەنی کورتی ئەواندا بزر ببێت و لەولاوەش مافیان پێشێل بکرێت و ئابڕوو گیان و سامانیان بە هەدەر بڕوا، ئەوە ئەوانن ئاڵای پاراستنی ئەم دینەیان هەڵکردووەو بە یەك دەنگ

وەك جەنگاوەرانی ریزی جیهاد هاوار دەكەن: ئێمە پشتیوانانی خواو پێغەمبەری خواین صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.

بەڕاستی هەڵوێستی پشتیوانانی عەلمانیەت جێی سەرسوڕمانە! لە لایەكەوە ئەوانن كە عەلمانیەتەكە بە ئاگرو ئاسن دەچەسپێنن و ئەوانن یاسای كوفر دەردەكەن و ئەوانن زیندانیان بۆ گەنجی جوانی بزوتنەوە ئیسلامییەكان كردۆتە قولەی قاف و هەرچی تێی چوو بزر دەبێت! كەچی لەملاوە فرمێسك بۆ دیدو بۆچوونی ئەهلی سوونەت و جەماعەت دەڕێژن و بەرامبەركانیان - كە رایان لەگەڵیاندا ناگونجێت - بە خەواریج دەدەنە قەڵەم!! هەی لە عنەتی خوا لە دووڕوویی و دووڕوان..

تۆ بڵێیت وا لە مەزهەبی ئەهلی سوونەت حاڵی بوو بوون كە قەیدی نییە ئەگەر عەلمانیەتیش لە خۆ گرن و یاسای پێچەوانەی شەرع داڕێژن و شەریعەتەكەی خوا بخەنە كەنار؟!

تۆ بڵێیت وا لە مەزهەبی حەققی ئەهلی سوونەت تێگەیشتبن كە مافی یاسادارشتن قەیدی نییە با بۆ ئەنجومەنێكی یاسایی بێت و با بەكەیفی زۆرینەی ئەندامانی چییان پێ باشە حەڵاڵی كەن و چیشیان پێ باش نییە با حەرامی كەن، با بەرژەوەندییان لە چیدا بینی بیكەن بە یاسا، با دژایەتیشی لەگەڵ قورئانەكەی خوای گەورەو سوننەتەكەی پێغەمبەری پێشەواشدا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەبێت! با بیكەنە بڕیاری زۆرینە، رێسای بنبڕی شەرعیش كەیفی خۆیەتی!!

تۆ بڵێیت ئەم عەلمانییە لائیكییانەو دۆستەكانیان وا بزانن كە مەزهەبی ئەهلی سوونەت رێی بە یاسای مرۆڤ دابێت كە: فەرموو سوو (ربا) حەڵاڵ كەن بە

یاسا، لە دین هەڵگەڕانەوە هان دەن بە یاسا، زینا حەڵاڵ کەن بە یاسا، شەراب حەڵاڵ کەن بە یاسا، سفووری و رووتی و بەرەڵایی ئافرەت بپارێزن بە یاسا، مەلهاو سەماو شەوانی سوور بخەنە سەر پشت، هەر بەیاساش شەریعەتەکەی خوا کۆت و زنجیر کەن و نەهێڵن کەس داوەری بباتە لا؟!

ئاخر تۆ بڵێیت ئەوەی ئەوان لاف و گەزافی بەرگری کردنی لێ دەدەن هەر ئەو مەزهەبی ئەهلی سوووننەتە بێت کە ئێمە خوێندومانەو دەیزانین؟ ئەدی بۆ ئەوەی ئێمە ئەم کوفرە زەقەی تێدا نییە؟!یان ئەمە - بە دەردی شایەرەکانی عەلمانییەت دەڵێن - کوفر نییەو ئێمە شارەزا نەبووین؟!

نا، بە خوا قەسەم ئێمە شاهێدی ئەوە دەدەین کە مەزهەبی ئەهلی سوووننەت و جەماعەت ئەم گەڕەلاوژێی و گومڕایی و کوفرە پاکەت کراوە نییە.. مەزهەبی ئەهلی سوننەت بەرنامەی خوای گەورەو رێبازی راستی ئەوە، شوێن کەوتوانیشی کۆمەڵە قوتاربووەکەی نێو هەموو فیرقەکانی گومڕاییە، کە هەڕەشەی ئاگری دۆزەخییان لەسەر زمانی پاکی پێغەمبەری نازدار صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لێ کراوە.. مەزهەبی ئەهلی سوونەت بە درێژایی مێژووی خۆی زانای گومڕاو مەلای دین بەتاڵی بە خۆوە نەدیتووە، هەر لەسەر دەست و گیانی زاناو شەرعناسانی حەقخواز پارێزراوە، ئەهلی سوننەت پشتیوانانی خوای پەروەردگارو پێغەمبەری پێشەوای خۆیانن صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شوێن کەوتوو و ئاڵقە لەگوێی لادەران نین، داوەری خۆیان نابەنە لای تاغووت، حەرام حەڵاڵ ناکەن و حەڵاڵ حەرام ناکەن، شەرعی خوا ناگۆڕن و هیچ حوکمێکی خوای گەورە رەت ناکەنەوە، هیچ حوکمێکیشی بۆ بەرژەوەندی و وویستی دنیایی خۆیان یان هی خەڵکی تر ناگۆڕن،

بۆ دین و ئوممەتی خۆیان بە وەفان، ناهێڵن نە زیادەو داهێنراو بکەوێتە سەر دینەکەیان، نە بوار بۆ تەئویل و لێکدانەوەی مونحەریفیش دەکەنەوە، ناشهێڵن هەڵەو پەڵەی نەفامان بخزێتە ناوی، ئوممەتی خۆیان بە پابەند بوون و دینداری دەپارێزن، لە پێناوی پاراستنی رێسا جێگیرو نەگۆڕەکانیدا ئامادەی هەموو قوربانیەکن، هیچ شتێکیان لە پێناوی شەریعەتەکەیاندا لا بە نرخ نییە، نە رۆح، نە سامان، نەکات.. ئا ئەوەیە ئەهلی سوووننەت، هەموو مێژوو شایەتی فەزڵ و ئیستیقامەو قوربانیدانیانە، ئەوەش پێشەوایان و ناودارانی نەك ئەو عالەمانییە بێ دینانەی ئەمڕۆ خۆیان بە ناوی ئەهلی سوووننەتدا هەڵواسیووەو دەیانەوێت دینەکە لە دەوڵەت داڕنن!!

ئەوەی بەم باسە دەیگەینێ و لە تەئکید کرنەوەو جەخت لەسەر کردنی نە ماندوو دەبین و نە مەلەل دەمانگرێت ئەوەی کە ئێمە ئێستا واین لەبەردەم موخالەفەیەکی شەرعی زۆر دژواردا، کە پەیوەندی بە لقێکی حوکمە شەرعییەکەوە نییە، بەڵکو لە رەگ و ریشاڵیدا بە ئەسڵی ئەم دینەوە پەیوەستە، پەیوەستە بە عەقیدەوە، ئەم مەسەلەی حاکمێتی و یاسا دانانە کێشەی کێشەکانی ترە، چونکە یەکەمین داواکاری ئیسلامە کە لەو کەسانەی دەکات کە دێنە ناو ئیسلامەکەوەو دەبنە شوێن کەوتووی، ئەمە لەو روکنە سەرەکیەوە سەرچاوە دەگرێت کە رازی بوونە بە پەروەردگاری خوای گەورەو بە رازی بوون بە بەرنامەی ئیسلام و بە پێغەمبەرێتی سەییدنا محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ! ئەمە پەیوەستە بە یەکخواپەرستییەوە. لەم روانگەوەیە کە هاوار دەکەینە جەماوەری

موسوڵمانەکانمان کە هۆ قەومینە، ئێوە لەسەر دوو ڕێیانێکدا وەستاون، ڕێیەك بۆ دنیاو ڕۆژی دوایی خۆتان بگرنە بەر:

- یان ئیسلام و شەریعەتەکەی، ئەمەش واتە توندی پابەند بوون و شەونخوونی پاراستن وخۆدانە بەر لافاوی رق وقین، واتە قوربانی دان و جیهادو لە ڕێ گلان، واتە گلانی سوارچاکانی رابوون و لەدەستدانی پلەو سەروەت و سامان و شان دانە بەر هەژاری و نەداری لەو کاتەی وا باتڵ گەمەی بە زێڕی میللەت دەکات!

- یان پاشگەزبوونەوە لە دینەکەو رازی کردنی تاغووتان و حەوانەوەی بەر سێبەری وان، ئەمەش هەرچەند خۆش و ئاسان و نزیکە، هەرچەند لەژێر زەلیلی فەلسەفێندراوی دەروون بەزیواندایە بەڵام بە تەئکید حەزێکی کەم و بڕاوەیەو زۆر ناخایانێت گەڕانەوەی بەرەو لای خوای خاوەنی بە دوودا دێت، ئیدی لەوێش: یان رووسووریی و سەربەرزی و سەرفرازیی پیاوچاکان و پاداشتی ئارامی و هیممەت بەرزی کەڵە پیاوانی مێژووە، ئەوانەی لە دنیادا بەڵێنی پیاوانەیان بە خوای خۆیان داو بردیانە سەر.. یان ئیدی سەرشۆڕی و چاوبەرەو ژێر بوونی ئەو کەسانەیە کە لەوێ دەقروسکێنن و دەڵێن: خۆزگە ڕێبازی پێغەمبەرمان بگرتایە، خۆزگە فریووی شەیتان و شەیتانیزممان نەخواردایە.. ئیدی هەر ئاهی ژێوانییەو پەنجە گەستنی نەدامەتە.. تا ئەو ساتەی فریشتەی کەتەو ڕەشتاڵەو دڵڕەق بەرەو دۆزەخ راپێچیان دەکەن.. خوا لاماندا. .

**هۆ موسوڵمانینە!** ئەی جەماوەری موسوڵمانان لە هەمووووڵاتانی ئیسلام! یەك ئامۆژگاریتان وە بیردێنمەوە: لە پێناوی خوادا رابن.. یەك یەك و دوودوو، تاك و

کۆمەڵ، بیر کەنەوە! ئایا دەشێت لە دارالاسلامدا دەستوورێکی غەیری قورئان بەرپا کرێت؟! ئایا دەشێت دینێك غەیری ئیسلام باڵادەست بێت؟!

هەر لە سەرەتاوە، ئایا دەشێت ئەنجومەنێك راست بێتەوەو بڵێ: من مافی تەواوی یاسا دانانم هەیە؟! بە دیدی زۆرینەی ئەندامان حەرام و حەڵاڵ دیاری دەکەم؟!

ئا ئەم دیموکراسییەی کە بریق و باقی رۆژهەڵات و رۆژئاوای گرتۆتەوە، کە دەڵێ نوێنەرانی گەل دەسەڵاتی سەروەرن و مافی تەواوی یاسا دارشتنیان هەیە، ئا ئەمە پرۆگرامێکی ئیسلامەییەو موسوڵمانان دەتوانن بڕیاری لەسەر بدەن، چ جای ئەوەی بۆیان هەبێت - بە سەربەستی خۆیان - بیهێننە ووڵاتەوە؟ ئا ئەمەیە کە دەڵێن پێچەوانەی ئیسلام نییە؟ باوەڕم وا نییە کەسێك ئەمەی قبووڵ بێت کە قەناعەتی تەواوی بەو یەکخواپەرستییەی ئیسلام کردبێت کە دەفەرموێ: حاکمێتی بەشێکە لە تەوحیدو یاسا دانان مافی خوایەو بەس، کەس بۆی نییە بە غەیری شەریعەتەکەی خوای گەورە داوەری نێوان خەڵکی بکات.. ئایا قبووڵتانە کەسانێکی عەلمانی پەرلەمانتان لێ بکەنە خوا؟!

دوای ئەم پرسیارەی کە دەزانم وەڵامەکەتان وەك وەڵامی من بە نەخێرە، ئەمجارە ئەوە دەپرسم: کە دەزانن پەرلەمان مافی خوای لە یاسادananدا بۆ ئەندامانی خۆی زەوت کردووە، ئایا رازین ببنە ئەندامی پەرلەمانی ئاواو لە بڕیارەکانیدا بەشدار بن؟!

ئایا بۆتان جائیزە ئاوا وەکو پەپوولە - بێ گوێدانە رۆژی دواییتان - خۆتان بەو ئاگرەی شیرکدا دەدەن، ئێوەش دێنە سەر ئەو خەیاڵ پڵاوەی کە دەڵێت: ئوممەت خاوەنی ئیرادەی حوکمی خۆیەتی، با یاسا بۆ بەرژەوەندی خۆی دانێت؟!

دەزانم وەڵامی ئەمجارەتان بنبڕ نییەو هەندێك کەس دەکەونە منجەمنجی هەنجەت و دەڵێن: ئێ مەگەر ئەوە باشتر نییە بچینە ناو پەرلەمان و لەوەوە کە شیرك خانەیە بیگۆڕین بۆ تەوحیدگە؟! لە ئیقرارکردنی فەساد وخراپەوە بیکەینە جێی ئیقراری حەق و دادی ئیسلامی؟!

**بەڵام من خۆم وەڵامتان دەدەمەوە:** سەرەتا ئەوە بزانن ئەوە هەنجەتی هەبوونتان لەو جێیە، گەر لەوێ نەبوونایە ئەمەتان نەدەکردە هەنجەت! ئەگەر بە هەنجەتیش قبووڵ بێت؟! بەڵام خۆ ئەو کۆڕو کۆبوونەوانە فەرمایشتەکانی خوای گەورە دەیانگرێتەوە کە دەفەرموێ: (وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ آيَاتِ اللّهِ يُكَفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلاَ تَقْعُدُواْ مَعَهُمْ حَتَّى يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْ إِنَّ اللّهَ جَامِعُ الْمُنَافِقِينَ وَالْكَافِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا) النساء/١٤٠ واتە: فەرمانتان لە کتێبی خوادا بۆ هاتووە کە هەر کاتێك گوێتان لێ بوو کوفرانەو گاڵتە بە ئایەتی خوا دەکرێت، لەو شوێنەو لەگەڵ ئەوانەدا - تا قسەی کۆڕەکەیان نەگۆڕن - دامەنیشن، دەنا حوکمی ئێوەش وەکو هی ئەوانی لێ دێت، خوای گەورە دووڕووەکان و کافرەکان لە دۆزەخدا کۆدەکاتەوە.. یان ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێ: (وَإِذَا رَأَيْتَ الَّذِينَ يَخُوضُونَ فِي آيَاتِنَا فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّى يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ الشَّيْطَانُ فَلاَ تَقْعُدْ بَعْدَ الذِّكْرَى مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ) الأنعام/٦٨ واتە: هەر کە ئەوانەت دیت کە دەمەوەری لە ئایەتەکانی

ئێمەدا دەکەن، تۆ روویان مەدەیێ وکۆڕو کۆمەڵیان جێهێڵە تا باسەکەیان نەگۆڕن لەگەڵیان دامەنیشەوە، ئەگەر شەیتانیش لە بیری بردیتەوە، هەر کە وەبیرت هاتەوە، کۆڕی ئەو ستەمکاران بە جێ بهێڵە.

لەوەی لاپەڕەکانی مێژوو بۆ خەڵکی باشی هەڵگرتووە، هەلوێستێکی مامۆستا (حسن الهضیبی)[1] یە، لە کاتی نیشاندان و بڵاوکردنەوەی پرۆژەی دەستووری مەدەنی میسری لە ساڵی ١٩٤٨ دا بوو کە لە ئەنجومەنی ئوممەت (پەرلەمان) تاووتوێ دەکرا، ئەویش رەحمەتی خوای لێ بێت، هەر لە سەرەتای موناقەشەکەوە هەستاو ئیعتیرازی گرت و بەشداری نەکرد فەرمووی: هەڵەو راستی ئەم دەستوورەم لا یەکە، چونکە ئەو کۆمیتەیەی تەقدیمی کردووە هەر لە سەرەتاوە نەیوویستووە ناوبژی کردن بگێڕێتەوە بۆ قورئانەکەی خوای گەورەو سوننەتەکانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و ئیجتیهادی شەرعناسان، بەڵکو گێڕاوێتییەوە بۆ زیاتر لە بیست دەستووری دارێژراوی وولاتانی تر، لەو هەموو ئەو دەستوورە نامۆیانەش پینەوپەڕۆیەکی کردووەو ناوی ناوە پرۆژەی دەستوور، ئەمەش کارێکە کە ئەو موسوڵمانەی باوەڕی بە خواو بە رۆژی دوایی هەبێت، نایکات، کە بریتییە لە گەڕانەوە سەر قورئان و سوننەت لە کاتی دەرکەوتنی ناوکۆیی و ناکۆکی نێوان خەڵکیدا، کەسێکیش چارەسەری کێشەی ناوکۆیی نەهێنێتەوە بەر داوەری قورئان، ئەوە - وەکو ئیمامی ئیبنو کەثیر دەفەرموێ - موسوڵمان نییە، چونکە باوەڕی بە خواو بە رۆژی دوایی نییە)..

---

[1] رابەری دووەمی ئیخوانی میسرە لە دوای ئیمام بەننای رەحمەتی، لە ساڵی ١٩٥٣ کرایە رابەری ئیخوان تا لە ساڵی ١٩٧١ دا کۆچی دوایی کرد، رەحمەتی خوای لێبێت.

سەرنجتان دایە ئەم قسەو هەڵوێستەی مامۆستای بەڕێز؟! کە حەقیقەتی رۆڵی ئەم جۆرە ئەنجومەنانە دەخاتە روو! هۆکاری دروست کردنی دەر دەخات؟! ئەوە کەشف دەکات کە بۆچی ئەهلی پەرلەمانات ئاوا سوورن لەسەر تەشکیل دانی؟!

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاء بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ

سورەتی مائیدە: ٥١

# بەشی شەشەم

## دۆستایەتی و تەبەڕا بوون و

## رۆڵیان لە جەنگی چەسپاندنی شەرعدا

دۆستایەتی دژی دوژمنایەتییە، ئەسڵی دۆستایەتی نزیك بوونەوەو رێزو خۆشەویستییە، تەبەڕا بوون دووری و خۆلەدەست قوتاركردن و ناحەزی دەربڕینە، ئەسڵی دوژمندارێتی دوور كەوتنەوەو بوغزاندنە.

خاڵێكی سەرەكی لە بنەماكانی مەزهەبی ئەهلی سوونەت و جەماعەت ئەوەیە كە دۆستایەتی و تەبەڕا بوون دەبێت پشت بەستوو بێت بە ئایەت یان بە حەدیسی سەحیح.. ئەو كەسەی موسوڵمانە - لە هەر كۆمەل و مەزهەبێك بێت - دۆستایەتی كردنی فەرزە، هەر كەسێكیش كافر بێت - لە هەر كۆمەڵ و بیروباوەڕێك بێت - بوغزاندن و تەبەڕا لێكردنی فەرزە ئەو كەسەی كە ئیمانداری و ئیسلامەتی بە رادەیەك هەیەو گوناح و خراپەكاریشی بە رادەیەك هەیە دۆستایەتی بەقەدەر ئیسلامەتییەكەی دەكرێت و بە قەدەر گوناحەكانی دەبوغزێنرێت، كەس بۆی نییە دۆستایەتی و بوغزاندن، یان دۆستایەتی و تەبەڕا بوون و دوژمنایەتی بە غەیری ئەو ناوو سیفەتانەوە ببەستێتەوە كە شەرع پێوەی بەستوونەتەوە، كەوابوو كەس بۆی نییە دۆستایەتی و دوژمنایەتی بە ناوی كەسان و ئینتیمای تیرەو هۆزو گەل و شارو مەزهەب و خەتی سیاسی و شوێن كەوتووی ئەم شێخ و ئەو مەلاو ئەم پێشەواو ئەو رابەرەوە ببەستێتەوە، كەس بۆی نییە كەسێكی تر بخاتە پێش كەسانێكەوە كە خوای گەورە یان پێغەمبەرەكەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێشی خستوون، بۆشی نییە كەسانێك

بهێنێته دواوه که خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ له ریزی دواوەی داناوون، کەس بۆی نییه یەکێکی خۆش بوێت که خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوغزاندوویانه، یان یەکێك ببوغزێنێت که خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خۆشیان ویستووه[١] کەسیش بۆی نیه تەفرەقەو جودایی له ئوممەتەکەدا به هۆی ناوو سیفەتانێکەوه دروست کات که ئەسڵێکی ئیسلامییان له قورئان و حەدیسدا نییەو بیدعەن..

ئەمه بۆچوونی ئەهلی سوونەته له مەسەلەی دۆستی و تەبەڕادا..

دۆستایەتی و دوژمنایەتی، یان خۆشوویستن و بوغزاندن هەر دەبێت لەسەر ئەساسی ئیسلامەتی و دینداری بێت ..

---

[١] پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم مەرجی ئیمامەتی نوێژی وا داناوه: ئەو کەسه ببێته ئیمام که قورئانی لەبەره یان زۆرترینی لەبەره، ئەگەر هەموو لەم سیفەتایاندا وەکو یەك بوون ئینجا شارەزاترینیان له سوننەت، ئەگەر لەمەشدا وەکو یەك بوون، ئینجا کۆنترین کەسیان که هیجرەتی کردووه. پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەم سیفەتانه خەڵکی پێش خستووه، ئەمما کابرایەکی حیزبی هەر سوور بێت لەسەر پێش خستنی ئەمیرەکەی خۆی که دوو جوزئیشی لەبەر نییه، ئەمه پێچەوانەی ڕێساکانی شەرعە.. ئەمه ئەو سیفەته قەڵبەیه که ئیسلام دەیبوغزێنێت..

وەکو حاڵی ئەو گێله موسوڵمانانەی که کابرای موجاهیدی عێراقی دەبوغزێنن که دژی ئەمریکای کافری موحاریب جیهادێکی شەرعی بێ لەکە دەکات، هەر لەبەر ئەوەی میدیاکان دەڵێن ئەمانه کۆنه بەعسین!! کەچی کافرێکی پارتی، که له شەڕی کوردایەتی و شەڕی کورد کوژیدا کوژراوه - به شەهید دەداته قەڵەم - ئاخر ئەم دەروێشه گاسن کێشه، وادەزانێ هەر کەسێك کورد بێت له پێشه!!

هەر کەس بە گوێرەی دوورو نزیکی لە ئیسلام و برِو رادەی پابەند بوون و سەرپێچییەوە، یان بە هۆی بەرگری و بەرهەڵستی ئیسلامەوە لە ئیسلام مەتح یان زەم دەکرێت، ئیبنو عەبباس خوا لێی رازی بێت، دەفەرموێ: (هەر کەس لەبەر خاتری خوا خەڵکی خۆش بوێت، لەبەر خاتری خوا خەڵکی ببوغزێنێت، لەبەر خاتری خوا دۆستایەتییان بکات و لەبەر خاتری خوا دوژمنایەتییان بکات، حەتمەن بەم هەڵوێستەی دەبێتە وەلی خواو وای لێ دێت خوای گەورە بیخاتە ژێر سەرپەرشتی خۆیەوە، موسوڵمانیش هەرچەند نوێژ بکات و رۆژوو بگرێت تا ئاوا نەبێت تامی ئیمان ناچێژێت، بەڵام زۆرینەی برایەتی خەڵکی بۆتە شتی دنیایی، ئەمەش چ سوودێکی بۆ خاوەنەکانیان نابێت).[1]

هەروەها لە قورئانی پیرۆزدا لە دەیان ئایەتدا نەهی لە دۆستایەتی کردنی کافران کراوە، وەك ئەوەی نابێت کافر بکرێتە راوێژکارو شورا، تۆ لە قورئاندا کێشەیەکی وا نابینیت ئەوەندەی تەئکید لێ کرابێتەوەو ئەو هەموو ئایەتانەی لەسەر بێت وەکو باسی دۆستایەتی و دوژمنایەتی کە لە هەموو شوێنەکانیشدا بە عەقیدەکەیەوە پەیوەستی دەکاتەوە ..

خوای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاءَ تُلْقُونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ وَقَدْ كَفَرُوا بِمَا جَاءَكُم مِّنَ الْحَقِّ يُخْرِجُونَ الرَّسُولَ وَإِيَّاكُمْ أَن تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ رَبِّكُمْ إِن كُنتُمْ خَرَجْتُمْ جِهَادًا فِي سَبِيلِي وَابْتِغَاءَ مَرْضَاتِي تُسِرُّونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ وَأَنَا أَعْلَمُ بِمَا أَخْفَيْتُمْ وَمَا أَعْلَنتُمْ وَمَن يَفْعَلْهُ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاءَ السَّبِيلِ) الممتحنة/١ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، دوژمنی من و

[1] الاصبهاني: حلية الاولياء و طبقات الاصفياء ١/٣١٢.

دوژمنی خۆتان مەکەنە هاوڕێ و لایەنگرو سەرپەرشتیاری خۆتان. دۆستایەتییان مەکەن خۆشتان نەوێن نهێنی موسوڵمانانیان لا مەدرکێنن خۆ ئەوانە هەر ئەو کەسانەن کە باوەڕیان بەو حەقە نەهێنا کە بۆ ئێوە هاتبوو. بەڵکو کوفرانەشیان پێ دەکرد و گوێیان نەدەدا بە پەیام و شەریعەتی خوا. هەر لەبەر ئەوەی کە ئێوە باەڕتان بە خوای پەروەردگاری خۆتان هێنا بوو، ئەوان پێغەمبەرو ئێوەشیان لە وولآتی خۆتان دەرپەڕاند!

ئەی موسوڵمانینە، مادام ئێوە لەبەر خاتری خوا کۆچتان کردووەو لەبەر ڕەزامەندی ئەو، وازتان لە ماڵ و منداڵ وکەس وکارو وولآتی خۆتان هێناوە؛ نەکەن ئا ئەو ستەمکارانەی ئێوەیان لە دوزاق نا! بکەنە کاربەدەستی خۆتان. دڵیشتان بۆیان لێ نەداو خۆشتان نەوێن.. خۆ من ئاگام لە هەموو شتێکتان هەیە. شاراوە بێت یان ئاشکرا. ئەوەش بزانن هەر کەسێك ئەو کارە بکات (دۆستایەتی دوژمنانی خوا) ئەوە بەراستی گومڕا بووەو ڕێی راستی بزر کردووە.

هەروەها: (قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَاء مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاء أَبَدًا حَتَّى تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ إِلَّا قَوْلَ إِبْرَاهِيمَ لِأَبِيهِ لَأَسْتَغْفِرَنَّ لَكَ وَمَا أَمْلِكُ لَكَ مِنَ اللَّهِ مِن شَيْءٍ رَّبَّنَا عَلَيْكَ تَوَكَّلْنَا وَإِلَيْكَ أَنَبْنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ) الممتحنة/٤

واتە: بێ گومان جوانترین نمونەی پێشەوایەتیتان لە ئیبراهیم و ئەوانەی لەگەڵیدان هەیە، ئەوانەی کە بە میللەتەکەی خۆیان ووت: لەوە دڵنیا بن کە ئێمە لە ئێوە بەرین و لە هەموو شتێکتان کە لە جێی خوای گەورە بۆ پەرستن داتاناون تەبەڕاین باوەڕمان پێتان نییە و شوێن راو ڕێبازتان ناکەوین. لە

ئێستاوه چۆن رق و كینه له نێوانماندا دەركەوتووه؛ با هەروا بمێنێتەوه، ئەمەش هەڵوێستی هەتا هەتاییمانه و هەروا دەمێنینەوه. تا ئەو كاتەی ئێوەش باوەڕ دێنن كه تەنها خوای گەوره پاك و تاكه، جگه لەو قسەیەی ئیبراهیم كه به باوكی فەرموو گەرچی هیچ دەسەڵاتێكم لای خوای گەوره نییه بەڵام من داوای لێ بوردنت بۆ دەكەم خوایه پشتمان به تۆ بەستووه و بەرەو لای تۆ گەڕاوینەوه وچارەنووس هەر بۆ لای تۆ دێتەوه.[1]

هەروەها: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاء مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ أَتُرِيدُونَ أَن تَجْعَلُواْ لِلّهِ عَلَيْكُمْ سُلْطَانًا مُّبِينًا) النساء/١٤٤ واته: ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوه، هۆ موسوڵمانینه! كافرەكان - له جیاتی موسوڵمانان - مەكەن به یارو یاوەرو دۆستی خۆتان، ئایا دەتانەوێت بەڵگەیەك دژی خۆتان لەسەر خۆتان لای خوای گەوره تۆمار كەن؟!

یان: (لاَّ يَتَّخِذِ الْمُؤْمِنُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاء مِن دُوْنِ الْمُؤْمِنِينَ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ فَلَيْسَ مِنَ اللّهِ فِي شَيْءٍ إِلاَّ أَن تَتَّقُواْ مِنْهُمْ تُقَاةً وَيُحَذِّرُكُمُ اللّهُ نَفْسَهُ وَإِلَى اللّهِ الْمَصِيرُ) آل عمران/٢٨ واته: نابێت موسوڵمانان كافران - لەجیاتی موسوڵمانانی خۆیان- بكەنه سەرپەرشتیارو یاوەرو دۆستی خۆیان، ئەوەی وا بكات هیچ پەیوەندییەكی ئیمانیانەی به خوای پەروەردگارەوه نامێنێت! مەگەر لەو كاتانەدا رێی پێ بدرێت كه كەوتۆته بەر دەستی كافران و لەسەر دۆستایەتی ئەوان و دوژمنایەتی

---

[1] زۆرینەی ئایەتەكانی سورەتی الممتحنە لەسەر دۆستایەتی و دوژمنایەتین، بۆ زیاتر شارەزابوون بڕوانه (تەفسیری سورەتی الممتحنة/ كرێكار ) كه خاڵی تریشی لەسەر ئەو بابەته تێدا باس كراوه.

موسوڵمانان ناچار کراوەو لە گیانی خۆی دەترسێت، خوا لە غەزەب وخەشمی خۆی ئاگادارتان دەکاتەوە (کە کارێکی وا نەکەن رقی خوای گەورەی پێ هەستێنن وئەویش تۆڵەتان لێ بستێنێتەوە) بشزانن کە گەڕانەوەتان هەر بۆ لای خوای گەورەیە ..

ئیمامی تەبەری رەحمەتی خوای لێ بێت، لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی: ئەمە نەهییەکی بنبڕی خوای گەورەیە کە لە موسوڵمانانی دەکات، کە نەکەن بۆ کافران ببنە یارمەتیدەرو لایەنگرو پشتیوان، ئینجا بڕوانە بۆچی بە لای جازمە فەرموویەتی (لاَّ يَتَّخِذِ)؟!بۆ ئەوەی فەرمانەکەی زۆر بە جیددی وەربگیرێت وعەزمی جەزم کات لەسەری..[1] ئەوەش واتە ئەی موسوڵمانینە نەکەن کافر بکەنە دۆست و رازگرو لایەنگری خۆتان، دژی ئەهلی دینەکەی خۆتان هاوکاریان بکەن، نەکەن نهێنی موسوڵمانانیان لا بدرکێنن، چونکە هەر کەسێکتان وا بکات با لەوە دڵنیا بێت کە (فَلَيْسَ مِنَ اللّهِ فِي شَيْءٍ) واتە: ئەوەی وا بکات هیچ پەیوەندییەکی ئیمانیانەی بە خوای پەروەردگارەوە نامێنێت، واتە خوای گەورە تەبەڕا لە موسوڵمانی وا دەکات!! ئەمەش مانای وایە لە دینەکەی خوا چۆتە دەرەوە بۆیە خوای گەورە تەبەڕای ئاوا لێ دەکات و هیچ پەیوەندییەکی ئیماندارانەی بە خۆیەوە ناهێڵێتەوە!! (إِلاَّ أَن تَتَّقُواْ مِنْهُمْ تُقَاةً) مەگەر لەو کاتانەتاندا کە کەوتوونەتە بەردەستیان و هیچ چارەیەکتان نەماوە، دەترسن بتانکوژن، ئەو کاتە ئەوەندە

[1] کە کەسرە لە ژێر (ذال)ە کەدایە هی ئەوەیە کە دوای ئەو ساکن هاتووە کە لامی (الْ)ەکەیە چونکە هەمزەی ئەلف و لامەکە (همزة الوصل)ە ناخوێنرێتەوە، ئەگینا دەبوو سکون با. (و)

ریٚتان پیٚ دەدریٚت كە بە سەرزارەكی دۆستایەتییان بۆ دەربڕن بەڵام مەرجە ئەو كاتەش هەر دەبیٚت لە ناخی دڵ و دەروونی خۆتاندا هەر بیانبوغزیٚنن و ناشبیٚت بە كردەوە دژی موسوڵمانیٚك هاوكاریان بكەن)..[1]

هەروەها دەفەرمویٚ: (لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءهُمْ أَوْ أَبْنَاءهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُوْلَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُوْلَئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ) المجادلة/ ٢٢ واتە: كەسانیٚكت بەردەست ناكەویٚت كە هەم باوەڕیان بە خوای گەورەو بە رۆژی دوایی هیٚنابیٚت و لە هەمان كاتیشدا دۆستایەتی كەسانیٚك بكەن كە دوژمنایەتی خواو پیٚغەمبەرەكەی دەكەن، با ئەو دوژمنانەی خوا باب و باپیریشیان بن یان نەوەیان یان براشیان بن، یان لە تیرەو تایەفەكانیشیان بن، ئەوانە (كە دۆستایەتی و دوژمنایەتییان لەسەر ئەساسی كوفرو ئیمانە) خوای گەورە ئیمان و دینداری لە دڵدا رواندوون و بە هیٚزی لای خۆی پشتی گرتوون و لایەنگیری كردوون، سەرەنجامیش خوای گەورە دەیانخاتە نیٚو بەهەشتانیٚكەوە كە روبار بە ژیٚریدا دەڕوات و بە هەتا هەتایی لەویٚدا دەمیٚننەوە، خوا لیٚیان رازی بووەو ئەوانیش لە خوای گەورە رازی بوون! ئائەوانەن پارتی خوا (حِزْبُ اللَّه)، پارتی خواش بە تەئكید سەرفرازو سەركەوتووە ..

شیٚخ الاسلام ئیبنوتەیمییە رەحمەتی خوای لیٚبیٚت لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرمویٚ: (خوای پەروەردگار هەواڵی ئەوە دەدات كە تۆ كەسیٚك نادۆزیتەوە،

[1] تفسير الطبري ٢٣٨/٣.

ئەو کەسانەی خۆش بوێت کە دژی خواو پێغەمبەرەکەی دەوەستنەوە، چونکە خودی باوەڕ هێنان بە خواو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێچەوانەی ئەو دۆستایەتییەی کافرانە، هەروەکو کە ئەم دۆستایەتییەی کافرانیش پێچەوانەی باوەڕ هێنانە بە خواو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.. بۆیە ئەگەر یەکێکیان لە دڵدا جێی خۆی گرت، جێی ئەوی تر ناکاتەوە، ئەگەر باوەڕ بە خواو پێغەمبەرەکەی پێشتر لە دڵدا چەسپی، ئیدی جێی دۆستایەتی دوژمنانی خواو پێغەمبەرەکەی لەو دڵەدا نابێتەوە، ئەگەر دۆستایەتی دوژمنانی خواش ئەو دڵەی بۆ خۆی پێشتر گرت، ئیدی جێی باوەڕ هێنانە پێویستەکە نابێتەوە بە خواو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ).[1]

کە دەشفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاء بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ) المائدة/٥١ واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! هۆ موسوڵمانینە، جولەکەو دیانان مەکەنە سەرپەرشتیارو دۆست و یاوەری خۆتان، ئەوانە پشتیوانی یەکترن هەر کەسێك لە ئێوە دۆستایەتی ئەوان بکات و لە جیاتی موسوڵمانان پشت بەوان ببەستێت، دەچێتە ریزی ئەوان و حسێبی لای خوای وەکو حسێبی ئەوانە! چونکە خوا رێنمایی خەڵکانی ستەمکار نادات..

ئیمامی تەبەری رەحمەتی خوای لێ بێت، لە تەفسیری: (وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ)دا دەفەرموێ: (هەر موسوڵمانێك لە جیاتی سەرپەرشتیارێتی و دۆستایەتی و هاریکاری موسوڵمانان چووە سەر دۆستایەتی و هاریکاری جولەکەو دیانان ئەوە

[1] ابن تيمية: مجموع الفتاوى ب ١٣/٧.

وەكو ئەوانی لێ دێت، واتە حسابی شەرعی (لە روانگەی دینی ئیسلامەوە) وەكو ئەهلی دین و میللەتی ئەوانی لێ دێت، چونكە هەر كەس بچێتە ژێر سەرپەرشتیاری ئەوان و دۆستایەتییان بكات حەتمەن دیارە بە دین و میللەتەكەیان رازییە بۆیە وای كردووە، جا كە ئەوان دوژمن و ناحەزانی دین و میللەتی خۆیان دەبوغزێنن، ئەمیش وای لێ دێت، ئیدی دەكەوێتە بەر رقی خوای گەورەو بە غەزەبی خۆی رەفتاری لەگەڵدا دەكات)..[1]

پێشڕەوانی یەكەمی كاروانی شوێنەكەوتووی ئەم دینە خوا لێیان رازی بێت، زۆر چاك لەم خاڵە عەقائیدییە سەرەكیە تێگەیشتبوون، زۆر باش ئەوە لە ناخیان چەسپیبوو كە دۆستایەتی و دوژمنایەتی چرۆو بەری ئیمانن، بۆیە ئاوا مێژووی ژیانیان دەبینیت پڕە لە لاپەڕەی گەشی خواوویستی و لوتكەی هەستی دۆستایەتی و هەڵوێستی دوژمنایەتی كە لەسەر ئەساسی كوفرو ئیمان بنیاتیان دەنا، كە هەموو كۆمەڵگەی مرۆڤایەتییان فێركرد كە ئەم هەڵوێستە عەقائیدییە بۆ موسوڵمان واتە چییە؟! بۆ هەموو مێژوویان سەلماند كە دینەكەیان لا گرنگترو كاریگەرترە وەك لە هەموو پەیوەستێكی خزمایەتی و پەیوەندییەكی تری مرۆڤایەتی و نازو نیعمەتێكی دنیایی..

* ئەوە یاوەری بەڕێز كەعبی كوڕی مالیك كە یەكێك بوو لەو سێ یاوەرەی لە غەزای تەبووك دوا كەوتن و پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سزای بەوە دان كە كەس توخنیان نەكەوێت و هیچ جۆرە رەفتارێكیان لەگەڵدا نەكەن، ئیدی

[1] تفسیر الطبري ب ٢٧٧/٦.

کەوتنە ئەو حاڵەتەوە کە پێستی خۆشیان لێیان بوو بووە زیندان، ئەو حاڵەتەی کە خوای گەورە دەربارەیان فەرمووی: (حَتَّى إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ الأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ وَضَاقَتْ عَلَيْهِمْ أَنفُسُهُمْ وَظَنُّواْ أَن لاَّ مَلْجَأَ مِنَ اللّهِ إِلاَّ إِلَيْهِ) التوبة/ ١١٨ واتە: تا گەیشتە ئەوەی زەمین بەو هەموو بەرفراوانییەیەوە لێیان وێك هاتەوەو ئەوەندە لەبەرچاویان تەسك بوو بۆوە کە هیچیان نەدەدی، ئیدی زانیان کە پەنایان غەیری لای خوای گەورە لە هیچ جێیەك نەماوە. لە چڕو نوتەکی ئەم بارودۆخە دەروونیە سەختەدا بوو کە نامەیەکی لە پاشای غەسسانەوە بۆ هات کە داوای لێ دەکات کە بچێت بۆ ئەوێ، تا ئەوان دڵخۆشی بدەنەوەو باری سەختی سووك کەن وئەو زەلیلییەی لەسەر نەهێڵن! بەڵام ئەمی دیندارو خواوویست هەر نامەکەی گرت ودوای خوێندنەوەی خستیە ناو تەنوورەوە وفەرمووی: ئەمەش بەلێو موسیبەتێکی ترە!!

ێ ئەوەش یاوەری بەڕێزو ئەمینداری ئوممەت ئەبوعوبەیدە خوا لێی رازی بێت کە باوکی خۆی لە غەزای بەدردا کوشت، چونکەلە ریزی کوفردابوو دژ بە ریزی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وياوەرانی ئیمانداری، سۆزی باوکایەتی و بەزەیی رێی لەوە نەگرت دینەکەیان بۆ خواو پێغەمبەری خواو موسوڵمانان بەسەردا سەرخات .

* ئەوەش یاوەری بەڕێز موسعەبی کوڕی عومەیر خوا لێی رازی بێت لە مەیدانی غەزای بەدردا دەبینێت وا عەزیزی برای دیلەو بە دەست چەند یاوەری ترەوەیە، پێی فەرموون توندتر بیبەستنەوە، ئەوە دایکی دەوڵەمەندەو دەتوانێت بۆ بەردانی

پارەی زۆر بدات، برا دیلەکەشی بە کەساسیەکەوە پێی دەڵێت: بەم قسەیە رایان دەسپێریت؟! فەرمووی: بەڵێ: بە تەئکید ئەوان برامن نەك تۆ..

* ئەوەش بەڕێزێکی تریان کە ناوی زەیدی کوڕی ابن الدثنەیە دوای ئەوەی کە لە روداوی الرەجیعدا دیل کەوت، سەفوانی کوڕی ئومەییە هات و کڕیەوە تا لە جیاتی باوکی - کە لە بەدردا بە کافری کوژرابوو - تا بیکوژێتەوە! کە بردیان بەرەو کوشتنەکەی، بەو پەڕی دەروونی پارسەنگ و وورەی بەرزەوە بۆ خوا بەرەو مەرگی خۆی پێی هەڵدەهێنایەوە، ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب لێی پرسی: تو ئەو خوایە حەز دەکەیت ئێستا محمد لە شوێنی تۆ بووایەو لە گەردنی بدرایەو تۆ لە شوێنی ئەو لە ناو کەس وکاری خۆتدا لە ئەماندا بوویتایە؟! زەید فەرمووی: (بە خوا قەسەم حەز ناکەم کە محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەر لەو شوێنەی کە ئێستا لەویە دڕکێك بە پێی پیرۆزیدا بچێت و منیش بە سەلامەتی لە ناو ماڵ و منداڵی خۆمدا بم!) ئەبو سوفیان ووتی: واللە کەسم نەدیووە کەسی تری وا خۆش بووێت بەو رادەیەی کە یاوەرانی محمد، محمدیان خۆش دەوێت، ئینجا زەیدیان شەهید کرد، خوا لێی رازی بێت)...[1]

* ئەوەش یاوەری بەڕێز عبداللەی کوڕی عبداللە کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلول، کە باوکی ئەو قسەیەی بە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و موسوڵمانان ووتبوو، کە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مەدینە دەبێت خەڵکە عەزیزو ماقوڵەکانی مەدینە (مەبەستی خۆیان بوو) زەلیلەکان لەشار دەرکەن (مەبەستی لە پێغەمبەر صَلَّى

[1] ابن کثیر: البدایة والنهایة ب ٤/ ٦٥.٦٤.

اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و موسوڵمانان بوو)[1] هاتە خزمەت پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر بڕیاری کوشتنی باوکمت داوە، ئەمر بفەرموو با بچم و سەریت بە بڕاوی بۆ بهێنم، بەڵام پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەیهێشت، بەڵام عبدالله خوا لێی رازی بێت، پێش هەموان خۆی گەیاندەوە دەروازەی مەدینەو بە شمشێرەوە وەستا تا باوکی گەیشت، رێی لە باوکی مونافیقی گرت و فەرمووی بە خوا قەسەم ناهێڵم پێ بنێیتە ناو مەدینە تا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مۆڵەتت نەدات، تا بزانیت کە ئەو خاوەن عیززەتەو تۆ زەلیلیت.. ئاوا رایگرت تا مۆڵەتی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هات کە رێی دە..

ئەم هەڵوێستانەی کە مستێکن لە دەریایەك هەڵوێستی ئیمانی ئاوا لاپەڕەکانی مێژوویان بە نەخشاوی پڕ کردووە، کە مرۆڤ سەری لێیان سووڕ دەمێنت، تا ئەمانە نەخوێنیتەوە بۆت دەرناکەوێت کە بۆچی دوژمنانی ئیسلام ئەوەندە سوور بوون -تا ئێستاش- کە نەهێڵن ئەم مەسەلەی دۆستایەتی و دوژمنایەتییەی موسوڵمان لەسەر ئەساسی ئیمانداریی دابمەزرێت، تا ئەو پەردە دەروونیەی نێوان موسوڵمان و کافر هێندە تەنك بکەنەوە کە دۆستایەتییان لەسەر ئەو ئەساسە عەقائیدییە دانەمەزرێنن، تا ووردە ووردە لە جیاتی ئەو هەستە پەیوەستە بچنە سەر خزمایەتی و تیرەگەری و نەتەوایەتی و هاووڵاتی و چینایەتی و مرۆڤایەتی و شتی وا، تا گەیشتۆتە ئەو رادە گاڵتەجاڕەی کە دەیانەوێت

---

[1] ئەوەیە کە خوای گەورە لە سورەتی المنافقون دا دەفەرموێ: (يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الْأَعَزُّ مِنْهَا الْأَذَلَّ وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ) المنافقون/٨

دۆستایەتی موسوڵمانان لەگەڵ ئەهلی دینەکانی تردا لەسەر ئەساسی (دینناسی) دروست ببێت، گوایە ئەوانەی دین جێ بایەخیانە پێویستە پەیوەندییان پێکەوە بەهێز ببێت تا ببنە بەرەیەك بەرامبەر ئەوانەی کە هیچ دینێکیان نییە!! تا لەم رێگایانەوە موسوڵمانان دەگەیێننە ئەو رادەو ئاستەی کە هەستی برایەتی دینداری لەگەڵ نەتەوایەتی و هاووڵاتیدا لایان تێکەڵ ببێت و ئەو تێڕوانینەیان واز لێ بهێنن کە دۆستایەتی و دوژمنایەتییان هەر دەبێت لەسەر ئەساسی دینەکەیان بێت.. ئەمەش سەرەتای ئایدزێکی فیکری و عەقائیدییە کە زەمینەی بەزینێکی شارستانێتی لە ناخی موسوڵماناندا دروست دەکات، بەمەش دەروازەی ووڵاتی موسوڵمانان بۆ ئیستیعمار و داگیرکەران دەخرێتە سەرپشت! ئیتر لە جیاتی ئەوەی دەسەڵاتێکی سیاسی بۆ ئەوە دروست کەن کە دروشمەکەی ماوەردی (حراسة الدين و سياسة الدنيا به: پاراستنی دینەکەو کارگێڕی دنیا بە دینەکە) بهێنێتە دی، دەسەڵاتێکی شل و شێواو بە ناوی موسوڵمانانەوە دروست دەکەن بۆ (حراسة الدين و سياسة الدنيا بغيره: پاراستنی دینەکەو کارگێڕی دنیا بە غەیری دینەکە)!

ئاخر بۆیە شتێکی سەیر نییە کە یەکێك لە رۆژهەڵاتناسەکان دەڵێت: (چووینە هەر ووڵاتێکی ئیسلامییەوە کەوتینە هەڵکەندن وپشکنینی کەلەپوورو مێژووەکەی تا دەستمان لەو شارستانێتیانەی ئەو ناوچانە گیر بێت کە پێش ئیسلام هەبوون، تا بیانکەینەوە جێ بایەخ، دەشمانزانی موسوڵمانان دینەکەیان

بەو شارستانێتیانە ناگۆڕنەوە بەڵام خۆ ئەوەش زۆر باش بوو کە وایان لێ بکەین لە نێوان ئەو شارستانێتیانەو ئیسلامدا هەر بێن وبچن).[1]

بۆیە سەیر نەبوو کە ئەم تۆوە ژەهراوییە دوای ماوەیەکی خۆی، بێتە بەرو ببێتە هۆکارێکی سەرەکی لێك هەڵوەشاندنی دەوڵەتی خیلافەتی عوسمانی، چونکە دەیان بانگەشەی وەکو تۆرانیزم دەرکەوت، کە دەیوویست دۆستایەتی و دوژمنایەتی هەر لەسەر ئەساسی بیروباوەڕی نەتەوایەتی تورکی (تۆرانیزم) دابمەزرێت! گورگی بۆریشی - لە جێی سەدان دروشم و هێمای ئیسلامی- کردە نیشانی خۆی! چونکە تورك پێش ئیسلام گورگی بۆریان دەپەرست!!

دیسان بۆیە سەیر نەبوو کە بزووتنەوەیەکی عروبەش بێتە بەرو داوا بکات خەڵکی لەسەر ئەساسی عارەبێتی کۆبکرێنەوەو وولاتی عارەبانیش لە جەستەی دەوڵەتی عوسمانی بکەنەوە.. تا گێلی گەیشتە ئەو رادەیەی کە کابرایەکی ئینگلیزی، ئەفسەری کافری سوپای ئاشکرای بەریتانیایی بە ناوی (لۆرانس) بێت و ببێتە فەرماندەی سوپای عارەبان دژی تورك بجەنگێت و کارەکەی ناوبنرێت بە شۆڕشی گەورەی عەرەبی (الثَورَة العَرَبية الكُبرى) ئینجا دواتر هەموو ئەو عروبەچییانە لە ژێر ئاڵای لۆرانس، بە فیتی جاسوسێکی ئینگلیزی هەموو چوونە ریزی سوپای بەریتانیاو دژی سوپای عوسمانی کەوتنە جەنگەوە!! بەمەش لە موسوڵمانانی تر دابڕان ئیدی لەوە بەدوا وا دەیانڕوانییە ئەو کەسانەی دەیانووت پێویستە پەیوەندی لەسەر ئەساسی دین بێت کە بەشێکن لە کۆنەپەرستی قەدیمی عوسمانی و هێمای کۆنخوازی و مایەی دواکەوتنن!

[1] محمد بن سعيد القحطاني: الولاء والبراء في الاسلام ل ٤١٦.

**ئەوجا دەرچەی ئەم ململانێ نەتەوەییە جاهیلییە چی بوو؟!**

دەوڵەتی خیلافەت روخا، ئوممەتی ئیسلام لەت و پەت بوو، دوای ئەوەی تورکیا ووڵاتێك بوو بە ناوی ئیسلامەوە روسیای تۆقاندبوو، و ساڵەهایەکی توولانی بوو شەڕی دەبردە ناوجەرگەی روسیاوە، وای لێ هات ووڵاتی تورکیای نوێی لەسەر ١٠% ی خاکی جارانی بنیات نێ!! ئیدی بووە ووڵاتێکی سواڵکەرو لەبەر ئەم ووڵات و ئەو ووڵات دەپاڕێتەوە تا چەکی پێ بفرۆشن!

عەرەبیش وە نەبێت حاڵیان لە تورك چاکتر بوو بێت، ئەوانیش کە خوێنی عروبە لە جەستەیاندا خرۆشاو بیری پڕ کردن لە نەژادپەرستی کەوتنە دوژمنداریّتی تورکیاو بە سەرۆکایەتی جاسوسێکی کافری ئینگلیزی، چوونە ریزی سوپای بەریتانیاو پەلاماری عوسمانیانیان دا، بەو هیوایەی ئەمانیش بۆ خۆیان ووڵاتی عەرەبی بۆ خۆیان بنیات دەنێن، بەڵام ئەمانیش ئەوەتا ئاوا زەلیل و لەت وپەت کەوتوون و هەر لەتەی خۆی هەڵدەواسێت بە ووڵاتێکدا تا قەوارەو (هەبوون)ە کەی بپارێزێت! کۆمەڵێك جوولەکەی پەرتەوازەی سەرانسەری جیهان توانیان ببنە سوپاو هەموو لەشکری عرووبەی ووڵاتانی عەرەب تێکشکێنن و لووتی نەتەوەی عارەبان لە خۆڵێ وەردەن!! ئاخر خوای گەورە بە راست و رەوایی فەرموویەتی: (وَمَن يُهِنِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِن مُّكْرِمٍ إِنَّ اللَّهَ يَفْعَلُ مَا يَشَاء)الحج/١٨ واتە: هەر کەسێك خوا ئیهانەی کات کەسێکی تر ناتوانێت رێزی لێ بنێتەوە! خوا هەرچی بوێ دەیکات ..

**هۆ موسوڵمانینە**، مەسەلەی نزیکی دۆستایەتی و تەبەڕا بوونی دوژمنایەتی لەو کێشە سەرەکیانەی دین و ئوممەتە کە تۆزو خۆڵێکی زۆری لێ نیشتووە، دوژمنانی

ئیسلام و ئوممەتەکەی تەم و مژێکی چڕی گومان و ئیهمالییان بە ئەنقەست لەسەر ئەم مەسەلەیە دروست کرد، چونکە چاك دەیانزانی روون و ئاشکرایی ئەم مەسەلەیە چ دژوارییەك لەسەر بەرژەوەندی و پلان و پیلانی ئەوان دروست دەکات، دەیانزانی ناسینەوەو ناساندنی ئەم مەسەلەیە وەکو کێشەیەکی عەقیدەیی ئوممەتەکەیان لێ زیت دەکاتەوە، ئەمەش حەتمەن لە بەرژەوەندییان نابێت، بۆیە ئاوا هەزاران رۆژهەڵاتناسی خۆیان و قەڵەمی کرێ گرتەیان لە وولاتی موسوڵماناندا خستە کار، دەیان دەزگای لێکۆڵینەوەو پرۆژەی توێژینەوەو بە دوادا چوونیان بنیاتنا، دەیان زانکۆو فێرگەی تایبەتییان بۆ دیراسەکردنی خاڵە جوێکانی دیدی فیکری و سیاسیی و مەزهەبی و مەسلەکی ناو ئەم ئوممەتە موسوڵمانە دامەزراند، هەرچی دەزگاکانی راگەیاندن و میدیای رەسمی و ئەهلییانە خستیانە گەڕ، تا گەیشتنە ئەم بەرهەمە گەورەی بە دەستیان هێنا: ئوممەتێکی پەرتەوازەو ریشە قرتاو، ئوممەتێکی نەزان بە بنەما سەرەکییەکانی دینەکەی، ئوممەتێك ئەوەی کە دەربارەی بنەمای دینەکەی نایزانێت سەدان ئەوەندەیە کە دەربارەی دروشم و دیاردەو رواڵەتەکانی دەیزانێت! ئەوەی کە دەشیزانێت تێکەڵەیەکی بێ بەڵگەیە، بۆیە نەوەکانی نوێی هەر بۆ پێشکەوتوویی رۆژئاوا دەچڕین! چاویشیان هەر بۆ ئەوەی ئەوروپا دادەپچڕین! رۆژئاوایی بانگیان لێ دەکردن وەرن بە دوومانداوەرن، ئەمانیش وەکو کوێری بێ خاوەن دەستیان دایە دەستیان تا هەنگاو بە هەنگاوو بست بە بست بە دووی خۆیاندا پەلکێشیان کەن! تا هەستیان بۆ عروبە خرۆشاندن ووزەیان بۆ لەشکرکێشی خۆیان، لە سوپایەکی عەرەبیدا بە فەرماندەی لۆرانسێکی ئینگلیزی! دژی خیلافەت، تا رما،

ئیدی ناوچە ناوچە کردیاننە شوێن کەوتووی خۆیان، کردیاننە مەیدانی سوارچاکی غەزای شارستانێتی ئیستیعماری فیکریی و سەربازیی وسیاسیی خۆیان! و کێڵگەی تاقیکردنەوەی هەرچی شتێك کە لە وولاتی خۆیان ناشێت تاقی کەنەوە!! وَ لَا حَولَ وَلَا قوةَ إلاّ بِاللّهِ العَلیّ العَظیم..

**هۆ موسوڵمانینە**، رەنگە بپرسن بڵێن: ئاخر پەیوەندی ئەم شەڕە شارستانێتی و رمانی خیلافەتە چ پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەم باسەی ئێمە هەیە کە چەسپاندنی شەریعەتی ئیسلامە؟!

وەڵام ئەوەیە: لەوە دڵنیابن، ئەو کەسەی ئەم دەبەڕێك راچوونەی پێ دەبرێت بەڕێوەو خۆی لەبەرەی بەربەرەکانیدا دەگرێت، ئەو کەسەیە کە ئەم مەسەلە عەقائیدییەی دۆستایەتی و دوژمنایەتی لا رۆشن بۆتەوە.. ئەو کەسەیە کە سەنگەری هەردوولامانی بەوە جوێ کردۆتەوە کە دۆستایەتی لەبەر خاتری خوایەو دوژمنایەتی لەبەرخاتری خوایەو خۆشەویستی لەبەر خاتری خوایەو بوغزاندنی لەبەر خاتری خوایە.. ئەو کەسەی کە هەست بە رووبەڕوو بوونەوەکە دەکات هەر ئەو کەسەیە کە لەبەر خاتری خوا نە لە کافران نزیك بۆتەوەو نە ئەوانیشی لەخۆی - لە جیاتی موسوڵمانان-  لە خۆی نزیك کردۆتەوە تا بیانکاتە راوێژکارو شورای خۆی.. ئەو کەسەیە کە لەوە دڵنیا بووە کە دڵی مادام باوەڕی تێدا چەسپیووە ئیدی مومکین نییە دۆستایەتی و خۆشەویستی ئەو کەسانەی بپەڕێتە ناو، کە دوژمنایەتی خوا دەکەن.. ئەمیش ئەو کەسەیە کە دینداری بە هیچ بەرژەوەندییەکی دوورو نزیکی دنیایی ناگۆڕێتەوە ..

ئەو موسوڵمانەی لەسەر ڕێی جیهادە، شەیتان لە هەموو سەرە کۆڵانێکدا بۆی دادەنیشێت و ڕێی پێ دەگرێت:

- جارێك ئەوەی بیر دەخاتەوە کە: بزانە چ زیانێك بە ماڵ و منداڵ و کەس و کارت دەگات.. بیر لەوە بکەرەوە کە تۆ کە هەر ئاوا سووریت لەسەر ئەم جیهادە، هەر خۆت تووش نابیت، دەیان و سەدانی تر لەوانەی دەتناسن بە هۆی تۆوە تووشی دەیان کێشەی زیندانی و ئەشکەنجەو دەربەدەری و راوەدوونان دەبن!

- جارێکی تریش بە بێ دەنگ بوون، خۆ مت کردن، یان بە دانوستان و ڕێکەوتنێك! دەی خۆ هەر تۆ نیت! ئەوەتا کەسانی تریش لە تۆ موسوڵمانترو ئەقدەمترن! وا ڕێکەوتن و هەم دینەکەیان دەبەن بەڕێوە هەم دنیاکەشیان گرتووە!! تۆش با وەکو ئەوان بیت، با تۆش و ئەوانەی دەروربەریشت بە ئاشکراو سەربەرزانە! بە رەسمی دینداری خۆتان بکەن ئیدی بەم جۆرە پاڵەپەستۆ دەروونیانەی خزمان و کەسانی بەزیوو بۆ داعی و موجاهیدانی دروست دەکەن، ئەمیش بەردەوام دەکەوێتە ژێر تین و تەوژمی ئەم قسانەو ئەو غایلانەی شەیتان بە مێشکیدا دەیهێنێت و دەیبات.. تا ووردە ووردە ئەویش بەرەو تەنازوول مل لێ دەنێت! واز لەم ململانێیە دەهێنێت و چەکەکەی تووڕ هەڵدەدات! ئەوجا بە بەهانەی تر دەکەوێتە ناو گێژاوی موساوەمەو مەزاتی دین! جار بۆ جار شتێك لە دینەکەی پێ دەفرۆشن، تا سەرەنجام وەکو ئەو خەڵکە عەوامەی لێ دێتەوە، هەر نوێژو ڕۆژووەکەی دەمێنێت، ئەمەش بۆ کەس نەبۆتە کێشە!!

ئەمانە هەنگاوەکانی شەیتانن، ئەوی ئەم دۆڕانەی بەسەردا نایەت، ئەوانەن کە خوای گەورە دەیانگرێتە خۆ بەڵام بەو مەرجەی کێشەکان عاقائیدیانە ببینن و موساوەمەی لەسەر نەکەن .

رەنگە لەم رێی ململانێیەتاندا ببینن کە هەموو هۆکارەکانی هێزی ئاشکرا وا بە دەست دوژمنانی شەریعەتی ئیسلامەوەیە، ئەوان خاوەنی هەموو شتێکن، ئەوان خۆیان کردۆتە زۆرینە، سامان و راگەیاندن و هێزەکانی داپڵۆسین (پۆلیس، ئەمن، سوپا) هەر وا بەوان چونکە ئەوان دەوڵەتن! ئەوان دەتوانن وەڵامی پێداوویستییەکانی خەڵکی بدەنەوە، چونکە هەموو کارێکیان خستۆتە ژێر رکێفی خۆیانەوەو ناهێڵن یەکێکی تر دەستی لە شتێك گیر بێت.. ئیدی ئەوان کول فی کولن! رەنگە ئەمەش واتان لێ بکات جارجارە تووشی رەشبینی و بێ ئومێدی ببن، رەنگە لە سەرخستنی دینەکە ساردتان کاتەوە بەو ئیعتیبارەی کۆڵێکی قورسەو لەم قۆناغەدا ناتوانن بەردەوام بن! رەنگە ئەمانە واتان لێ بکات لە پارێزەری شەریعەتەکەی خوا گەڕێن! چونکە لەگەڵ ئەو هەموو دەسەڵاتە گورز وەشێنەی دوژمندا، کلکە مەلاکانیشتان لێ دەبێتە خەمێکی تر، ئەوانیش دەبنە قەلی سەر بارەدارو بایەقووشی کەلاوەی پاسار! دەیانبینن حکومەت دەیاننێرنە خزمەتتان تا بە بەڵگەی شەرعی خۆیان! ساردتان کەنەوە.. دێن داواتان لێ دەکەن: بێ دەنگ بن؟!

لەم کەندەڵانانە بە حەزەر بن.. لەسەر رێبازی حەق و حەقناساندنی خۆتان بەردەوام بن، ئەمەی ئێوە لەسەرین پلەو پایەیەکی شەرەف و رێزەو خوا نایداتە هەموو کەس، خەڵاتەو بە هەموو کەسێکی عەتا نافەرموێ. ئاڵایەکەو تەنها ئەو

کەسانە دەتوانن بە شەکاوەیی رایگرن کە لەسەرەتاوە سنگیان بۆی کردۆتە قەڵغانی تیری دوژمن، چونکە ئەوی لە بەرەکانی شەڕی قەدیمدا ئاڵای هەڵدەگرت، لە هەموو کەس زیاتر دەبووە نیشان، لە هەموو کەس زیاتر تیری بۆ دەهات، تا بکەوێت و بە کەوتنی ئەویش (ئاڵای هێمای بە پێوە بوون) بکەوێت، ئێوەش هەڵگری ئەو ئاڵای یەکخواپەرستییەن و هێمای بە پێوە مانن.. هێزی دوژمنان چاوشکێنتان نەکات، ئەو یەقینەتان بێتەوە پێش چاو کە هێزی موتڵەق هی خوایە، خواش ئاگای لە دەبەڕێك راچوونەکەتانە، ئاگای لە بەرەکانی جەنگە، ئەو بەڵێنەی بە موسوڵمانانی داوە کە سەریان دەخات حەتمەن دەیهێنێتە جێ، خوای گەورە حەتمەن دۆستانی خۆی سەر دەخات.. هەر هەموو لەزەتەکانی دنیاو رابواردن و سەروەت و سامانی ناگاتە ساتێکی رەزامەندی خواو بەهەشتی بەرینی ئەو.. ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت کە تەنازول لە دینەکە، حەتمەن سزای خوای بە دوادا دێت، ئەو کاتەش هەر هەموو رابواردنی دنیاو ناسۆرەکانی، بەقەدەر یەك نقوم بوونی ناو ئاگری دۆزەخ نابێت.. ئەرکی سەرشانی موسوڵمانی بە تەقوا ئەوەیە لەم کاتانەدا دینەکە سەرخات، لەم ساتە وەختانەی بەرەکانی ململانێ نابەرابەرن، خۆگرێت.. لەم کاتانەدا کە بە هەموان دەیانەوێ دەنگی خوااویستی شەریعەتخوازان کپ کرێت، تۆ حەق بڵێ.. ئەگینا گەر بێ دەنگ بووین، گەر بەدەم دوژمنانەوە چووین و بە بانگەشەی بەزیوان فریوومان خواردو بە تەڵقینی کلکە مەلایان رازی بووین، ئەوە هەم خۆمان مراند و هەم خۆمان خستە بەر رقی خوای گەورەو بەدەسەڵات، ئەوەش واتە مومارەسەی کوفری گەورە، واتە سەرشۆڕی دنیاو قیامەت ..

گرنگی ئەم مەسەلە عەقائیدییە (دۆستایەتی و دوژمنایەتی لەسەر ئەساسی دین) لەوەدا دەردەکەوێت کە بکرێتە بەشێکی سەرەکی پلانی ستراتیژی ئەم دەبەڕێك راچوونە، تا جێ و رێ و هەڵوێستی خەڵکی پێ دیاری کرێت، بزانین ئەو خەڵکە (ئەوی خۆی بە دۆستی دین حسێب دەکات و ئەوی دوژمنیشیەتی)چەند و بۆچی لەم دینەوە دوور یا نزیکن؟! تا بە پێی ئەوە پەیوەندییەکانی خۆمان دامەزرێنین، نەبادا دۆستایەتی دوژمنانی خوا بە بێ ئاگایی یان بۆ پلەو سامانێکی دنیایی بکەین، نەبادا ئەوەندە تێکەڵییان بکەین نهێنی موسوڵمانمان لێوە بزانن، مێژوو دژواری کەلێن و کەلەبەری ئاوای لە ریزی موسوڵمانانندا باس کردووە..

ئەوە شیعەی رافیزە، کە بە درێژایی مێژوو هەر لە ریزی دوژمنانی ئەم ئیسلامەدا بوون، لە کوێوە دوژمنێك بۆ ئەم ئەهلی سوننەت و جەماعەتە دروست بوو بێت، ئەمان خۆیان گەیاندۆتێ وخزمەتیان کردوون! ئەهلی سوونەت و جەماعەت لە هەر کات و شوێنێکدا تووشیان بوو بێت بە تووشی دوژمنێکەوە، رافیزە خۆیان گەیاندۆتە بەرەی ئەوبەرو ووزەو توانای خۆیان و ئەهلی مەزهەبەکەیان خستۆتە خزمەتیان.. تەنانەت دەیان جار دەبینران کە دوژمنانی ئیسلام لەسەر دەستی ئەهلی سوونەت دەشکان رافیزە پرسەو سەرەخۆشییان لێك دەکردو تازێنامەیان دادەنا! بە پێچەوانەشەوە کە ئەهلی سوونەت دەشکان، ئاهەنگی خۆشییان دەگێڕاو شیرینییان دەبەخشییەوە!! جا ئەوی دەرسەکانی مێژووی بەلاوە گرنگە هەست بە گرنگی ئەم خاڵەش دەکات ..

شێخ الاسلام ئیبنوتەیمییەی رەحمەتی دەفەرموێ: (رافیزە هەمیشە دۆستی ئەو کەسەن کە دژی ئەهلی سوونەتە، ئەوان لەگەڵ تەتارن، لەگەڵ

نەسارا(مەسیحییەکان)ن، رێکەوتن لە نێوان ئەوان و فەرەنج (خاچپەرستان) لە ناوچەی کەنار (دەریای سپی ناوەڕاست)دا هەیە، تەنانەت رافیزە کاروانی موسوڵمانان و سەربازو چەکی موسوڵمانان و ماڵ و منداڵی سوڵتانیان دەبرد بۆ قوبرس بۆ مەسیحییەکان!

لە هەر شەڕێکدا موسوڵمانان بەسەر تەتاردا زاڵ بوونیایە رافیزە شیوەنیان دەکردو چادری پرسەیان دادەنا! کە تەتاریش سەردەکەوتن ئەمان شاییان دەگێڕاو ئاهەنگیان ساز دەکرد! ئەوان بوون ئاماژەیان بە تەتارەکان دا کە خەلیفەو ئەهلی بەغداد بکوژن، وەزیرە رافزییەکە ئیبنول عەلقەمی بوو کە بە نهێنی پەیوەندی بە تەتارەوە کردو رێ و شوێنی هاتنە سەر بەغدای بۆ دیاری کردن، موسوڵمانانیشی فریودا تا بە مەکرو فێڵ تەتاری گەیاندە سەر بەغداو نەیهێشت موسوڵمانان دەست بکەنەوە، هەر کەس رافیزە بناسێت دەشزانێت فاك و فیکیان چۆنە).[1]

لە روانگەی ئەم حەقیقەتانەوەیە کە نابێت موسوڵمانان لە هەر وڵاتێك بوون کە رافیزەی تێدا زۆرینە بوو، یان هەبوونیان شتێکی لەبەرچاو بوو، نابێت ئومێدیان بخەنە سەر ئەوان، نابێت بە هیوای دۆستایەتی و پشتگیری ئەوان بن، نابێت وا بزانن رافیزە دۆستایەتی ئەهلی سوونەت دەکەن تا ئەو حەقەی لای ئەهلی سووننەتە سەرکەوێت! نایانەوێت ئەحکامی شەریعەتی ئیسلام بچەسپێت، چونکە دەرکەوتنی و سەرکەوتنی ئەهلی سووننەت بە تەئکید کزبوونی رافیزەیە،

---

[1] ابن تيمية : مجموع الفتاوى ب ٢٨ / ٦٣٦.

چونکە ئەو کاتە ئەوان ناتوانن گومڕایی و شیرکیاتەکەی خۆیان بڵاو کەنەوە، بۆیە ئەوی رافیزەی شیعە دەیەوێت و پێی رازییە دوو شتە :

- بارودۆخێکی عەلەمانی سکوڵەریستی کە دەوڵەت دینێکی رەسمی تەبەننا نەکات، تا بتوانن سوود لە کەش و هەوای ئازادی دەوڵەت وەرگرن بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەب و پاشقوول گرتنی خۆیان، چونکە ئەو کاتە بە هۆی یاساوە ناهێڵن خەڵکێك بەرەنگارییان بوەستێتەوە ..

- یان بۆ خۆیان کیان و قەوارەی مەزهەبی خۆیان بسازنێن، ئەوەش ئاشکرایە کە ئیدی هەر خۆیان کاربەدەست دەبن و عارەب گۆتەنی (مینناو بینا) هەر خۆیان دەبن ..

ئەو کەسەی وورد مێژووی ئەوانی خوێندووە، چاك حاڵی دەبێت کە هەڵوێستی نەگۆڕییان چییە؟ هەڵوێستی نوسەیرییەکانی سوریاش دژی ئەهلی سووننەت لای هەموو کەس ئاشکرایە..[1]

دەبێت موسوڵمانان لەوە دڵنیا بن کە لەو وولاتانەی حیزبی عەلەمانییەت دەرکەوتووەو عەلەمانیەتیان کردۆتە عەقیدەو رێبازی سیاسی خۆیان نابێت

---

[1] ئەگەر ئەوانەی سوریا نوسەیری عەلەوین و بە رای زۆر لە زانایانی شیعەی ئیمامیش کافرن، بەڵام خۆ هەڵوێستی حکومەتی ئێران و هاوکاری کردنی ئەمریکایان لە رمانی تاڵیبانی ئەفغانستان ئاشکرایە (کە رەفسنجانی دەیووت ئەگەر ئێمە نەبووینایە ئەمریکا نەیدەتوانی تاڵیبان بە تەنها بڕوخێنێت) هەروەها هاوکاری کردن و رێکەوتنی ژێر زەمینیان لە داگیر کردنی عێراق و پاشان لە جینۆسایدی ئەهلی سووننەت لە فەلووجەو رۆمادی و تەلەعفەرو ناوچەکانی تری سوننەی عەرەب، کە میلیشیاکانی هێزەکانی بەدر - کە سەر المجلس الاعلان - پێشەنگی سوپای ئەمریکایی بوون بۆ وێرانکاری.. (و).

کۆمەڵە ئیسلامییەکان لێیان نزیك ببنەوەو بە ئومێدی پێکەوە کار کردن بکەونە هاریکاری، چونکە پێکدادانی ئیسلام و عەلمانییەت حەتمییە.. چونکە ئیسلام بەرنامەیەکی دینی و دینێکی گشتگیرە، کە دەیەوێت هەموو خەڵکی لە هەموو کاروباری ژیانیاندا خوا بناسن و ئەو بپەرستن و مافی یاسا دانان تەنها بۆ خوا تەرخان کەن و باوەڕیان وا بێت کە هەر کەس یاسای پێچەوانەی شەرعی خوا دەرکات موشریکە، ئیسلامێك کە دەیەوێت هەموو دانیشتوانی دارالاسلامەکەی بە پێی شەریعەتەکەی ئەو مامەڵە لەگەڵ یەکتری بکەن و بە پێی ئەحکامی دینی ئەو دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری خۆیان دامەزرێنن چۆن لەگەڵ عەلمانیەتێکدا دەگونجێت کە لەسەر بەرنامەیەکی لیبراڵی دادەمەزرێت کە یەکەم خاڵی پێناسەکەی ئەوەیە کە دین لە دەوڵەت جوێ دەکاتەوە؟! کە دەڵێت: گەل دەبێت نوێنەرانی خۆی هەڵبژێرێت و گەل لەو رێیەوە دەسەڵات بگرێتە دەست و دەستوورو یاسا بۆ خۆی داڕێژێت.. چۆن ئەم دوو دیدو دوو بەرنامە پێچەوانە پێکەوە دەسوڵحێن؟! هەر بەوەندەی لە چەند خاڵێکی سادەدا بەرژەوەندی هەردوولایان لێك نزیك بووەوە ئیدی دەتوانن پێکەوە هەڵکەن؟! ئەگەر راستەو بەڵێ وایە، باشە کامیان دەبێت تەنازول لە هەندێك بنەمای سەرەکی خۆی بکات؟!

شاراوە نییە کە عەلەمانییەت دینی نییە، دینی ئەو بەرژەوەندییە، بەرژەوەندی خۆی لە کوێ دیت، لەوێ دەیبینیتەوە، ئەمڕۆ لەبەر خاتری بەرژەوەندی خۆی لەگەڵ ئەم کۆمەڵ رێکەوتووە، سبەی بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییەکی تری پەیمانەکەی هەڵ دەوەشێنێتەوەو لەگەڵ کۆمەڵێکی تری پێچەوانەی دیدو رێبازو بەرژەوەندی کۆمەڵی یەکەم رێك دەکەوێت!! عەلەمانییەت هەڵوێستی نەگۆڕی

نییە، هەڵوێستەکانی هی ئەوانەیە کە خوای گەورە لە باسیاندا فەرموویەتی:
(مُّذَبْذَبِينَ بَيْنَ ذَلِكَ لاَ إِلَى هَـؤُلاء وَلاَ إِلَى هَـؤُلاء وَمَن يُضْلِلِ اللّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُ سَبِيلاً) النساء/١٤٣ واتە: ئەوانە ڕاڕاو دوو دڵ لەو نێوانەدان (لە نێوان باوەڕو کوفردا گیریان خواردووەو خۆیان ساغ ناکەنەوە) نە عایدی ئەوانن، نەعایدی ئەمانیشن، هەر کەس خوای گەورە - بە هۆی قەرار نەگرتنی خۆیەوە - گومڕای کات، هەتا هەتایە پەی بە ڕێبازی ڕاست نابات و بۆی نادۆزرێتەوە .

زەمینەی حەقیقی کۆمەڵکاری ئەم ئوممەتە ئیسلامییە، زەخیرەی حەقیقی بانگەوازی چەسپاندنی شەریعەتەکەی خوا، شەرعخوازەکان و ئەهلی کۆمەڵکاری ئیسلامی و زاناو داعیە دڵسۆزەکانی ئەهلی سوونەتن کە خەریکی کاری ئیسلامین، لەگەڵ هەبوونی دیدو بیروبۆچوون و شێوازی کارکردنیی جیاوازیشیانەوە، بۆیە دەبێت بەردەوامی هەوڵی یەکخستنی ووزەکان بدرێت، ووزەی هەموو کەتیبەو گروپەکانیان، تا هەموویان پێکەوە بۆ ئەم ململانێ و دەبەڕێك ڕاچوونە چارەنووسسازە بەگەڕخرێن، چونکە بەڕاستی ئەم ململانێ چارەنوسسازە پیاوی نەبەزو بە هیممەت دەهاڕێت چ جای بێ هیممەت.. کۆمەڵی خواوویست و بەجەرگی دەوێت نەك گروپی گەندەڵ و بەزیوو ..

**هۆ موسوڵمانیە**، ئەوەی لەم باسەدا گەیشتینێ، ئەم چەند خاڵە کۆکراوەیە:

* دۆستایەتی ئیسلام کە بریتییە لە خۆشوویستن و سەرخستنی، وە دوژمنایەتی کوفر کە بریتییە لە تەبەڕا بوون لێی و بوغزاندنی، ڕوکنێکی یەکخواپەرستین و بە هەڵوێستی جیاواز و بەرژەوەندی بگۆڕ ناگۆڕێت، ئەگەر هەر هەموو سامانی دنیا بخەنە بەر دەستی موسوڵمان، یان خۆری بۆ داگرن و بیخەنە لای ڕاستییەوەو

مانگی بۆ داگرن و بیخەنە لای چەپییەوە تا خیانەت لە دینەکەی بکات یان وازی لێ بهێنێت، نایکات، سووریشە لەسەر سەرخستنی دینەکەی، سا یان لە واقیعی ژیاندا سەری دەخات، یان لە پێناویدا دەڕوات..

* قبووڵ کردنی سەرپەرشتیاری کافران و بە راوێژکار دانانیان و ئیعتیماد کردنە سەریان کارێکی بنبڕ حەرامە و دەیان ئایەت و حەدیسی سەحیحی لەسەرە، کە دەیگەیێنێتە کوفری گەورەو هەڵگەڕانەوە لە دین، ڕۆشن نەبوونی ئەم مەسەلەیە هۆیەکی گەورەیە بۆ دروست بوونی ئەو دیدلێلی و روو وێلییەی موسوڵمانانی ئەمڕۆی تێ کەوتووە، ئەمە هۆی سەرەکی تێکەڵ بوونی ناوو نیشان و ناونیشانی موسوڵمانان و عەلەمانیەکانە، دەبێت موسوڵمانان ئەوە چاك بزانن کە بەجێهێشتنی ریزی موسوڵمانان و چوونە ریزی عەلەمانییەکان و وەستانەوە دژی چەسپاندنی شەریعەتی ئیسلام، لە ئیسلام دەرچوونەو هەر کەس وا بکات فڕی بەسەر ئیسلامەوە نامێنێت.

* مێژووی شیعەی رافیزە پڕە لە دوژمندارێتی و خیانەتکاری لە ئەهلی سوننەت و جەماعەت، بۆیە پشت پێ بەستنیان لەم ململانێی چەسپاندنی شەریعەتەدا هەر خەیاڵ پڵاوەو هیچی دی، چونکە عەلمانیەکان لە دڵی رافیزەکاندا نزیکترن وەك لە ئەهلی سووننەت و موجاهیدان و هەڵگرانی بەیداخی شەریعەت، رافیزە دەوڵەتی عەلەمانی هەزار قات پێ باشترە لە دەوڵەتێکی ئیسلامی کە ئەهلی سووننەت بهێننە دی، چونکە دەوڵەتی عەلەمانی بۆ ئەوان بێ پەرژینەو دەوڵەتی ئیسلامیش دڕکی چاویانە..

* ناشێت ئەهلی سووننەت و شەریعەتخوازان ئومێدیان بچێتە سەر عەلەمانییەکان و بەو هیوایەی لەگەڵ هەندێکیاندا بتوانن بەرەیەك دروست بکەن! نا، موسوڵمان بەرنامەی دینی خۆی هەیەو عەلەمانی بەرنامەی بێ دینی خۆی هەیە، موسوڵمان کە مەبدەئییە، عەلەمانی هەر رۆژەو لەسەر پەتێکە، بەرژەوەندی خۆی لە کوێ بێت، ئەو لەوێیە. موسوڵمان بۆی نییە کە پەیمانی مۆر کرد خیانەتی لێ بکات، عەلەمانی پێی گێلێتییە پەیمان بباتە سەر!!

* هەڵگرانی بەیداخی شەریعەت لە زانایان و داعیان و کۆمەڵە ئیسلامییەکان زەخیرەی حەقیقی ئەم ململانێ و دەبەرێك راچوونەن، بۆیە هەر هەوڵێك بۆ چەسپاندنی شەریعەتی ئیسلام - بێ ئەمان - بدرێت، دەوەن بە ئاشە، مەزاتێکی سیاسییە، هەر هیچ نەبێت جێی گومانە، دەنا کێ دەتوانێت بچێتە گۆنگەڵی ئەو شەڕەوەو ئەم موسوڵمانە سەر راستانەو ئەو هەموو زانا شەرعناسەو پیاوچاکانە لەگەڵ خۆی نەبات؟!

* بڵاو کردنەوەی هۆشیاری لەسەر ئەم مەسەلە عەقائیدیە بە ناو ئەهلی ئیسلامدا زەروورییە، چونکە بەشێکە لەو ئامادەباشییەی کە دەبێت بۆ ئەم جەنگە تووڵانییەی ئامادە کەین، دەبێت سوور بین لەسەر ئەوەی نەهێڵین ئەو جەماوەرە موسوڵمان و ئیسلامخوازەمان ببێتە زەلکاوی سەرەمێکوتەی عەلەمانییەکان، تا ئەوان گۆشەگیر ببن نەك ئێمەو ئیسلامەکەمان، تا خەڵکی بەرچاو روون بن کە بۆچی ئێمە داوای چەسپاندنی شەریعەتی ئیسلام دەکەین، تا بزانن کە دادی خواوویستی لەگەڵ دەسکورتی و هەژاری باشترە لە کوفرو دزی و

گزی عەلەمانی، با هیوای ژیانی خۆشیش بدەن، گەرچی لەوەتای ئەوان لەسەر حوکمن میللەتانی موسوڵمان هەر هیواو ئاوات کاوێژ دەکەن ..

**هۆ موسوڵمانینە**، ئەو دیدلێڵییەی لەم مەسەلە عەقائیدییەدا هەبوو ئەوە هۆکاری بوو کە ئەفسەرێکی کافری ئینگلیزی (لۆرەنس) بتوانێت هەر لەگەڵ ئاشکرا کردنی کافرێتییەکەی خۆشیدا لە ناوجەرگەی کۆمەڵ و خاکی موسوڵماناندا ببێتە فەرماندەی سەربازی سوپایەکی عەرەبی! هەمووشیان بۆ هێنانەدی ئامانجی ووڵاتەکەی خۆی بەریتانیا ئەم سوپا عەرەبیە پێش خۆیدا بۆ شەڕ کردن لەگەڵ لەشکری دەوڵەتی عوسمانی!! لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستە جوامێرانەی! عروبییەکاندا کۆمەڵێك بەڵێن بە ناوچەکە درا، کە تەنها بەڵێنی دروست کردنی ئیسرائیل هاتە دی!!

لۆرەنسی ئینگلیزی کە بوو بە لۆرەنسی عارەبان! دەڵێ: (هەموو ئەوەی لەو سەردەمەدا پێویست بوو بیکەین، تێکشکاندنی دوژمنەکانمان بوو، کە تورکەکان پێشەنگیان بوون.. من زۆر شانازی بەو ٣٠ سی جەنگەوە دەکەم کە فەرماندەێتییم کرد بێ ئەوەی بهێڵم یەك دڵۆپە خوێنی ئینگلیزێك برژێت! ئەنجومەنی وەزیران توانی عارەبەکان پاڵ پێوە نێت تا شان بەشانمان بێنە ئەو جەنگانەوە، بەرامبەر بە چەند بەڵێنێك کە پێیان درابوو، بەریتانیا پێی ووتبوون کە ئەگەر تورکەکانمان دەرپەڕاند دەسەڵات و حوکم دەدەینە دەست ئێوەی عەرەب! منیش چارم نەبوو هەر دەبوو تێکەڵ ئەم پیلانە بم و ببمە سەربازێکی یاریزان، ئیدی عەرەبەکان بەو هیوایەوە کارێکی بە بەرهەمیان لەگەڵماندا ئەنجام دا، هەرچەندە هەر لە سەرەتاوە دیار بوو کە ئەم بەڵێنانە لە باری

سەرکەوتنماندا، هەر مەرەکەبی سەر کاغەز دەبن، ئەگەر دڵسۆزیم تێدا بوایە دەبوو ئەو کاتە بە عارەبەکانم بووتایە بڕۆنەوە ماڵی خۆتان و شانازی بە وولاتەکەی خۆتانەوە بکەن، بڕۆن بۆ مشتێك درهەم و دینار خۆ مەخەنە کوشتارێکەوە کە لە قازانجتان نییە! بەڵام هەر ئەوەیانم پێ چاکتر بوو سەرکەوین با وادە بە خیلافیش دەرچین، با هەر پێمان بڵێن ئێوە بێ بەڵێن بوون، ئەمەیان باشترە لەوەی ببەزین).[1]

بۆ ئەوەی زیاتر ئەم لۆرەنسە بناسین، ئەم بڕگەیەی خوارەوەتان لە یاداشتەکانی وایزمان بۆ نەقڵ دەکەم کە یەکێك بوو لە سەرانی بزاڤی زایۆنیزم، ئەو دەڵێ: (لەم کاتانەدا کە هاتوومەتە سەر باسی مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان عەرەب و جولەکە، بە ئەرکی سەرشانمی دەزانم کە ستایشی هەموو هەڵوێستەکانی لۆرەنس بکەم کە بەڕاستی خزمەتێکی گەورەی بە کێشەی جولەکە کرد، من خۆم لۆرەنسم بینیووە، چەند جارێك لە میسر یەکترمان بینی و لە لەندەنیش بەردەوام بێ تەکلوفات و رەسمیات، دەهاتە ماڵم .

گومان لەوەدا نییە کە هەڵوێستی لۆرەنس لە زایۆنیزم هەڵوێستێکی زۆر دۆستانە بوو، هەڵەیەکی زۆر گەورەیە گەر هەندێك کەس وا بزانێت -مادام لۆرەنس هاوڕێی عەرەبەکان بوو- ئیدی دژی زایۆنیزم بووە).[2]

ئێستاش سەر لەنوێ بە هۆی ئەم دید لێڵییەوەیە دەبینیت خەڵکانێکی عەوام بە دەوری کوورە خەڵووزی مرددووی عەلمانییەتدا خول دەخۆن و باوەڕیان بەو

---

[1] محمد كاظم حبيب: مؤامرة فصل الدين عن الدولة لا ٨٤.

[2] لە دكتور احمد شەلەبی: کتێبی اليهودية وەرگیراوە لا ١٠٦ .

بەڵێنانە کردووە کە عەلەمانییەت پێی داون کە گوایە ژیانی خۆشیان بۆ مسۆگەر دەکات، حەزیان بەوە ختووکە دەدات کە لە داهاتوودا نانیان بۆ دابین دەکات، پۆشاکیان بۆ دەدورێت! داوو دەرمانیان بۆ مسۆگەر دەکات.. بە خەیاڵ ئەم هیوایانەیان دەداتێ و بە واقیعی دینەکەیان لێ دەستێنێت! ئاخر ئەگەر ئەو خەڵکە موسوڵمانە بینای دۆستایەتی و دوژمنایەتی خۆی لەسەر ئەساسی عەقیدەکەی بکردایە، یەك کەس بە دیار ئەوانەوە هەڵ نەدەتروشکا، چۆن کابرای موسوڵمان بەوە رازی دەبوو کافرێك کە دژایەتی ئیسلامەکەی دەکات و شەریعەتەکەی توورِ هەڵ دەدات، و بەو پەڕی چاو قایمییەوە هاوار دەکات دین لە دەوڵەت جوێ دەکەمەوە، موسوڵمان چۆن شوێن کابرایەکی ئاوا دەکەوێت؟!

لە کەم بایەخ دان بەم مەسەلە عەقائیدییەیە کە تەنانەت هەندێك سەرانی کاری ئیسلامیش دەبینین هەڵوێستە سیاسییەکانیان وەکو چەرخ و فەلەکی لێ هاتووە! رۆژێك لەگەڵ ئەم کۆمەڵ و رۆژێکی دی لەگەڵ ئەو گرووپ رێکەوتوون! هەندێك لەمانیش نەخشەی دۆستایەتی و تەبەڕا بوونیان بە گوێرەی رۆژ دەگۆڕێت!! لە جیاتی ئەوەی ئەوان بە هێزی ئاڕاستە ئیسلامییەکە ئەوان نامۆ بکەن، کەچی ئەوانی عەلمانیی توانیویانە هەندێك ریزی ئیسلامیان بسمن! توانیویانە هەندێك لە سەرانی کاری ئیسلامی بۆ خۆیان کەسب کەن چونکە هەڵوێستە سیاسیەکانی ئەو سەرکردە ئیسلامییانە عەقائیدی نەماون، هی ئەوانیش بۆتە هەڵسەنگاندن و بەراورد کردنی حساباتی نێوان سوودی زۆرو زۆرتردا! هەڵوێستی ئەوانیش - وەك هی کەرە عەوام - بەرژەوەندی کەسایەتی و حیزبی تێکەڵ بووە، ئەو هەڵوێستە ناقۆڵایانە چەند زیان بەخشن کە دەبینیت

کۆمەڵە ئیسلامییەکان وا لەسەر پرۆژەیەك یەکیان گرتووەو مژدە بە ئوممەت دەدەن کەوا هەموویان پێکەوە داوای چەسپاندنی شەریعەتی ئیسلام دەکەن، کەچی لە پڕێکدا یەکێکیان ئیعلانی جیابوونەوەی خۆی دەکات و نەك هەر بێ دەنگ دانانیشێت، بەڵکو لەگەڵ گروپێکی عەلەمانیدا بەرە دروست دەکات!! لەگەڵ براکانیدا نەسازا، لەگەڵ عەلەمانییە ناحەزەکاندا چۆتە یەك جەواڵەوە، بەرەی برایانی خۆی لاواز کردووە بۆ بەرەی عەلەمانیی! دەنگی لەوان دابڕیووە رای بۆ عەلەمانییەکە داوە تا زیاتر رێ لە شەریعەتەکە بگرن!!

ئاخر ئەگەر ئەم مەسەلەی دۆستایەتی و دوژمنایەتییە لەسەر ئەساسی کوفرو ئیمان دارێژرایە، ئەگەر بە راستی و بە قەدەر گرنگی خۆی لە دڵ و دەروونا بچەسپایە، ئەگەر لە بابەکانی ریددەدا بخوێندرایە، ئەوەندە بە سووك و ئاسان تەماشا نەدەکرا، هەڵبەت دەبووە مەسەلەیەکی عەقائیدی بنبڕو ئەوەندەی تەئویلاتی بەپەلەو بە پەڵەی بۆ نەدەکرا، ئەو کاتە لای هەموان ئەوە دەبووە بەڵگە نەویست کە هەر کەس دژی چەسپاندنی شەریعەتی ئیسلام بوەستێتەوە کافر دەبێت، ئەو کاتە ئەم هەڵوێستە ناحەزانەمان لە دوژمنانی شەریعەتەکە نەدەبینی، هەڵوێستی لەرزۆك و ترسنۆك و شەرمنانەشمان لە موسوڵمانان نەدەدی.. ئەو زەمانەش حەتمەن ئاوا نەدەبوو کە عەلمانیەکان بتوانن دینەکەمان بخەنە لاوەو شەریعەتەکەمان فڕێدەن بێ ئەوەی دڵۆپە خوێنێکی خۆیان بڕێژن!!!

# کۆتایی

لە هەموو بەشەکانی ئەم کتێبەدا ئەوە روون بۆوە کە چەسپاندنی شەریعەتی ئیسلام و راپەڕاندنی ئەحکامەکانی پەیوەندی بە ئەسڵی دینەکەوە هەیە، چونکە بەشێکە لە رازی بوون بە خوایەتی خوای گەورەو پێغەمبەرێتی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و بەرنامەی دینی خودی ئیسلام.. دۆستایەتی و دوژمنایەتیش هەڵوێستێکن کە دەبێت لەسەر ئەساسی باوەڕ هێنان بە خوای گەورەو پێغەمبەرێتی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دابمەزرێن، بۆیە هەر کەس کافری بە سەرپەرشت و دۆست و یاوەری خۆی دانا، یان کردنی بە راوێژکارو نهێنی موسوڵمان لا درکاندن، یان یارمەتیدان و لایەنگری بەرنامە کێشان و راپەڕاندنیان بوو ئەوە پەیوەندی ئیمانی خۆی لەگەڵ خوای گەورەدا پساندووە، چونکە لەم ململانێ و دەبەڕێك راچوونەی موسوڵمانان و دوژمنانیاندا خوای گەورە بێ لایەنی لە هیچ موسوڵمانێك قبووڵ ناکات، چونکە یان ئەوەیە لە ریزی ئەهلی ئیماندا دەبێت و وەکو ئەوان بەرگری لە دینەکەی دەکات، یان ئەوەیە چۆتە ریزی کافران و دۆستایەتی ئەوانی- لە ترسان یان لە برسان - کردووە، یان ئەوەشە بەزیوانە دووڕوو کەوتووەو نەلە ریزی ئەوانەوو نە لە ریزی ئەمانە!

دیسان ئەوە روون بۆوە کە ئەو بەڵگەو گومانانەی عەلەمانییەکان و لایەنگران و دەروێش و ئاڵقە لە گوێکانیان دەیجوونەوە، زۆر لە تەونی جاڵجاڵۆکە لاوازترەو ناتوانن لە حوکمی کوفرو مورتەدد بوونەوە رزگاریان کەن، ناشتوانن بە ئاشکرا بیهێننە مەیدانی موناقەشەو هەڵسەنگاندنی زانستیانەوە..

هەر عەلمانییەکیش هەر سوور بوو لەسەر دەمەوەری و بەرەنگاری شەریعەتی خوا دوای روون بوونەوەی ئەم هەموو بەڵگە شەرعییانە با بە باوەڕو دین و دینداری خۆیدا بچێتەوەو سواری سەری خۆی نەبێت، با لەوە دڵنیا بێت کە بەردەوام بوونی لەسەر دژایەتی ئەم دینە پەشیمان بوونەوەی دنیاو قیامەتی پێوەیەو ئاقیبەتیشی دۆزەخی هەردوولایانە ..

یەکێك لە گەورەترین بەربەرەکانێکانی ئەم سەردەمەی ئێستا، ئەگەر هەرە سەرەکیترینیان نەبێت، لەوەی کە رووبەڕووی موسوڵمانان بۆتەوە رامالینی ئەو پەردەو پەرژینەیە کە عەلەمانی خۆی لەو دیوویانەوە مەڵاس داوە، دەرخستنی درۆو دەلەسەی ئەو بانگەشە فشۆڵەیە کە وەك باڵۆن گازی سووکی تێکراوەو و بە ئاسمانی میللەتانی موسوڵماندا هەڵدراوە، زۆر زەرووریيە موسوڵمانان ماهییەتی ئەم باڵۆنە بۆ خەڵکەکە روون کەنەوە تا پێیان فریوو نەخۆن، تا چەواشە نەبن وا بزانن ئەوە قەبارەی راستی خۆیانە تا وانەزانن ئەوەی پێیانەوە دیارە رەسمەو حەقیقەت نییە، هەر بۆیەیەو پێی رەنگ کراون.. ئەرکێکی سەرەکی موسوڵمانانە نەهێڵن ئەم ژەهرەی عەلەمانییەت بە جەستەی ئوممەتەکەدا زیاتر بگەڕێت ..

بۆ فەزح کردنی عەلەمانییەت و رووبەڕوو بوونەوەی، پێش هەموو شتێك پێویستە ململانێکەی بگەێنرێتە ئەو ئاستەی کە دەیخوازێت: رۆشن، گرنگ، دژوار، بەردەوام.. پێویستە لە ناخی ئەهلی سووننەتدا حەقیقەتی عەلەمانییەت بچەسپێت، پێویستە لە ژیریياندا باش روون ببێتەوە، پێویستە لە بەرامبەر ئیرادەیاندا بە قەوارەی خۆی، کاریگەرێتی گرنگی دەرخرێت، تا هەموو ئوممەت

بزانێت خۆی بۆ چ دەبەڕێك راچوونێكی عەقائیدی توولانی ئامادە دەكات.. بێ ئەم روون كردنەوەو دەرخستنی حەقیقەتی ئەم ململانێیە زەحمەتە كۆمەڵە ئیسلامییەكان و زانایانی ئەهلی سووننەت و بیرمەندو داعیە دڵسۆزەكان بە تەنها خۆیان بتوانن عالەمانییەت ببەزێنن، بۆیە دەبێت پێش هەموو شتێك میللەتانیان لێ تێبگەیێنرێت، جەماوەرەكەیان لێ حاڵی بكرێت كە عالەمانییەت كوفرە، حیزب و گروپەكانی كافرن، هەر كەس بانگەشەكەی بڵاو كاتەوە كافر دەبێت بۆ ئەوەی كۆمەڵێك كلكە مەلای رەسمی سەریان لێ نەشێوێنن و هەر وا بدەن بە گوێیاندا كە نەخێر ئەوانیش موسوڵمانن، بە بەهانەی ئەوە كە گوایە ئەو عالەمانییانە خۆ وەكو كۆمۆنیستەكان نكوڵی لە هەبوونی خوا ناكەن!! ئەگەر ئەمە نەكرا ئامانجی سەرەكی كۆمەڵە ئیسلامییەكان بە هەدەر دەڕوات، هۆی مانەوەیان نامێنێت، چونكە لە ژێری شاراوەی خەڵكیدا ئەوە دەچەسپێت كە جیاوازی نێوان ئەم گرووپە عەلەمانیانەو ئەو گرووپە ئیسلامییانە هەر ئەوەندەیە كە لە هەموو ئیسلامییەكان نوێژ دەكەن، بەڵام هەموو عەلەمانیەكان نوێژ ناكەن لەولاشەوە كلكە مەلاكان دەڵێن: خۆ ئیسلامەتی هەر بە نوێژ نییە !

كەوابوو ئەوەی یەكەم هەنگاوی ململانێكەیە ئەوەیە: كە موسوڵمانان دەبێت عالەمانییەكان بناسێنن، دیدی فیكری و بەرنامەی سیاسیی و هەڵوێستی حەقیقییان بۆ خەڵكی روون كەنەوە ..

شەریعەتی ئیسلام بۆ ماوەی چواردە سەدەی رەبەق تاكە سەرچاوەی یاساو رێسای هەموو لایەنێكی ژیانی ئەو كۆمەڵگە بەرفراوانەی خۆی بوو كە نیوەی سەر زەمینی ئەو سەردەمەی گرتبۆوە، لەگەڵ ئەوەشدا كە هەموومان دەزانین

كە كاتی وا هەبووە یان ناوچەی وا هەبووە یان دەسەڵاتداری وا هەبووە كەم یان زۆر لە شەرعەكە لایداوە، بەڵام هەرگیز ئەوە ڕووی نەداوە شەریعەتی خوا كەنار خرێت و یاساو رێسای تر بهێنرێتە جێی، مەگەر لە حاڵەتێكی دەگمەنی وەكو سەردەمی تەتار كە ساڵی ٦٥٦كۆچی بەغدایان داگیر كردو بە یاسای خۆیان حوكمیان كرد، بەڵام تەنانەت لەو سەردەمەشدا تەتار حوكمی ناوخۆیان بە یاسقەكەی خۆیان دەكرد نەك حوكمی موسوڵمانان، چونكە داوەری نێوان موسوڵمانان لەو سەردەمەشدا هەر شەریعەتی ئیسلام بوو، ماوەی كات و شوێنی ئەو سەردەم وحوكمەش زۆری نەخایاند كە ئیدی دەسەڵات و سەروەری بۆ شەریعەتی ئیسلام گەڕایەوە، ئەمما ئەوەی ئەمڕۆ هەیە، ئەوەی دوای هەشتا ساڵ لە رمانی دەوڵەتی عوسمانی روویداوە، ئەوە هەر بە خەیاڵی هیچ زانایەكی ئیسلام و شەرعناسێكیدا نەهاتووە، كەسیان تەسەوری وایان نەكردووە، كەسانێك بە ناوی ئیسلام خۆیەوە بێن و خۆیان بە موسوڵمان بزانن و جورئەتی ئەوەیان هەبێت شەریعەتی خوا تووڕ هەڵدەن! و یاساو رێسایووڵات و كۆمەڵگەی كافران بهێنن و بە زۆر بە سەر موسوڵمانانیدا بسەپێنن، چونكە ئەوە بەڵگە نەوویست بووە لایان، كە هەر كەس وا بكات كافری موتڵەقە و كوشتاری فەرزە..

لەبەر ئەوە سەیر نەبوو كە ئوممەتی ئیسلام دوای ئەو تاسان و لە هۆشچوونەی، بێتەوە سەر خۆی و هەست بكاتەوە كە ژیانی بە بێ شەریعەتی ئیسلامەكەی هیچ نییە، هۆش هاتەوەو هەستی كرد كە تۆوێكی نامۆو غەریبییان لە دارالاسلامە كۆنەكەیدا چاندووە، هەستی كرد كە ئەگەر راستەو ئوممەتێكی

موسوڵمانە، چۆن رازی دەبێت یاسای ئوممەتانی تری بەسەردا بسەپێنن! خۆ ئەوەتا هەموو ئەوروپای رۆژهەڵات - کە بێ دینیشن - رابوون و هەستاونەتە سەرپێ بۆ سڕینەوەی هەر برگە یاسایەك کە بە زۆر بەسەریاندا سەپاند بوون! بۆ مەفح کردنەوەی هەر دیدو بیرێك کە بە ئاگرو ئاسن بەسەریاندا چەسپاندبوون، مەگەر عەیب و عارێکی زەمانە نییە کە ئەم ئوممەتەش - کە خۆی بە ئوممەتی ئیسلام و پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەزانێت - دیدو بیری نامۆ وەرگرێت و سەر بۆ یاساو رێسای کوفر شۆڕ کات؟! مەگەر نابێت ئەم ئوممەتە ديندارە راپەڕێت و دینەکەی خۆی بپارێزێت، هەر وەکو بە درێژایی مێژووی خۆی هەر لە زەمانی دەستپێکیەوە لە مەککە تا پێش هەشتا ساڵ لەمەوبەری بە رووی داگیرکەرانی ووڵاتیدا رادەپەڕی و دین و دیدی رادەماڵین؟!

دوژمنانی ئیسلام کە هێمای خیلافەتی ئیسلامییان لە ئیسلامبوول ڕمان و سەربازی ئیستیعماری خۆیان بە جیهانی ئیسلامدا وەرکرد، کە حکوماتی ئاڵقە لەگوێ و خائینیان لە ووڵاتی موسوڵماناندا وەکو پەیکەر چەسپاند، وایان دەزانی ئوممەتەکەشیان لەگەڵ منارەکەی ئیسلامبوولدا ڕماندووە، وایان دەزانی ئەوەی خستیان و ناشتیان لاشەو گیانی دین و ئوممەتەکە بوو، بەڵام سوپاس بۆخوا، وا نەبوو، هەستیان کرد ئوممەت هی ئەوە نییە بفەوتێت، ئینجا کەوتنە کلکەژنەی عەلمانییە ئاڵقە لەگوێکانی خۆیان تا بە ئاگرو ئاسن بەرەنگاری ئاڕاستەی ئوممەتەکەش ببنەوە، ئەوانیش ماوەی ئەم هەشتا ساڵە درێغییان نەکردو هەرچی لە توانای خۆیان و ئاغاکانیاندا هەبوو خستیانە کار، هەرچی شێوازی ریشەکێش کردن هەیە گرتیانە بەر بەڵام الحمدلله ئەمڕۆی ئوممەت لەو رۆژەی

بەهێزترە كە منارەكەی ئیسلامبوولی تێدا روخا!! رابوونی ئیسلامی ئەمڕۆ خاوەنی خوایە، بۆیە خاوەنی خۆیەتی و ژمارەی هاوكێشەی سیاسییە و هیچ پارسەنگێك لە هیچ جێیەك بێ ئەو نابێت ..

ئەم رابوونە ئیسلامییەی وەك لافاو كوفری راداوە مژدەكەی پێغەمبەرە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كە دەیفەرموو: (لاتَزالُ طائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي قَائِمَةٌ بِأمْرِ اللهِ لايَضُرُّهُم مَنْ خَذَلَهُمْ او خَالَفَهُم حَتَّى يَاتِيَ اَمْرُ اللهِ وَهُمْ ظاهِرونَ عَلَى النَّاسِ)[١] واتە: دەستەیەك لە ئوممەتەكەم هەر بە پابەندی بە دینەكەی خواوە بەردەوام دەمێننەوە، ئەوی پێچەوانەیان رەفتار كات، یان سەریان نەخات، هیچ زیانێكیان پێ ناگەیێنێت، هەر وا دەركەوتوو سەركەوتووش دەبن تا ئەو كاتەی خوای گەورە فەرمانی خۆی دەدات ..

ئەم رابوونە بەرهەمی ئەم دەستە دیندارە بەجەرگەیە، كە پێشەنگی ئەم كاروانی بەرەو خوا گەڕانەوەیە، رێك و راست و بێ باك بە رووی هەموو فاك وڤفیكێكی دوژمناندا وەستاوەو بە ئارامی پێغەمبەرانەوە رووەو ڕووی میحنەت وڤناسۆرو ژانی رێگا دەبێتەوە، لە پێناوی رەزامەندی خوای گەورەدا هیچ شتێكی لا بە نرخ نییە، نە گیان نە سامان نە كات ..

**هۆ موسوڵمانینە**، رەورەوەی ژیان بەرەو دواوە ناگەڕێتەوە، ئەم رابوونەش كاروانێكەو كەوتۆتە ڕێ تازە بە پشتیوانی خوای خاوەنی تا نەگاتە یەكێك لە ئامانجەكانی ناوەستێت: یان شەهیدی و ڕووسووری لای خوای میهرەبان یان سەرفرازی و سەركەوتنی دینەكەی و چەسپاندنی شەریعەتەكەی لە واقیعی ژیانی

---

[١] بوخاری و موسلیم.

کۆمەڵگەیەکدا کە لە ژێر سایەی خواوویستیدا دەبن، هەر رۆژێکی نوێش کە لە وولاتی موسوڵمانان و کافران هەڵدێت خەڵکی نوێ لەگەڵ ئەم کاروانەی رابوون دەکەونە رێ، لە بەرامبەریشدا دوژمنانی ئیسلام لەگەڵ هەر رۆژێکیاندا هەنگاوێك دێنەوە دواوە.. رابووان رۆژانە گورز لە پەیکەری ماندووی ئیستیعمارو حوکمی گەندەڵی عەلەمانییەتی دەدەن و لەگەڵ هەر گورزێکدا دەتاسێن و پێش هۆش هاتنەوە گورزێکی تریان بەردەکەوێت ..

پەردە راماڵین لە رووی مڕومۆچی سیستمە عەلەمانییەکان و کەشف کردنی حەقیقەتی بەکرێگیراوییان و پلان و پیلان گێڕانیان دژی ئیسلام و ئوممەتەکەی، یەکەمین ئەرکی سەرشانی داعیانی ئیسلامی و کۆمەڵە موسوڵمانەکانە، ئەمەش بەردێکی سەرەکی بناغەی رابوونە ئیسلامییەکەیە..

هەروەها کەشف کردنی زەندیق و دووڕووەکان و فەزح کردنیان ئەرکێکی تری رابوونەو هەنگاوێکی تری بەرەو پێش چوونە، لەم کارەشدا نابێت ئەهلی رابوون گوێ بدەن بە ناوو نیشان و ناونیشانی ئەو دووڕووانەدا کە ئیستیعمار و دوژمنانی تری ئیسلام کردوویانە بە شان و باهووی ئەهلی سیاسەت و بیرو ئەدەب و هونەردا..

هەروەها بڵاو کردنەوەی هۆشیاری ئەوەی کە: چەسپاندنی شەریعەتی ئیسلام پەیوەندی بە ئەسڵی دینەوە هەیەو چەسپاندنی یاسای داڕێژراوی خەڵکی هەڵگەڕانەوەیەکی ئاشکرایە لە ئیسلام.. ئەمەش ئەرکێکی تری رابوونی ئیسلامییەو پێویستە بیگرێتە بەر ..

زیندوو کردنەوەو گەشاندنەوەی فەرزی جیهاد و زۆرانبازی کافران و ئەو تاغووتانەی ناهێڵن شەریعەتی خوا بچەسپێنین ئەرکێکی ترو هەنگاوێکی تری رابوونە ..

گەڕانەوەی خوشکان بۆ حیجاب و باڵاپۆشی، وەك بەجێ هێنانی فەرزو نیشانەی گەڕانەوە سەر ئیسلام، ئەرکێکی ترو هەنگاوێکی تری رابوونە ..

داهاتووش هەر بۆ ئەم ئیسلامەیە، سەرکەوتنی خواش حەتمەن دێت، فەرمایشتی خوای گەورەش حەقەو ئەویش رێنمایی رێگەی راست دەکات.

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی وەرگێڕ بۆ چاپی دووەم | ٩ |
| پێشەکی وەرگێڕ بۆ چاپی یەکەم | ١٣ |
| پێشەکی نوسەر | ١٥ |
| بەشی یەکەم: چەسپاندنی شەرع و پەیوەندی بە پەروەردگارێتی وپێغەمبەرێتی و ئیسلامەوە | ٢٤ |
| بەشی دووەم: چەسپاندنی شەرع و پەیوەندی بە یەکخواپەرستییەوە | ٥٦ |
| بەشی سێیەم: چەسپاندنی شەرع و پەیوەندی بە باوەڕەوە | ٦٦ |
| بەشی چوارەم: کۆڕای ئوممەت لەسەر کوفری ئەو کەسەی داوەری ناباتە لای قورئان و سوننەت | ٨٢ |
| بەشی پێنجەم: گومانەکان: کُفرٌ دُونَ کُفر | ١٠٨ |
| بەشی شەشەم: دۆستایەتی و دوژمنایەتی | ١٣٨ |
| کۆتایی | ١٦٩ |
| ناوەڕۆک | ١٧٨ |

**زانكۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی زادی**
**(زادی ڕێمان)**

**ماڵپەڕ**
zadyreman.com

**ئامادەیی ئامەد**
www.amadaiyamad.com

**پەڕەی فەیسبووك**
fb.com/zadyreman

**هەژماری تویتەر**
twitter.com/zadyreman

**ئیمەیل**
zadyreman@gmail.com